# گوڵەکانی خاک

ڕۆمان

پێشکەشە بە:

داریای باوکم (مام قادر) کە بەدرێژایی ژیانی هەر بە ڕێگاوە بوو نەگەیشتە شار.

وەرگێڕ

زاهاریا ستانکۆ

# گوڵەکانی خاک

ڕۆمان

وەرگێڕانی:
سەرۆ قادر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

زاهاریا ستانکۆ
گوڵەکانی خاک - ڕۆمان
وەرگێڕانی: سەرۆ قادر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٤٨
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٨٧٩ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: ژاڵە یوسف
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-488-18-5

سێ کــەس بووین، لە بەلەمــێکدا بە دانووبدا دەچووینە خــوار. لە ڕاست ڕاگرتنی سووکانەکەی بەدەر ماندووبوونێکی هێندەی نەدەویست کە ئەویش پیرەمێردی ریشن، مام «لایۆش ئۆپریشۆر» بەخۆیەوە نووساندبوو. پاڤیلیش بۆ خـۆنیـشـانـدان، بە هەمـوو هێـزی خۆی سـەلپـەکـانی هەڵدەسـووڕاندن و بەناخی ئاوە لێڵەکەدا دەیبردنە خوارێ. بەلەمەکەش بۆ چەند ساتێک شەپۆڵە کەفـدارەکانی لێک دەقـەڵاشت کە بـەبڵقی سـپی دەڕازانەوە. ئینجـا سـووک دەگەڕایەوە ئاستی خۆی و دادەسەکنا. ئەگەر توانیبامـان هەر بەناوەڕاستی زێدا بڕۆین، ئەوە لای عەسرێ دەگەیشتینە «جۆرجیۆ».

دیاربوو کـە نەمـان دەتوانی تا سـەر بە ناوەڕاسـتی ڕووبارەکـەدا بڕۆین. کـەشـتیـیـە باربەرە گەورەکـان بە ناوەڕاسـتی زێدا دەڕۆیـشـتن- دروست بەو شـوێنەی کـە لە هەمـووان قـووڵتـر و لێـژتر بوو. یەدەگە زەلامـە ڕەشـەکان بە دواوەی کەشتییەکانەوە خرابوون و ملاوملی لە گەنج بوون.

– ئەم ئەڵمانییانە، لێک لێک دانەوێڵەکەی ئێمە دەبەن، هەرچەندی دەشبەن کۆتایی نایە. وەک بڵێی بنی لە ئاودایە.

– ئادی، هەرواشە.

ئەگەر کەس گوێی لە قسەکانی ئێمە بوایە، دەنگمان غەمگین و پڕ لە کینە دەهاتە بەرگوێ. بەڵام خۆ جگە لە ئاو و تیشکی ڕۆژ، هیچی تر لەو نێزیکانە نەبوو. زۆربەی کاتەکەمان بە کاوێژکردنەوەی بیرەوەرییەکانمان دەگوزەراند و جارجاریش چەند قسەیەکمان بۆ کات بەسەربردن ئاڵوگۆڕ دەکردن.

ساڵی ١٩١٤ روو لە کۆتایی دابوو کە هەواڵی جەنگی جیهانی بڵاو بووەوە. بازرگانانی گەنم و زوڕات– کە ئەو کات بە عەلاف بەناوبانگ بوون– وەزعیان لە هەموو کاتێک باشتر بوو و لەناو کۆی پارەدا گەوزیان لێ دەدا.

– ئێستا دەبی دانەوێڵە بۆ ئینگلیزەکان بەرین. ئەڵمانییەکان تێ هەڵدە. ئینگلیزی هەم پارەی زیاترە و هەمیش لە کاروباری بازرگانی باشتر شارەزایە، خۆ وەکو ئەڵمانییەکان نین لەسەرماڵی خۆت پاژ پاژ پارەت بدەنێ. جگە لەمەش، ئینگلیزی زیاتریش پارە دەدا، ئەویش ئاڵتوونی بێ خەوش واتە لیرەی ئەسترلینگ.

– باشە ئەو ئینگلیزانە چ پێویستییان بە گەنمی ئێمەیە؟ ئێستا ئەوە چەندین ساڵە– نێزیکەی دە ساڵ– گەنمیان لێ نەکڕیوین.

– ئاخر چونکە پێویستییان پێ نەبوو. ئێستاش کە دەیکڕن هیچ دەردێکی ئەوان دەوا ناکا... خۆ ئەگەر لە برسانیش بمرن، ناتوانن گەنمەکانیان ببەن. ڕێگەوبانەکان بەستراون و ڕێگە دەریاییەکانیش هەروان. گرمە گرمی تۆپان لە هەموو شوێنێک بەرگوێ دەکەوێ، تەنیا وڵاتی ئێمەیە کە بێدەنگی مەرگ دایگرتووە، تا کەی؟... دیار نییە.

– سەرئەنجام چی؟

– ئێستا وا ئەو گەنمانە دەکڕن تا نەکەوێتە دەست ئەڵمانییەکان.

– ئەمەش خۆی شتێکە؛

– جگە لەوە شتێکی تریش هەیە کە بەمێشکی هیچ کەسدا نایە.

کاتێک جەنگ تەواو بوو– کە تەنیا خوا دەزانێ کەی دەبێ؟ ئینجا نۆبەی گرانی دێ. ئینگلیزەکان دێن و گەنمەکانیان بار دەکەن و بە دووسێ بەرابەر قیمەت– لەوانەیە بەزیاتریش– دەیفرۆشنەوە.

لە (ئۆمیدا) هەر کاتێک دەمدی دەلاڵە یۆنانییەکان لەسەر قیمەتی گەنم دەمەقاڵێیان بوو، سەرم سوڕ دەما لە هەمان کاتیشدا لە نێزیک ئێزگەی شەمەندەفەر و تەنیشت عەمبارە کۆنەکان، خێرا چەند عەمبارێکی تازەیان دروست کرد، هەمووویان گەورە و فراوان. بازرگانەکان بە پەلەپرووزە عەنبارەکانیان لە گەنم و جۆ و چاڤدار و جۆی دووسەر پڕ دەکردن، دەرگەکانیشیان بەچەند قوفڵێکی گەورە و سەنگین بە ئەندازەی گوڵی (تاج الملوکیان) دادەخستن، بەرهەمی سی ساڵ دانەوێڵە کە پێشدان بۆ دەرەوە دەنێردرا، لەناو عەنبارە گەورەکانی نێزیک ئێزگەی شەمەندەفەر– کە بە شارەزایی کەڵەکە کرابوو– لە رزین و خەساربووندا بوو.

لە کۆتاییی ساڵی ١٩١٦، سەربازە سەرتاپا چەکدارەکانی ئەڵمانیا– کە ئاگری جەنگ شێتی کردبوون– بەرەکانی کارپات و دانووبیان تێک شکاندن و ڕۆمانیایان تا لێوارەکانی خوارووی مەڵدافیا و سۆلینا، داگیر کرد. ئەو تالانەی ئەم سەربازە چاوبرسییانە دەستیان پێ کرد، بە پێچەوانەی ئەوەبوو کە چاوەڕوان دەکرا و بەمە گشت حسابەکانیان تێک دا.

لە کاتیی پاشەکشە دڵتەزێنەکەی سەربازەکانی خۆمان، کە هیچ حسێبی بۆ نەکرابوو کەس بەعەقڵیدا نەدەچوو ئەو عەنبارانە ئاگربدا. ئەڵمانییەکانیش ئەوسا نەگەیشتبوونە جێ، بەبێ دواکەوتن، خێرا ئەو گەنمەی ئینگلیزەکان کڕیبوویان، خستیانە سەر شەمەندەفەرە بێ سەروبنەکانی خۆیان بەرەو وڵاتەکەیان قاڵیان دا. گەنمی سایلۆ زلەکانی دوبروجا و بەندەرەکانی دانووبیشیان کۆکردەوە و لە کەشتییە

یەدەگکێشـەکانی خـۆیان نا و ڕەوانەی ناخی دڵە بێ خـوێن و مـردووەکـەی ئەڵمـانیـایان کرد. کەشـتییە یەدەگکێشـەکان دایم لە هامـوشـۆدا بوون، بۆیە ئێـمـە ناچاربووین زیاتر لە لێـوارەوە بڕۆین و بەدەوری شـوێنە قامـیشـەڵانەکاندا بسـوورێینەوە. هەندێک جاریش بەتەنیشـت دوورگـە بچووکەکاندا تێدەپەڕین.

خـۆری هاوین بەسـەر پانتـایی بێ سنووری ئاو و خـاکدا لە مـەلەدا بوو. شنەی با، بۆنی دڵگیـری سـەوزەگیا و فـەریکە گـەنمی، لە قـەراغ دانووبەوە بەرەو ئەوپەڕی ئاسـۆ دەڕفـاند. بەسـەر پارچە قـەوزەیەکـدا رابووردین و گەیشتینە لێواری دوورگەیەکی بەچنار و کۆلکە بی و پڕاوپڕ لە زەنەک... هەوا سارد بوو. دوورگەی گۆرینیش هێندە ئارام و هێمن بوو تەنانەت گیزە گیزی هەنگەکانیش بەگوێ دەگەیشتن.

– دوورگەی گورگان...

سەرەنجام کۆڵە گرێی ژانەکانی دڵی مام «لایۆش ئۆپریشۆر» کرایەوە:

– کۆن ئەم دوورگەیە پڕ گورگ بوو، بەڵام ئێستا تەنانەت یەکێکیشت بۆ نادۆزرێتەوە. لە کۆندا زۆر شتمان هەبوون کە ئێستا نەمانماوە. بەڵام هەنگ ئێستاش هەر ماون. کون و قوژبنی درەختان پڕە لە شانە هەنگوین. زەمانی ئاشتی، ڕۆمانییەکان سـواری کاریتەی درەختـان دەبوون و لە «لاکـریما» تێدەپەڕین و بەدزی خـۆیان دەگەیاندە ئێرە و دەستیان بەهەنگوین دەرهێنان دەکرد، بەڵام ئێستا (قەدەغەیە). پاش ماوەیەکی تر ئەڵمانییەکان دێن و هەموویان کۆ دەکەنەوە، هەتا هەنگەکانیش دەگرنەوە و ڕەوانەی وڵاتەکەی خـۆیانیـان دەکەن. ئەڵمـانی هەر دەڵێی کلۆن هەرچی بکەوێتە بەر قـەپیـان دەیجـوون! دانەوێڵـە، گوێلک، خوری و دار و... ئەوانەی لە ناخی زەویشدان نایانهێڵنەوە و دەریان دێنن و دەیانبەن. چیمان بۆ دەهێڵنەوە؟ پێستی سەر هێسکانمان، خۆ گومانم لەویش هەیە نەیبەن...

زەمانی ئاشتی... قسەمان لە گوێدا زۆر خۆش بوو. کەچی ئەوە ماوەیەکی زۆرە جگە لە فەرمانی ترسناک قسەی سووک و هەواڵی جەنگ و تالان و ئەشکەنجە و سەقەتبوون و مردن، هیچی تر نابیستین. ساتێ ئاشتی!... دەڵێی قەت ئاشتی لەم نێوەدا نەبووە.

بیرەوەری زەمانی ئاشتی لە هەموو دنیا لێکترازاوە و لە ڕابردوویەکی زۆر دێریندا تواوەتەوە.

لە سنووری خوارووی «مەلداڤیا»وە جەنگ هەموو شتێکی ڕاپێچیوە. خۆ ئەو جەنگە زۆر لە ئێمە دوور بوو تەنانەت دەنگی گوللەیەکیشمان نەدەبیست. بەڵام پێکدادانەکانی سەرلێواری دانووب، هەنگاو بەهەنگاو دەهاتە پێشەوە: کەلاوەی گوندە سووتاوەکان، تۆپی شکاو، فارگۆنە پڕ تەقەمەنییە ئاوەژووبووەکان، قۆڵت و سەنگەری چۆڵکراوی گژوگیا لێ رواو، نووکی خاچی کورتیلەی سەرگۆڕان و هەندێک جاریش کڵاوی سەربازە ئەحتیاتەکانی ڕۆمانی یان کاسکێتی پان و قووڵی ئەڵمانییەکان، بەرچاو دەکەوت.

کاتێک بەرەی ناوچە شاخاوییەکانی «ژیو» و «ئولت» تێکشکا ئەوە سەربازەکانی خۆمانیش بەبرسێتی و بێ ئومێدی و سەرلێشێواوییەوە پاشەکشەیان کرد و ئەڵمانییەکانیش بەخەیاڵی ئاسوودە بەرەو بەرەکانی باڵکان شۆڕبوونەوە. هەرچەند لە ڕێدا بەسەر بەرەنگاری هەندێک ستوونی بچووکی سەربازە ئەحتیاتەکانی قەراغ دانووبدا کەوتن، بەڵام بەوپەڕی زەبروزەنگەوە بەرەنگارییەکەیان تێکشکاند و شەوانەش بەکەڵەک و پردی شناوەر لە دانووبیان دا و پەڕینەوە ئەمبەر.

– لە دوورگەی گورگانیش شەڕ ڕووی دا. لەناو زەنەکەکاندا چەند پیرە سەربازێکی بەخت هەڵگەڕاوەیان لەگەڵ دوو تۆپ دۆزییەوە. ئەڵمانەکان هەموویانیان تا دوا نەفەر دایە بەر شیلگەی رەشاش و نوقمی زۆنگاویان

کردن... ئەرێ بەڕاستی ئەم دانووبە چەندەی خوێن بەخۆیەوە دیوە؟!

پافیل سەڵبەیەکی توندی لێداو بەلەمەکە کەوتەوە لێژایی ناوەڕاستی زێ. قەراغی دانووب بەلای بولگاریاوە بڵند و پڕ کەند و چۆمە. لەو شوێنانەی نشێوی لێوارەکان مەیلەو ڕاستن، ئەوە خەڵک لە نێزیک قەراغەکاندا کوێرەدێ، یان دێی گەورە و شارۆچکەیان ڕاست کردوونەتەوە. خانووە بان نەوییەکانیان کە دەتگوت چەپۆکت بەسەرا کێشاون و زیاتر بەزنج و کۆڵیت دەچوون پێش هەمووشتێک هەواڵی دەستکورتی و هەژاریی دانیشتووەکانیان پێ ڕادەگەیاندی، کۆڵانەی خواروخێچ و پڕ لە تەپوتۆز، گونبەتی کورتیلەی کڵێسا غەمداگرتووەکان و منارە نووک تیژەکانی مزگەوتان، گشتیان لەم موڵگایانەدا وەک یەک دەچوون.

ئێستاش، تورک لە بولگاریا دەژین، پیاوەکانیان چیت لەسەر دەنێن و پانتۆڵی فش هەڵدەکێشن.. ژنەکانیان عەبا بەخۆدا دەدەن و لەودیو پەچەکانیانەوە، دووچاوی بادەمی و ڕەش دیارن کە مۆنییان لێ دەبارێت. هەڵبەت تورکەکان خۆ ئێستا لە کۆشکی میریدا ناژین و ئەسپ و شمشێریان نەماوە، هەژاری پشتی هەموویانی شکاندووە!

لە قامیشەلانێکی نێزیک ئێمەوە باڵندەیەکی جەنگەڵی هەڵفڕیو بەسەر بەلەمەکەماندا باڵی گرت. زۆر بەزەحمەت دەیانتوانی لەشە سەنگین و گۆشتنەکەی بە ئاسمانەوە ڕاگرن. مراویلکەیەکی سنگ سپیی دەریاییش، لەلایەکی تری بەلەمەکە وەک تیری کەوان بۆی دەرچوو.

– وەختێک باڵندە بە ئاسماندا دەفڕێ، هیچ شوێن پێی بەجێ دەمێنێ؟

– نا مام «ئۆپریشۆر» شوێن پێی باڵندە لە ئاسمان دیار نییە.

بەلەمیش لە ئاودا وایە.

– ڕاستە.

- پاڤیل!:..

پاڤیل لە تریقەی پێکەنینی دا و هەند پێکەنی وەختابوو بپسێ: هەر باش بوو لای کەم، خەندەی یەکێکم بینی. زۆر لەمێژ بوو بزەی هیچ کەسم بەرچاو نەکەوتبوو.

لە رۆخ بەلەمەکە خۆم شۆڕکردەوە و بە ئاوی زەرد و ڕەشی دانووب یاریم دەکرد دەستێکی تەڕم بەدەموچاومدا کێشا. ئاوەکە شیرتێن بوو. لەژێر لێوانەوە بەوردی تێم هەڵکرد:

حەلەزوونی کلک بڕاوە

قۆچت بۆ کام لا پەڕاوە؟

بۆ لای دانووب دەچی خۆ

تا ئاو بنۆشێ لە جۆ

ئەوا دەڕۆی بۆ ناو چۆم

تا هەڵقوڕێنی ئاوی گۆم

هەڵدەگەڕێیتە سەر درەخت

گەڵا دەجوی سفت و سەخت

- بەم چەشنەیە حەلەزوون هەردووک قۆچەکانی دەردێنێ. وانییە؟

- بەدی، وایە.

هەر کە قۆچەکانی وەدەردەخستن، منیش خێرا دەمخستە سەر سەوزەگیا و دەکەوتمە تەماشاکردنی. جا کە قاوغە لووس و لۆچ لۆچەکەی بەپشت خۆی دادەهێنا، ڕێچکەیەکی سپی و ڕەنگ زیوی بەدوا خۆیدا دەکێشا. ئەو ڕێچکەیەی کە نیشاندەری گوزەرکردنە بەسەر خاک و دەست کوتانە بەدوای ژیاندا.

ئەگــەر من جلـەکـانم دابکەنم و خــۆم بهـاوێمــە ناو زێ، ئەوە دەتـوانم بە مـەلـەکردن مـاوەیـەک بەدوای بەلەمـەکـەدا بڕۆم. هـەر کـە مـاندوو بووم، لێـوی بەلەمـەکـە دەگرم و- بەبێ ئـەوەی وەرگەڕێ- دووبارە سـوار دەبمەوە. تا خـۆم وشـک دەکەمـەوە هـەندێکیـش لەبەر سـەرمـا دەلەرزم. لەو کـاتەدا لە پشـتـەوەی بەلـەمـــەوە ســـەیری ناو ئـاو دەکـــەم بزانم هـیـچ شـــوێن پێم بـەجێ مـــاوە؟ بەخـۆڕاییـیـە تەنانـەت بەقـەد شـوێن پێی حـەلەزوونـێکیش شـوێنم دیار نـیـیـە. ئێـمـە بەژیاندا تێـدەپەڕین، هـەروەک چۆن بەناو ئاویشـدا، بەبێ ئـەوەی هـیچ شوێنێک لە خۆمان جێ هێڵین.

لە کۆتاییدا ئەگەر شـوێنـێکیشـمان لێ جێ بمێنـێ، ئەوە هێنده بچووکە بە خشینی زەمان، زۆر بەئاسانی دەسڕێتەوە.

– داریا، کێ فێری کردووی ئاوها بیر بکەیتەوە؟ مرۆڤ بەدرێژایی تەمەنی خۆی، کاردەکاتە سەر چەهرەی زەمین، کارتێکردنێکی قووڵ و شایانی ئەوتۆ کە دەمـێنـێتـەوە. خۆ مـرۆڤ تەنانەت بەسـەر زەمـانیشـدا زاڵ دەبێ و بەرزەمی دەکا.

– هیچ کەس. من خۆم پێی گەیشتووم، خۆم بەتەنیا...

بەلەمـەکـەمـان بەرەو پێـشـەوە ملـی نا، لە کـەشـتـیـیـە یەدەگکێـشـەکـان پێشکەوتینەوە، تا وای لێ هات لە قـەمچی ئاسۆی بەرچاوماندا شـوێنیان ون بوو. پاڤـیل سـەڵبـەی لێدەدان. مـام لایۆش ئۆپریشـۆر قـەنـنـەی دەکێـشـا و دووکەڵەکەشی لە چاوترووکانێکدا پف دەکرد و خێرا لە بەرچاو دەسڕایەوە.

– دانووب تەمەنی چەندە؟

– جگە لە خـوا کێ دەزانێ! لـەوانەیە تـەمـەنـی بەقـەد تەمــەنی زەمـین بێ. چاوی خــۆت هەڵێنە و ســەیری کــە! ئەو خـــەڵکە لە کــەنگینەوە خــانوو و پەرژینـیـان لەنـاو ئەو دارسـتـان و بێـشـەلان و قـامـیـشـەلان و زۆنگـاوانە، بۆ خـۆیان دروست کـردوون؟ ئەم زۆنگاوانە پڕن لە باڵندەی کـێوی. هـەرچەندە

زۆریشی بۆ پایز ماوە، کەچی قامیشەڵانەکان زەرد هەڵگەڕاون. خۆ ئەگەر پیاو زۆر لەو قامیشەڵانانە بچێتە ژوورەوە، لەوانەیە ون بێ... لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە هەمان ئاسمانی شینی گۆرینە کە لە بەرزیدا سەری مرۆڤ گێژ دەکا.

پۆلە حاجی لەق لەقێک وا ناخی ئاسمان دەدرێ. لە هۆو سەرەوەدا– لەوپەڕی ئاسمان– تەیارەیەکی «زیپلین» دەڵێی جگەرەی بۆرە، بەرەو ڕۆهەڵات ئاسمان دەسمێت، بەرەو بەرەکانی شەڕ دەچێ. پێش ئەوەی نیوەی زیاتری ڕۆمانیا بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانیا، شەوانە یەکێک لەم غوولە بێ قۆچ و کلکانە لە بولگاریاڕا دەهات و بۆمبای هەڵدەڕژتنە سەر «بوخاریست»، لەوکاتەدابوو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێ گوناح کوژران.

– جەنگ، هەمیشە مەرگ و میری بەدواوەیە. ئادەمیزاد لە ڕۆژگاری کۆنەوە قەراغ دانووبیان بە گوند و شارۆچکە ڕازاندووەتەوە و هەر ئەوانیش لە کاتی شەڕ و پێکدادانیدا شارەکانی یەکتر دەسووتێنن و خاپووریان دەکەن. ئادەمیزاد گوڵزاری پڕ لە گوڵ و مێرگوزاریان بەسەر پانتایی زەمینەوە خەملاند و هەر خۆشیان ئەم خاکەیان پڕ لە گۆڕستان کرد.

– ئێمە بنەماڵەی «ئۆپریشۆرەکان» لەودیو چیای «ئەردال» دەژیاین. هەموو زستان بەخۆمان و مێگەلەکانمانەوە، بۆ گەرمێن بەرەو زۆنگاوەکانی دانووب دادەکشاین. باوک و باپیرانیشمان هەر وایان دەکرد. لە یەکێک لە زستانەکان کە لە گەرمێن بووین، دەردی ئاوڵە کەوتە ناو مێگەلەکەمان و هەموویانی قڕ کرد. بەدبەختی داوێنی گرتین و ناچار بووین هەر لێرە و لە قەراغ ئاوەکە هەوار داکوتین. لە کێو و دۆڵنشینی چووینەوە و بووینە ئاونشین. پیاو دەتوانێ لەناو ئاویش نانی خۆی دەربێنێ. وا ئێستا ماسی گرتنیان لێ قەدەغە کردووین. ئاخ... خوایە، خوایە...

نانێکمان کردە سێ لەت و برسێتیی خۆمان پێ نیشاندەوە. چیتر حاجی

لەق لەق بەئاسمانەوە نەدەبینرا. «زیلینی» بۆرە بەتەوقی ئاسمانی شینەوە ون بوو. بێدەنگی باڵی بەسەر قایەغەکەی ئێمەشدا کێشا. تەنیا شوورەی ئاو و جارجارە شلّپە شلّپی سەڵبە لێدانەکەی پاڤێل دەبیستران کە زۆر بەتەمبەڵی هەڵی دەسووڕاند.

***

لە ناکاو هاتە بەرچاوم- هەروەک چەندان جاری تریش وام هاتبووە بەرچاوان- کە من لەو هەموو دنیایەدا تاک و تەنیام. وام دەزانی لەناو ئەم ڕووبارە بێ سەروبنەدا، لەناو قەراغە بەردەڵانییەکەی بولّگاریا و زۆنگاوە پان و بەرینەکانی ڕۆمانیا- کە هەولّمان دەدا زۆری لێ دوور نەکەوینەوە- جگە لە من هیچ کەسی تری لێ نییە.

لەولای زۆنگاوەکان، شیوی ملایمی دەشتە پان و بەرینەکە دەستی پێ دەکرد. لێرە و لەوێی دەشتیش گردۆڵکە بەرچاو دەکەوتن. ئەفسانەکانمان وا دەگێڕنەوە گوایە: سەرداری خێڵەکانمان ئۆردووەکەیان، لەژێر ئەو گردۆڵکانەدا پاڵ کەوتوون دوای دەربەدەری و سەرگەردانییەکی زۆری بیابانەکان، خۆیان و سوارچاکەکانیان لەژێر ئەو گردۆڵکانەدا پاڵ کەوتبوون. چیرۆکەکانمان دەگێڕنەوە، هەرچەندە ئەوانە هەموویان بوونەتە ئەسکلێتی سپی، بەڵام ئێستاش قەڵغان و شمشێری ئاڵتوون و تیروکەوانی نووک بەژەهری کەسکی عەزیایان هەر پێوەیە.

زەردە سێبەری بەسەر لۆف و پێچەکانی دوای بەلەمەکەماندا هێنا و، ئێوارە نێزیک کەوتبووەوە. دەستێکی نەبینراو، تۆزێ کونە ئاڵتوونی بەسەر ئاستی ئاوە تاریخییەکەدا دەکرد. دیار نەبوو مانگ لە کەنگینەوە، لەپشت دەشتەکانی بولّگاریاوە، بە زەرد هەڵگەڕاوی دەرکەوتووە. لەودیو قامیشەڵانەکانەوە چەند ڕێچکە دووکەڵی شین بەرەو ئاسمان هەڵدەکشان، هەریەک لەو ڕێچکانە لە بەنێک دەچوو گلۆڵەکەی لە خوارەوە شاردرابێتەوە.

لە پرێکا، ئارەزوویەکی بەرزەم نەکراو- کە وەک تیغێکی تیژ دڵمی دەقەڵاشت- سەرتاپای گیانمی داگیر کرد. ئارەزوومەند بووم هەموو ئاوێک لە جووڵە دەکەوت و ئاوی دانووبیش وەک بەرد رەق هەڵدەگەڕا و قایەغەکەی ئێمەش هەتا هەتایە هەر لە شوێنی خۆی دەوەستا. حەزم دەکرد ئەو خۆرە بچووکە سوورە هەرگیز ئاوا نەبوایە و هەروا بەسەر رۆخی کەندەڵانی ئاسۆوە مابایەوە و منیش هەتا هەتایە هەر تەماشاگەری ئەو جوانییە بام- کە لەوانەیە جارێکی تر هەلی تەماشاکردنم بۆ هەڵنەکەوێتەوە.

هەر گزنگ و زەردەیەک، رەنگ و حاڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەک چۆن هەر رۆژ و شەوێک لەگەڵ رۆژ و شەوانی تر جیاوازە، یان وەک چۆن تاوێک لە تاوێکی تر ناچێ. سەرەڕای ئەم شتانە، بەلەمەکە بەبێ هەدادان ملی دەنا و دەچووە پێشەوە، دانووب بەرەو دەریای مەزن لە خرۆشاندا بوو. زەمانیش ئەو رادەی لە ئەندێشەدا نەدەگونجا و خەیاڵ پێی رانەدەگەیشت، بەرەوپێش لە پڕتاودا بوو.

چاوی خۆم گرتن. بۆ چەند تاوێک، دنیای رابردووم هاتەوە بەرچاو کە زۆر لەمێژبوو لە قەڵەمڕەوی فەرامۆشیدا تواببووەوە:

گیاندارە زیندووەکان دێن و دەڕۆن و لەگەڵ خاک ئاوێتە دەبن، بەڵام ئاو لەژێر ئەم ئاسمانە پیرەدا، بەردەوام بەئاو دەمێنێتەوە و ئەم دانووبەش هەر هەمان دانووبە کە لە کۆندا بووە... پیاوانی بەوەج و پەستەک پۆش، لەناو قامیشەڵانەکانەوە خەریکی دیدەوانیکردنی جموجووڵی لەشکری بێگانەن. ئەو بێگانانەی سەرگەرمی داگیرساندنی ئاگری ئۆردووەکەیانن. هەندێکیان نێزەی نووک تیژی درێژیان بەدەستە و هەندێکی تریش بەخەنجەر و تیروکەوانی سادەوە چەکدارن. ریشی سەربازانی سوپای بێگانە پڕ و درێژە و جلە بە قولاپ دووراوەکەیان تا پشت پاژنەی پێیان شۆڕبووەتەوە. ئەو بێگانانە لە شوێنێکی زۆر دوورەوە هاتوون و دەربەندی «داردانل»یان

وەپشت سەر ناوە. پشتەوەی ئەو خەڵکەخوێیەی خۆیان لە سەنگەر ناوە، بە دارستانێکی هەزاران ساڵە داپۆشراوە. لە شوێنە ڕووتەکانی ئەو دارستانەدا، کێڵگەی گەنم داچێنراون. هەرچەند زەوییەکانیان قووڵ نەکێڵاون، بەڵام گەنمەکان هێندە بەرز بوونەتەوە بەزەحمەت دەتوانرێ کڵاو و خوودەی پان و بریسقەی سەر نێزەکانیان تیا بدیترێ. خەڵێفەی هەنگ هەندە زۆرن، ئەگەر یەکێک بیەوێ بۆ هەنگوین کۆکردنەوە لە سەریەکیان هەڵچنی، ئەوە گردێکی گەورەی شانە هەنگوین دروست دەبێ و جۆگای هەنگوینی بەبندا شۆڕ دەبێتەوە. تەنانەت لە کونی کۆلکە بییەکانیشدا گیزە گیزی هەنگ بەرگوێ دەکەوێ.

لە ئاوڕێژی جۆگاکاندا، چەندان قایەغی درێژ لەنگەریان داوە کە گشتیان لە قەدە داربی ناوەڕاست بۆش دروست کراون.

ئەو ماسیگرانەی ماڵەکانیان هێندە لە لێوار زێکە دوور نییە، تۆڕە کەنەفییە زۆر و ئەستوورەکانیان بەسەر چەند ئەستوونێکدا پان کردووەتەوە. ئەو پیاوە پەستەک پۆشانە، چاویان وەک چاوی هەڵۆ تیژبینە و ئێوارە وەختان کاتێ نیسێ داکشان، لە جلوبەرگی تازە و کڵاو و خوودە و نێزە و قەڵغان و شمشێری هێرشکاران وەڕاماون. خەڵکی خۆ وڵاتی، لە دەور یەکتر کۆبوونەتەوە و خەریکی بیروڕا پێک کردنن، ئینجا هەموو بەیەکەوە بەفکردا دەچن. لە شەڕێکی تەن بەتەندا مەحاڵە ئەو هێرشکارانەی قەراغ زێ لەت و پەت بکرێن. چونکە ژمارەی سەربازەکانیان لە گەلای دارانیش زیاترە، ئەویش بەخۆیان و ئەو هەموو چەکانەوە. نەخێر!

هەرگیز ئەوانە لەسەر تەختایی زەویی راستدا ناشکێندرێن. دەبێ سەبرکەن تاکو سوپای هێرشکار بەکاوەخۆ لە زێ دەپەڕێتەوە. ئەوجا پاش پاشەکشە بەرەو قووڵایی دارستانەکە، لەپڕ شەبەیخوونیان بەسەردا بدرێ و تا دوا نەفەر قڕ بکرێن.

لەناکاو، پەستەک پۆشەکان ون بوون. پێش راکردن، قایەغە درێژەکانیان لەژێر گڵ و قوڕدا حەشاردابوو، سەڵبە و تۆڕەکانی ماسی گرتنیشیان شاردبوونەوە.

لەشکری «داریوشی هیستاسپ» بەهۆی پردی شناوەر لە زێی دانووب پەڕینەوە. کەچی لەوبەری ئاوەکەدا، تەنانەت سێبەری نەفەرێکیشیان بەسەر ڕێگەوە نەدی.

پاش چەندان مانگ سەرگەردانی لەو دارستانەی لە هەرلا گەڵایەکی مەرگ دادەبارێ، بۆ جاری دووەم گەڕانەوە قەراغ دانووب تا بپەڕنەوە. بەڵام، بۆ هیچ کەسیان لێ مابوونەوە تاکو لە دانووب بپەڕنەوە؟...

دیسان سەروپۆتەڵاکی پیاوانی پەستەک پۆش لە قەراغ دانووب، دەرکەوتەوە. لە قامیش و لقوپۆپی درەختان، زنجەکانیان هەڵچنینەوە و قایەغەکانیان لەژێر گڵ و قوڕ دەرهێنا و سەڵپە و تۆڕەکانی ماسی گرتنیشیان لەناو بێشەڵاندا دۆزینەوە. گامێشەکانیان لە تاریکستانی دڵی دارستان گیرانەوە. دووبارە هەموو ئێواران، ڕێچکە سپییەکەی دووکەڵی سەربانان تا تەوقی ئاسمانی سەر بەفەلەک گەیشتوو بەرز دەبووەوە و گڕی ئاگر لە دوورەوە لە تاریکیی شەواندا ورشەی دەهات. دیسان هەلهەلەی شادمانی و بانگی سەرکەوتن لە هەموو سووچێک بەرگوێ دەکەوت.

دەتگوت خاک بەتەرمی مردووان، بە پیتتر بووە، بۆیە ساقی گوڵەکانمان هێند بەرز بوونەتەوە...

جووتە «کەفچەنول»ێکی سپی و زەردی زێڕین هێندە بەئارامی لە تەنیشت بەلەمەکەمانەوە فڕین، هەر دەتگوت قەت ئێمەیان نەشدیوە. مارێکی بۆریش بەپەنا بەلەمەکەدا خشی. سی مراویلکەی شینیش بەسەر سگی ئاوە پڕ خرۆشەکە و پێشاوپێشی بەلەمەکەمان دەفڕین.

ئاخۆ ئەمانە هەموویان دەگەڕانەوە سەر دیمەنی دڵگیر و پڕ شکۆی

رابردووی دێرینمان... یان هەر ئێستا ڕوویان دا؟ ئەمەشم نە ئەوسا بۆ دەرک کرا و نە ئێستاش سەرەدەری لێ دەکەم...

تەونی بەزێڕ چنراوی ئێوارە، هێدی هێدی شین هەڵدەگەڕا، لە قەراغە بڵند و پڕ کەند و جۆمە بەگژوگیا داپۆشراوەکەی بەرامبەرمان، دووبارە تارمایی سەربازان دەبینرا. سوپای دوژمن ریشیان تراشرابوو و قژی سەریان تا سەرشانان شۆڕ بووبووەوە. جلوبەرگیان کورت بوو تەنیا تا سەرچۆکانیان دادەپۆشرا. زرێیان لە بەردابوو و نووکی سۆلەکانیان هەڵگەڕابووەوە. قەڵغانەکانیان خڕ و درێژ و نووکە تیژەکانیان لە رادەبەدەر بوو. زین و رەختی ئەسپەکانیان هەمووی زیوڕێژ کرابوون. ئا لەو ئێوارە روو سوورەدا دەتگوت بڵێسەی ئاور لە تفنکی ئەسپەکانی دوژمن دەردەچێ.

وام هاتە بەرچاوان کە من لەو شەوە ماتەمینەدا، لەم بەرەی قەراغەکەوە وەستاوم، لە ناکاو شارێکی کۆڵان تەنگ و مارپێچی کە خانووەکانی هەموویان سپی و پەنجەرەکانیشیان زۆر ناقۆڵا بوون، لە بەرچاوانم لە ناخی زەمینەوە قووت بووەوە. پیاوەکانی ئەو شارە، هەر کە فیقەی زوڕنای قۆچ گامێشیان بیست، گشتیان لە گۆڕەپانی ناوقەدی شار کۆبوونەوە. بەڵام ئەوانە، وەک باپیرانیان پەستەکی پێستی مەڕیان بەسەر شانادا نەدابوو، بگرە جوببەیەکی درێژ و خاکییان لەبەر بوو و خۆیان بەنێزەی ئاسن و شمشێری کورتیلە و قورس، چەکدار کردبوو. سمێڵیان زل و قژیشیان درێژبوو. ژنەکانیان کراسی داوێن درێژ و قۆڵ فش و نەخشێنراویان لەبەر بوو، سەریان بە پەچە پێچابوو، وەک مریشکە کورکی هەڵتۆقیو، جووجکەکانی بەباڵ دادەپۆشێ، ئاوها منداڵەکانیان لە دەوری خۆیان کۆکردبووەوە.

لەو کاتەی کە پیاوەکان، خەریکی رەوانەکردنی تێکڕای ژن و منداڵەکانیان بەرەو جەنگەڵ بوون، لەوبەری دانووبەوە هێرشکاران خۆیان ئامادە دەکرد تا

به قەیاغە لێک گرێدراوەکانیان، لە ئاو بپەڕنەوە.

لە قـەراغ دانووبدا، قـوونە شـەڕێک ڕوودەدا و لەشکری فلیـپی کـوڕی ئەسکەندەری مـەکدۆنی، بەرهەڵسـتی خـەڵکەکە تێک دەهاڕێ. شـار تاڵان دەکرێ و دەسـووتێندرێ. بڵـێسـەی ئاگر تا تەوقی ئاسـمـان هەڵدەکشێ، هەمـوو جـێی روون داهێناوە. سـوپای ئەسکەندەر لە جـەنگەڵ نێـزیک دەکەوێتـەوە، بەڵام ناوێرێ پێ بنێتـە ناو بیشـەڵانە کاکی بەکاکییـەکانی- چونکە بارانی تیریان بەسـەردا دەبارێ. ڕێی گەڕانـەوەش بەرەو دانووب، بە تەرمی کوژراوەکان تەندراوە...

دیسـان لە قـەراغـەوە ئاور دایسێ و لـەودیو پەردەی شـەودا کـە لـە تەونی جاڵجاڵۆکەش ناسکترە، کۆمـەڵە سـێبـەرێک دیارن. ئەمـە سێبەری سـەربازە کورتەباڵا سـەرخڕ و مـل کورتەکانی ڕۆمە**. ڕۆمییـەکان هەر شوێنێک بگرن، خانوو و قـەڵای لێ دروست دەکەن. ئەوانە جادەی بـەردەڕێژ دروست دەکەن وا دیارە دەیانەوێ بمێننەوە، بۆ ئەوەی لە دانـووب بپـەڕنەوە، چەنـدان بەلەمی زەرد و دم بەرزیان هێناون کـە لە دوولاوە سـەڵپـەیان لێ دەدرێ. لەم بەرەی دانووبدا پیـاوە پەسـتـەک پۆش و تەپلەبـەسـەرەکـان، ژنە بەرهەڵبـێنەپۆش و منداڵەکانیان هەڵدەگرن و بەرەو کێوەکان دەکشێنەوە...

شـەو باڵی بەسـەر ئاو و خـاکدا دەهێنا. مـانگی سـپیلکە، رەنگی ئاڵتوونی ژەنگ گرتووی بەخۆوە دەگرت. لە پشت سەرمەوە دەنگێکم بەرگوێ کەوت:

- داریا، ئەوە لەناو گەرد و خۆڵی قەراغ قەڵاکە لە چی دەگەڕێی؟

- بابە من سکەیەکم دۆزییەوە، ئا ئەوەتا.

---

** مەبەستی هێرشی تراژات سـەرداری ڕۆما بۆ سـەر ڕۆمانیـا لە ١٠٢-١٠٦ی زاین.

* مەبەستی هێرشی تورکە عوسمانییەکانە لە سەدەی شازدەیەمدا بۆ سەر باکوری دانووب.

باوکم لێی وەرگــرتم و بە لیــچکی پانتــۆڵەکــەی، ئەوەندەی ســوی تا تریسایەوە. سەرێکی خڕ لەسەر سکەکە هەڵکەندرابوو و گوپەکانی لە خوار ریشییەوە دەرپەڕیبوون و تاجێکی پەلکە غاری لەسەر بوو.

– ئەمە سکەی تراژانی ئیمپراتۆری رۆمە، ئەوە نێزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش بە ئێرەدا تێپەڕی، هانێ. ئەگەر پێت خۆشە هەڵیگرە.

دانووب دەخرۆشێت و بەلەمەکەی ئێمەش دەکەوێتە پێچ و تاوان. ئاسمان پڕە لە ئەستێرەی زل و بەشۆق، هەر یەکەیان بەقەد سەلکە بەهێیەک دەبوون. ئەو ئەســتــێــرە زەرد و زلانەش لە ئاوی دانووبدا نقــوم بووبوون. مــانگە زێڕینەکەی ئاسمان، خڕ و قەتیس ماوە، بەڵام مانگە زێڕینەکەی ناو دانووب، تێکشکاو و پارچە پارچەیە.

لە ناکــاو لەم ئاســمــانە ســەوز و شــینەی کــە بەســەر زەمین و ئاودا لە مــەلەدایە، کــەشــتی بادەبانی دار دەردەکــەون. تورکــە ریشنە مــەندیل ســپی بەســەر و پانتــۆڵ فــشی ئاوریشــمی ســوور لەبەرەکــان، لەســەر پانتــایی کــەشــتییــەکانیان پاڵیان بەسەرینی نەرم داوە و شــمــشــێری کــەوانی دەسک یاقووتیان بە پشتێندا شۆڕ کردووەتەوە. ئاوازێکی غەمگین دەبیسترێ، بەڵام ئەو ئاوازە درێژ و بەسۆزە کە زیاتر لە گرین دەچێ، ناتوانێ ناڵە و قیژەی کارەکەرە بەدیل گیراوەکانی ژێر پانتایی کەشتییەکە لە خۆیدا بتوێنێتەوە کە بەرەو «بۆســفــۆر» دەگوێزرێنەوە. ئەم مــەندیل بەســەرە ملهــوڕانە، خــاوەنی تازەی ئەم ســەر زەمــینەن. تاکەی؟ ئەگەر ئەمــە لە ئەســتــێرە بپرسی، ئەوە بەورشەوە وەڵامت دەداتەوە: «بۆ هەمیشە، نا...».

– شەو درەنگە، با بەرەو قەراغ بچین. پاڤیل سەڵپە لێدە!

پاڤیل باڵە ناسکەکانی بەلەمەکە هەڵدەسووڕێنێ. لەناکاو بەلەمەکە ڕووی رەوتی خۆی گۆڕی و لە شوێنێکی پڕ لە قوڕ و لیتەی قەراغەکەدا چەقی. منیش لەگەڵ ئەوەدا لە خەو ڕاپەڕیم.

– کاکە گیان. سەعاتێک زیاترە دەبۆرژێی.

– چاک خەوم لێ کەوتبوو، مامە ئۆپریشۆر.

– هەژانی بەلەمەکە خەوی لێ خستی. دیارە منداڵی دەشتێی و خووت بە هەژانی بەلەمەوە نەگرتووە.

– راستە من منداڵی دەشتێم.

هەرسێکمان خۆمان هەڵدایە سەر وشکانی و بەلەمەکەمان ڕاکێشایە دەرەوە. لەشکری تەپۆیان هێرشیان بۆ هێناین. گرینگ نییە، هەر ئێستا بە ئاورکردنەوە هەموویان تەفروتوونا دەکەین.

من و پاڤێل یەک باوەش داری وشکمان کۆکردەوە و لە پەنا داربییەکی خواروخێچ بەعارزماندا دا کە لەبەر پیری و شێداری لایەکی لێ گەندەڵ بووبوو.

مام ئۆپریشۆریش سێکوچکە و حەوجۆش و کەوگیری دار و کیسە ئاردە زوڕاتەکەی لەناو بەلەمەکە دەرهێنا، هەرچەندەش تەنیا مستێکی تیا بوو.

– پاڤیل مەنجەڵەکە بشۆ و پڕ لە ئاوی بکە تا مامالیگا لێنێم. داریا تۆش بن تەختەکەی کەنار سووکانی بەلەمەکە بگەڕێ، پیرەژنم بوخچە نانێکی بۆ پێچاومەوە و هەندێک خوێشی لە لیچکێکی بوخچەکە بەستووە، برۆ بیهێنە بەڵام وریابە بوخچەکەم نەڕژێت چونکە لەوانەیە توندی گرێ نەدابێ!

تا من بوخچەکەم هێنا و پاڤیل مەنجەڵەکەی پڕ ئاو کرد و لەسەر سێکوچکەی دانا، مام ئۆپریشۆریش ئاگرەکەی کردەوە. پیرەمێرد بە ئەستێوبەرد گڕی خستە بن چیلکە و دارەکان. ناوبراو هەمیشە کەمێک پووشووی دەنایە ناو کیسە توونەکەی و دەیخستە بن پشتێنەکەی تا هەر گەرم بێ. ئاوری تاین جاری یەکەم لە دنکە هەرزنێک بچووکتر بوو، ئێستا تەواو گڕی سەندووە و مەنجەڵە ڕەشەکەی لە ناوەخۆدا ون کردووە. ئاوەکە

هێدی هێدی گەرم دەبوو. ماماليگاكە زوو ئامادە كرا. ماسييەكانيشمان لەسەر پشكۆيان برژاند و بە ماماليگاكە خواردمان. قسەيەكی كۆن هەيە دەڵێ «ماسی تەنيا بە ماماليگا خۆشە».

شێوەكەمان هێندە بە پەلەپرووزێ خوارد دەتگوت راومان دەنێن. سەرەڕای هێندێش يەک تۆزمان لە ماماليگايەكە نەهێشتەوە.

چەند گەڵايەكی غەليوونمان خستە سەر ئاگرەكە تا پتر دووكەڵ بكا و تەپۆيەكانمان لە كۆڵ بكاتەوە، تينوويێتی خۆمان وەک حەلەزوونی كلک بڕاو، بە ئاوی گەرمی قۆپييەكان شكاند و لەسەر گيا لێی راكشاين، پاڤيل كە بەدرێژايی ئەو ڕۆژە سەڵپەی هەڵسووڕاندبوو، پێش هەموومان كەوتە نێو خەوێكی شيرينەوە.

مام ئۆپريشۆر، چەند مژێكی تری لە قەننەكەی دا و ئينجا كوژاندييەوە و لە تەنيشت سەری خۆی دانا و لێی نوست. پرخەی پشوو هەڵكێشانەوەكەی هەندێک جار بە ئاخ هەڵكێشان دەچوو، لەوانەيە خەون بە مێرمنداڵيەتی خۆی ببينێ كە لەژێر نمەی بارانی پايزی و لەگەڵ باوک و مامە بەساڵداچووەكانی پێ بەپێی مێگەلەكەيان لە كوێستانان دەهاتنە خوار. پانتۆڵەكانيان تەنگ و چەسپان بوو. پەستەكە درێژەكانيان تا سەر گوێزينگی قاچيان دەگەيشت و كڵاوە رەق و زوورەكانيان هەر لە زووڕنا دەچوو.

لەوانەيە خەون بەو زەمانە ببينێ كە ناچار دەكران لە وڵاتی خۆياندا و لەسەرگەی هەر لەوەڕگايەكدا باج لەبری لەوەڕاندنی مێگەلەكانيان بدەن.

كاروانەكەيان كە لە كوێستانەوە دەستی پێ دەكرد بە قەدپاڵ كێوەكان و ناوقەدی چۆڵگە و قەراغ زۆنگاوەكانی دانووبدا تێدەپەڕی زۆر درێژبوو كە ڕەنگێكی لە ڕۆژگاری سەرەتای داهاتنی جيهان پێوە بوو.

لەوانەيە پيرەمێرد، خەونی بە گەنجييەتی خۆيەوە ديتبێ كە تەنيا و بێ

هەموو شت لە قەراغ ئەم ئاوە زەرد و بنەوشەییيە بوونی لێ سەندراوەتەوە و بەدوای ڕێگەیەکی تردا حەوداڵە تا ژیانی تیا بگوزەرێنێ.

لەوانەیە هەوای لووتکەی ئەو کێوە سەر بەهەورانەی لە دڵدابێ- کە وەک تاجێکی سپی لێی هالاون- ئەو تاجەی بە شنەبایەکی نەرم هەڵدەوەشێت و دەتوێتەوە.

لەوانەیە خەونی ئەوە ببینێ کە بەلەشی تەڕەوە خەریکی هەڵکێشانەوەی شریتی تۆڕە ماسییەکانییەتی.

قەت ناکرێ بزانی یەکێک خەون بە چییەوە دەبینێ، هەروەک ناکرێ فکری یەکێکی تر بخوێنییەوە.

ئەو کاتە منداڵ بووم، خەونی سەرسوڕهێنەر و لە هەمان کاتدا جوانیشم دەدیتن. هەندێک جار لە خەومدا دوو باڵم بەژێر هەنگڵانەوە نووساون و پێیان بەسەر شوێنە زەنەک و لە ئاودا وەستاوەکاندا دەفڕیم. هەندێک جاریش دەبوو لە خەودا لە تەوقی ئاسمانی سەرگێژەوە دەکەوتمە خوار و بەسەر درەختێکی بڵند دەمامەوە. هەندێک جاریش سواری قایەغێکی دروستکراو لە کۆلکە دار دەبووم و ملم بە ئاوەوە دەنا و بەنێزەی هێسک، ماسی زیوینم ڕاو دەکردن.

پاشان کە کەمێک گەورەتر بووم و تام و چێژی مست و پێلاقەی ژیانم کرد، خەونەکانم بە خەیاڵی تر ئاخنان. لە خەودا دەمدی قەمچی «گینتا» سەرکاری ئاغا، لە دەوری بەژنە لاواز و ڕەنجدیدەکەم دەهالا.

خەونم دەدی لە باغی مێوی ئاغادا، پووزبەندم لە دەم بەستووە و خەریکی ترێ چنینم. هەندێک جار هەولم دەدا دووسێ دنکە ترێ هەڵدەمە زارم و هەرنەبێ باری وشکی لێو و زمانی لیچقمی پێ تەڕبکەم، بەلام دنکە ترێیەکان تامی خوێنی سوێریان لێ دەهات منیش شارەزای تامی خوێن بووم... کاتێکیش مار یان دووپشک، بە قاچە پێخواسەکەمی وە دەدا، شوێن

پێوەدانەکەم هێندە دەمـژت تا زارم پڕ لە خـوێن دەبوو. جـێیـە پێـوەدراوەکە هێور دەبووەوە، بەڵام لەبەر سوێری خوێنەکە، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە نەمدەتوانی تفی زارم قووت دەمەوە.

خـەونم دەدی و وام دەزانی هەمـوو فـەردە خـوێیـەکانـی دووکانی «بـینکا-کـۆرتژانو»یان لـە پشـتـی من بارکـردووە. خـەونم دەدی و پێم وابوو هـەمــوو تابووتە چۆڵەکانـی دووکانی «مـیلو-گـوت» بانگم دەکەن تا تیـایاندا بنووم. خەونم بە دووکـانی سیگار فـرۆشـتنی «ژوپین-مـوتسـاتو»وە دەدیت کـە مـام «گـۆگـۆ-شـۆرین» پشـت ملی دەگـرتم و بە هـەردووک دەسـتـە چـەنگاڵەکـانی، سـەرمی لە رەنگاوی مازوودا نقوم دەکرد.

لەم چەشنە حـاڵەتەدا، ئـارەقم پێدا دەچۆڕایەوە و زمـانم تەڵخ دەبوو جـا لە خەو ڕادەپەڕیم.

هـاوینـان، شـانبـەشـانی باوک و دایک و براکـانم، بەدرێژایـی ڕۆژان، لەژێر تیشکی سـووزێنی خـۆردا، دەکەوتم و هـەڵدەسـتـامـەوە و بەدەست و پەنجـەی خـوێناوی خـەریکی دروێنـە بووم. شـەوانیش خـەونم بە کێـڵگە گەنمەکـانەوە دەدی کـە وەک خـۆیان مـاونەوە و دەسـتـیـان پـێ نەکەوتووە، ئێـمـەش ناچارین بەزەبری قـەمـچـی ئـاغـا کـاری تاقـەتبـڕی دروێنـە سـەرلەنوێ دەست پـێی بکەینەوە... لەگەڵ کازیوەی بەیانی و لە جاران ماندووتر، لە خەو ڕادەپەڕیم.

پایزانیش، خـەونم بە زەمین کـێـڵانەوە دەدی، من و مـاڵەوەمـان بە هـەمـوو توانامـانەوە تینمان دەخسـتـە سەر گاسنی ئاموور تا زیاتر بەناخی زەمـیندا بچـێتـە خوارێ و لە هەمـان کاتیـشـدا دەبوا یارمەتی وڵاغـە لاواز و ریوەڵە بێ هێزەکان بدەین تا نەکەون و ملە بکەن.

بەدرێـژایی ڕۆژان بـەبێ مــەیلی خــۆ هیــلاککردن و لە کــاتێکدا دەزانێ بەرهـەمــەکـەی بۆ یەکـێکی ترە، بە مــاندوو و مـردوویێتی پاش کـاری ڕۆژانە نوسـتن، شـەویش لە خەوندا دیتنی هەمان دەردەسـەریی ڕۆژ و لە ڕەنجی ئەم

کابووسانە بە ماندووتری لە خەو هەڵسان! هەموو ژیانی ئێمە بریتییە لەمە. خۆزیا هەر نەبایە...

ئەگەر یەکێک باپیر یا باپیرە گەورەی خۆی لە خەودا بدیبا، ئەوە خۆی بە بەختەوەر دەزانی. ئەویش چ خەونێک، خەونی بەو کەسانەی چوونەتە جیهانی راستان و بەقەد و باڵای شلوملەوە لە ڕێگەی زۆر دوور را دەهاتنەوە و نەرم نەرمۆکە لە جادەی لاژەوەریدا پێیان لەسەر پارچە هەوران دەنا...

ئەو پیرەمێردەی باوکم لە خەودا بینیبووی؛ دەستی نەوەکەی خۆی گرتبوو بەدەنگێکی نەرم و پڕ ئاوازەوە پێی گوتبوو: «هەڵسە نەوەکەم وەرە...».

– بابە، جا تۆش لە گەڵی چووی؟

– ئادی، چووم.

– تاکو کێندەر؟ دوور بوو؟

– ئادی، زۆر دوورتر لەوەی تۆ بیری لێ بکەیتەوە.

– ئەو شوێنە چۆن بوو، بابە؟

– هەر چواردەوری تا چاو بڕدەکا، لە تەراشی غەلیوونی سەوز داپۆشرابوو لە سەرەوەی هەوری وەک ئاوریشمی تەنک، چەند خۆرێکی گەورە و درەوشان و ئەستێرەی زەرد و سوور و سپی لە تەمێکی ناسکدا دەدرەوشانەوە. من هێشتا هەر ملەم دەکرد. حەزم دەکرد تا هەتایە هەر بڕۆم، لە پڕێکا هەستم کرد دەستی باپیرە گەورەم ساردە. سەیرم کرد دەورووبەرم نەک هەر خەڵکی تێدا نییە بگرە جووڵەی هیچ گیاندارێکی لێ نییە. ترسم لێ نیشت لە باوە گەورەم پرسی:

– من بۆ کوێ دەبەی؟

– بۆ ئەو شوێنەی من تێیدا سرەوتووم، ئەو جێیەی هەموو خێزانەکەمان

لێی پاڵ کەوتوون. باپیری باپیریشمان لەوێیە. ئەو جێیەی نە غەمی هەیە نە شادی. من کەوتمە بیری ئێوە... بینیم لە چ رەنج و عەزابێکدان. هاتم تا تۆ لەگەڵ خۆم بەرم و بەلای کەمەوە تۆ یەکێک بی لەوانەی لەچنگ ڕۆژی رەش قورتاریان دەبێ. وەختایەک من چاوم لە دنیا ئاوا بوون و کەسانم هەردووک دەستمیان لەسەر سنگم راست و چەپ کردن، تۆ هێشتا منداڵێکی ساوا بووی، راست وەکو درەختی سێوی گوڵبەدەم، بەڵام کوڕم تئودوور ئێستا چیت؟ وا دەبینم قژی سەرت ماش و برنج بووە و دەموچاوت لۆچیان تێ کەوتووە و پشتت چەماوەتەوە...

– باپیرە گەورە گیان دەستم بەداوێنت، بمگەڕێنەوە سەر زەوی– ئاخر من دە منداڵی سەرکەوبنکەم هەن. کێ هەیە بەخێویان بکا؟

باوکم کە ئەم خەونەی بۆ دەگێڕامەوە، فرمێسکیشی لە چاوان هەڵدەدوورین. دایکیشم دەگریا. چاوی خوشکەکانیشم لە فرمێسکدا قەتیس مابوون. هەموو لەسەرەخۆ دەگریان.

کاتێک گیان دەکولێت و لە رەنجدایە، ئەسرین بەهێواشی لە مژۆڵکی چاوان دەچۆڕێنەوە. منیش مژۆڵکی چاوەکانم پێکەوە نووقاندن و زمانی خۆم گەست. تامی ئاشنای سوێری خوێن دەممی داوەستاند. ئەسرینی دەروونم لافاوی گرت. وام هەست دەکرد دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک دەتکێتە ناو دڵمەوە و، پەنگی دەخواردەوە. بە خۆم وت: پەنگ بەنەوە ئەی دڵۆپە ژەهرەکان! کاتی خۆی دێ، ئێوە دەرخواردی ئەوانە بدەم کە ئازارم دەدەن و دەمگرێێن.

– بریقەیەک لە چاوەکانی بابە گەورە گەڕا، بەڵام فرمێسکیان لێ هەڵنەدەوەران، چاوی مردووان بێ فرمێسکن. هەندێک جار ئەوانەی زیندووشن فرمێسکیان نییە، بابە گەورە زۆر بەغەمگینییەوە تێمەوە ڕاما و لە ناکاو توایەوە. وەک بڵێی هەر نەشبووبێ، دەستم لە چاوەکانم وەرهێنا و هۆڕ هۆڕ گریام، خەونێکی زۆر خۆش بوو. دنیایەکەی تر خراپ نییە.

لەوانەیە دەمایەکیش ئەم دنیایە وەکو ئەو خۆش و جوان هەڵگەڕێ.

– بۆچی دەمایەکی تر؟ بۆ هەر ئێستا نا؟

– ئەمەیان کە گەورەبووی تێی دەگەی...!

– پێــویست نـەبوو گــەورەتربم تا تێی بگەم. مـن لەوەتـای چاوم بـەرووی دنیـادا هەڵێناوە، تێدەگـەم. ئەمـەشـم دەزانـی، بەڵام بۆیە پرسـیم تاکـو بزانم ئاخۆ غەم دەنگی نەخنکاندووم؟

بە تەلیـشێک، ئـاگرەکـەم تێکدا و باوەشـێکـی تر چیلکە و قـالۆرم خسـتـە سـەری. شـاپەڕەکانی ئاور، وەک مەلێک حـەزی لە فڕین بێ و بەڵام نەتوانێ لە زەمین جیـابێتـەوە، فـرکە فرکـیـان دەکرد. ئاگـرەکـەم بەهـەندێک گـیـای تەڕ دامرکاندەوە.

خۆزیا خەوم دەهاتە چاوانم. کەچی هەر سـەروشوێنی دیار نەبوو، خۆ هەر کاتێک حەزت لە خەو بێ، لێت دەتۆرێ هەستم دەکرد چۆن، خەو وەکو گورگ بەدەورمـدا هـەڵدەسـووڕێ و لەبەرم هەڵدێ. وەک بڵێی یـەکێک لە پەنا منەوە– یان لەناو دەروونـی خـودی منـەوە– ئەو گیـاندارە کـێوییـە رەنگ خـەنەییـە، بەگاشـەبەردان لە من دوور دەخـاتەوە؟. هـەڵبـەت ئەوە رسـتـە بیـرەکـانی خـۆم بوون، راوی خـەوەکـەیـان دەنام... ئەوە و ئەم هـەڵچـوونە پڕ نـۆبەتێـیـەی خـۆی بەسـەرمدا داکوتابوو، خەویان زڕاندم.

لەو کـاتەوە کە لەژێر تیشکی گزنگی بەرەبەیانیدا سـواری بەلەم بووم و لە پەنا مـام لایۆش ئۆپریشۆر و پاڤیل دانیشتم و بەلـەمەکە لە قەراغ هـەڵقـەنا و رووەو لێـژایی ئـاوی نێـوان قـەراغی دانووب و دوورگـە قـوڕاوییـەکـان وەڕێ کــەوت، ئـەم هزرە لەمـندا هـەوێنـەی گـرت، من نـەک هـەر لـە قـــەراغ بگرە لە هەمـوو دنیـا بچـڕام و رێڕەوی ژیـانم کـەوتە سـەر شـاڕێیـەکی نوێ. ئـەم ڕێیـە رووەو کێیە؟ و بەدرێژایی ڕێگەکە چ رووداوێکم چاوەڕێیە؟

لەوانەبوو، باشتربا ئەم پرسیارەم لە خۆم نەکردبا...

– هەمیشە بەرەو پێشەوە بچوو، پێشەوە... قەت سەیری دواوەت مەکە! داریا، دڵنیابە ڕۆژێک هەر دەگەیتە قەراغێکی ڕووناک و پڕشنگدار.

ئەمە دەنگی کێیە؟ لەوانەیە فیکەی قامیشەڵانێکی داماوبێ، لەوانەشە نرکەی کۆلکەبییەکی کۆنەساڵ بێ کە لە ئاورێکی پەنهاندا لەسەرخۆ و بێدەنگ، لە ناوەوەدا دەسووتێ، لەوانەیە گڤەی با ئەم قسانەم پێ بڵێ، یان ترپەی دڵی خۆم بێ، لە سینگمدا بەهێواشی لێدەدا... تیک تاک... ترپەی لێدانی لەسەرەخۆی دڵم دەبیست، دیارە بەدوا هەوار گەیشتووم... بەڵام خۆ دوا هەوار شتێکی ئەوتۆ نییە بتوانی بیری من بەخۆیەوە خەریک بکا. ئەو شتەی بەلای منەوە گرینگە خودی ڕێگەکەیە.

ئەستێرەیەک بە تەوقی ئاسمانەوە راکشا و ڕێچکە شۆقێکی- بۆ تاوێک- بەدوا خۆیەوە کێشا و وەک بریسک توایەوە. ئەو ئەستێرەیەش ملیۆنەها ساڵ بوو لە بۆشاییەکی سارددا دەدرەوشایەوە و سەرگەردان بوو.

– مرۆڤ ژیانێکی زۆر کورتی هەیە و ڕێگەش هەر بەناو ئادەمیزاداندایە. ڕێگەی مرۆڤ لە ژیاندا هەمووی بە ڕووداو و کارەسات داپۆشراوە.

– کام ڕووداوانە؟ تا ئێستا من وەک کرم خۆم لە خاک راکێشاوەتە دەر، تا بژیم.

بەسەر پشتمەوە بەرگەی شوێن قەمچیم گرتووە. لە بەرابەر مست و شەق تێکوتانە سەر و سکم هێدی بووم... ئەمە هەمووی تا ئێرەی ژیان... لەمە زیاتر چی؟

– هەتیوەشڕە، تۆ بڕیارت دابوو چیتر پرسیار لە خۆت نەکەی.

– ئەگەر بگەمە ئەوەی چیتر پرسیار لە خۆم نەکەم، ئەوسا ئیتر من مرۆڤ نیم...

مانگ گەییبووە ناوەڕاستی ئاسمان و وەک کەشتییەکی خڕ و زێڕین، لەو

هەوای شین و زەردەدا، لە مەلەدا بوو. مانگێکی خواروخێچی تریش کەوتبووە ناو ئاوەکە و تا رۆخ قامیشەڵانەکەی قەراغ رووبار چووبوو و پردێکی زیوینی بەسەر ئاوەکەدا هەڵچنیبوو.

وام هاتە بەرچاوان هەوا بە بەفری با رنەیەکی وەک تۆز و غوبار، پەچناوە. دابارینی ئەم چەشنە بەفرە بەسەر پانتایی بەرفرەی ئاودا، روونی و شکۆیەکی سەرسام هێنەری بوو کە تەنیا شەپۆڵی بەستراو دەتوانن ئەوها بە ورشەبن.

هەزاران ساڵ لەمەوپێش، لە شەوێکی ئەوهادا، خەڵکی پەستەک پۆشی دەشتەکانی دانووب، کاڵەکانیان بۆ هەڵپێچاو کڵاوە کەوڵیەکانیان تا خوار گوێچکان داکێشا، خۆیان بە نێزە و شمشێر و تیروکەوان سازدا و بەسەر بەفری سپیدا بە پایز خۆیان گەیاندە سپێری ئێشکەچییەکانی ئەوبەری رووباری دانووب.

سەربازە سنگ پان و زرێپۆشەکانی رۆم، ئەوانەیان لەت لەت کردن یان بەدیل بردیانن. شارەکانیشیان لێ سووتاندن و دانیشتووەکانیان کۆت و زنجیر کردن و بەرەو کوێستان و ناو دۆڵەکان قاڵیان دان.

رۆمییەکان، هەروەک پیشەیان بوو، دووبارە شارەکانیان ئاوەدان کردنەوە و قەڵاکانیان بە بەرد هەڵچنینەوە.

دانووب، دانووب

رێی بێ تەپ و تۆز...

کام بەسەرهات بووە دانووب نەیدیبێ و کامەشیان ماوە کە نەیبینێ!

سرووودی دانووب لە شەواندا شتێکی ترە و لە سرووودی دەشت جیاوازە. ئاو بە وردە گۆرانییەوە خۆی بەقەراغ دادەدا و بە نێوان ساقە باریکەکانی قامیش و کەڵە کون کونەکانی خەیزەراندا شۆڕ دەبێتەوە و تارای سەوزی قەوزەیان بەسەردا دەکێشێ. هەندێک جاریش بەسەر رێی خۆیەوە پۆپی

کەڵەبییە کێویلکەکان دەلاوێنێتەوە. بۆ تیمارەکان دەڵێی بەدزییەوە تەپڵ دەکوتن. بۆقەکانی ناو زۆنگاو بەچاوە هەبڵەقەکانیان، وەک لەشکرێکی خوێنخۆر پاش سەرکەوتنێکی گەورە سەرمەست بووبێ، دابوویانە هەلهەلە. بولبول لەسەر درەختی ئەسپیندار و بیدا خۆیان حەشار دابوو، هەزاران سازی ناسک دوا ئاوازی بەسۆزی خۆیان تێ هەڵدەکرد.

مانگ بە هێواشی بەرەو ڕۆئاوا دەخشێ. کازیوە نێزیکە. بولبول دەسرەوێن و پاساری ئاوازە خنجیلانەکەیان هەڵدەکەن کە هەر لە زرینگەی زەنگوڵی زیوین دەچێ. جوانی بە هەموو نەخش و نیگارێکی خۆیەوە ستایشی ئەو دەکا و پاساریش مژدەی ئەنگووتنی گزنگ دەچرێ.

لە نێزیک منەوە کاسەلە شینە بەقەپۆزی کورت و چاوە هەبڵەقە دەرپەڕیوەکانیان، لەناو قالۆراندا خەریکی جرت و فرتن. ئەو کاسەلە زیتەڵانە رەنگی خۆیان بەپێی شوێن دەگۆڕن.

پەردە زیوینەکەی سەر ئاوەکە، تەنکتر بووبوو.

دانووب، دانووب

ڕێی بێ تەپ و تۆز...

تۆ لە کوێوە دێی و بەرەو کوێ دەچی؟ سەرچاوەکەت لەژێر رەوەزە شاخێکی ناو دارستانە رەش و تاریکستانەکەیە. بەدرێژایی ڕێگە، لە زۆر هەواران دەگوزەری. جۆگا و رووباران لە خۆدا کۆدەکەیتەوە و هێدی و بێ سرەوتن بەرەو ڕۆهەلات شۆڕدەبییەوە. ئەمەش هەر بۆ ئەوەیە تا خۆت لەناو دەریای سوێر و تاڵدا بتوێنییەوە. ئاسمان چ هەور بێ یان ساو، هەر لەناو ئاوە وەنەوشەیی و زەردەکەی تۆدا خۆی دەبینێتەوە. کێو و دۆڵ و دارستانیش دەبێ لە تۆدا رووی خۆیان ببینن. تۆ هەموو خەندە و شینەکان لە هەناوتدا حەشار دەدەی و بێ ئەوەی یەک تۆز دوودڵ بێ ملی ڕێی خۆت دەگری. ئەمەشت بۆ خۆگەیاندنە دەریای مەزن و مەنگ و تاڵە، تا لەوێوە

بلکێیە گەڵ دەریا هەرە بێ بن و سنوورەکانی دنیا.

لە کۆتایی ئەم شەودا، من لەسەر لێواری تۆ بێدارم. ئاخۆ منیش وەک تۆ نیم؟ منیش وەک کلّۆ بەفرێک لە شیوی سەرەولێژی قەراغ دابڕاوم و بەرەو ڕۆهەڵات ملم ناوە. بۆ ئەو شوێنەی تۆ هەڵم دەگری، دەریایەکی مەزن و تاڵ چاوەڕوانم دەکا، بەڵام هەر کە گەیشتمە ئەوێ، هەوڵ دەدەم خۆم ون نەکەم و نەشێوێم...

دانووب. دانووب ئەی ئاوی ژیان

وەک مەرەکەب،

رەش هەڵگەڕێ...

نا، تەنانەت ئەگەر تۆ- هەروەک لەم گۆرانییە کۆنەدا هاتووە، خۆت وەک مەرەکەبیش رەش داگەڕێنی و منیش وەک جادووگەری ناو ئەفسانەکان، تەونی شین و بێ سەروبنی ئاسمان بکەمە پەڕە کاغەزێک و پێنووسەکەم لە رەشایی تۆ هەڵێنم و دوو هەزار ساڵ زیاتر هەر بنووسم، ئینجا ناتوانم ئەو شتانە گشتی بنووسم کە دڵم گەرەکییەتی.

- تۆ بۆ نووسین چیت هەیە؟

- هەموو رەنج و نیگەرانییەکانم، هەموو ئەو شکان و سەرکەوتنانەی لە ڕۆژی یەکەمەوە بەسەر نەتەوەکەمدا هاتووە. ئەم نەتەوە ئازار چێشتووە بێ مرادەی کە هەمیشە شیلەی گیانیان مژتووە و ناچاریان کردووە لەپێش زۆرداریدا سەر دانەوێنی.

- ئەم قسانە بەکەلک کێ دێن؟

- بەکەلکی نەتەوەکەم. تاکو فێربێ و بزانێ چۆن کۆلکەی ئازارەکانی لە ریشەوە هەڵکێشی. تا فێربێ چۆن سەری خۆی بەرز راگرێ. بۆ ئەوەی بتوانێ شانازی زۆر گەورە وەچنگ بێنێ.

ئەوانەی لە پەنامن، پرخە پرخیانە و جارجاریش ئاخێک هەڵدەکێشن، هەموویان کۆرپەی ئاون، بوون و ژیانیشیان بە ئاو بەستراوەتەوە. ژیانی ئێمەی منداڵانی دەشت، بە زەمین بەستراوەتەوە. ئاسۆی بینینمان هەرچەند پان و بەرینیش بێ، هەر کورتە. بۆ بەرفراوان کردنیشی هیچ چارەمان نەبووە. ئەوانەی بە تۆبزی دەیانبردنە سەربازی، ئاسۆی بینینیان کەمێک فراوانتر دەبوو. هەندێکیان توانییان شاری دوورتر و گەورەتر ببینن. هەندێکی تریش شانسیان دەیگرت و لە سەربازیدا دەیانناردنە سەر سنوور و چەند ساڵێک لەسەر سنوور و قەراغەکانی دانووب دەمانەوە و زۆر شت فێردەبوون. ژمارەیەکی تر پلەیەکیان دەپچڕاند و بۆ ئیشوکار دەنێردرانە باکور تا «روشیو دی فید»یان لە باشوور تا «تورنو» دەچوون.

– داریا، کە گەورەبووی دەچیە چیا، جا کە گەڕایەوە ماڵێ بۆمان دەگێڕییەوە ئەوێ چۆنە؟

– ئادی دایە، دەچم چیا دەبینم.

– دوایی دەچی و دەریا دەبینی، کە گەڕایەوە بۆمان دەگێڕییەوە دەریا چۆنە.

– راست دەکەی دایە، دەبێ بچم دەریاش ببینم.

– کەشتی گەورەش دەبینی.

– ئادی دایە.

– دەڵێن چیا هێند بەرزن سەریان گەیوەتە کەشکەلانی فەلەک.

– ئادی، وا دەڵێن.

– دەڵێن دەریاکان هێندە گەورەن، قەراغی ئەوبەریان دیار نییە.

– دەڵێن تا چاو بڕکا هەر ئاوە.

– تۆ لە کوێ دەزانی؟

– لە کتێباندا خوێندوومەتەوە.

– خوێندووتەوە! خوێندن شتێکە و دیتن شتێکی ترە. دەبێ بەچاوی خۆت هەموو شتێک ببینی.

– دەچم و بەچاوی خۆم دەیانبینم. ئەوسا هەلم بۆ نەرەخسابوو بچم. هەر کە جەنگ دەست پێکرا، سەربازی بێگانە بوونە هەوارگری ئێمەوگرانییش بە دیمەنێکی یەکجار ترسناکتر لەوەی بیرم لێ دەکردەوە، لەگەڵ کاروانی خوێن و مەرگ، چەنگی بەسەر هەموو جێیەکدا گرت. ئەوسا کە زەمینە رەخسا، نەمدەزانی بچمە کوێندەر و نە بەری ئەوەشم هەبوو بگەڕێمەوە ئەو شتانەی بینیونم بۆ دایکمیان بگێڕمەوە. هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان– لە هەمووشیان پتر من– لەوانەیە باوک و باپیرانم– کە بەپێی قانوونی ئەزەلی و ئەبەدیی ئاسمان، دیلی ئەم خاکەن– لەودیو چاوەکانی منەوە سەیری جیهان بکەن. ئەوانەی بەدرێژایی چەندین چەرخ، یەک لەدوای یەکتر– لە باوکەوە بۆ کوڕ– ناچار بە چێشتنی ئازار و بێگاری کراون. هەر بەو جۆرەش دەشێ بە زمان شڕییەکەی من– کە لەم دواییە لە شڕیش شەپرێوترە، بەڵام لە بەرابەر زۆرداریدا بەجوورئەتتر بووە– بۆ ڕەنج و ئارەزووە بابردووەکەیان، هاواربکەن.

هەمیشە، حەزێکی سەرکوێر و بێ ڕیشمە ناچار بەڕۆیشتنم دەکا. هەندێک جاریش کە داوێکی نەدیار و پەنهان من بەرابردووم دەبەستێتەوە، دەمبەستێتەوە بە زادگەم، بەو خاکەی لە سەری وازیم دەکرد و هەڵدەپەڕیم و ئینجا دەنووستم، بەو شوێنەی کە باپیرانم وەک گیاوگۆڵی پێدەشتەکانی، لێی بوونەتە خاک، دڵ نیگەران دەبووم. ماوەیەک بوو، بڕیارم دابوو چیتر بۆ دواوە نەگەڕێمەوە. دەشێ هەربۆیەش کاتێ بەلەمەکەمان لەسەر ئاوی دانووب جووڵا، وام دەزانی ئەوە تەنیا بەرەو «جۆرجیۆ»م نابا، بگرە دەمباتە جیهانێکی گەورەتر هەر دەڵێی دانووب پێ بەپێی من بەناو لێوارە سەوز و

دوورگە بچووکە بۆنخۆشەکانی ناوەڕاستی بەهار، بەرەو بەندەرێکی پڕ گوڵ و غونچە- بەرەو بەندەری ئایندە- لە ڕێدایە.

بۆ تیمارەکان ماندوو بۆقەکانیش کت بووبوون. بولبولەکانیش لە جریوە کەوتبوون. کاسەلە شینە سەرما بردووەکانیش هێور بوون. لە سەرگەی ڕۆئاوای دەشتەکەوە، مانگ دووبارە وەک قسلّ سپی هەڵگەڕابوو، دەتگوت کەشتییەکی گەورەی لە مقەبا دروست کراوە و خرۆشانی شەوانەی دەریا فڕێیداوەتە سەر لم و زیخی قەراغەکان.

تەنیا دانووب بێوچان و ماندووبوون، بەوردە گۆرانییەوە وەک ئەم شەو، وەک دوێنێ شەو، وەک سەدساڵ لەمەوپێش و وەک هەزارساڵ و هەزاران هەزار ساڵ لەمەوبەر، وەک ئەوکاتەی بۆ یەکەمین جار ڕێی زیوینی ڕەوەز و خاکی گرتەبەر، هەر لە خرۆشاندایە.

کڵاوی خۆم کێشایە سەر چاوانم و

لە چیتر نەگەیشتم...

- پاڤیل، ئەم هەتیوە خەوی زۆر گرانە. جارێک رایتەکێنە با وەخەبەر بێ.

لە خەو ڕاپەڕیم و یەک بەخۆم خۆم لێک کێشایەوە. جارێک خۆم خواروخێچ کرد و هەڵسامە سەرپێ.

- بەڵێ مام ئۆپریشۆر، خەوم تۆزێک گرانە.،

باروبنەمان تێکنا.

ڕۆژ تازە دەرکەوتبوو.

دیسان چەند گەمییەکی یەدەگکێشی تر دەرکەوتن و ریزە یەدەگێکی رەش و هەڵمساویان بەدوا خۆیاندا دەکێشا. شەپۆڵە بەرزەکانی دانووب بەرەو لای ئێمە دەتەکانەوە و هەرجارە بەلەمەکەمانی وەک توێکڵە گوێزێک بەرز و نەوی دەکردەوە. ئەڵمانیاییەکی ریش سوور لەسەر پشتی کەشتییەکی

پاسەوانیدا لە ئێمەوە رامابوو. پاشان پشتی تێ کردین و چووە ژوورێکەوە. لە پەنجەرەوە سەروپۆتەڵاکی دیار بوو، بەدووربین سەیری ئێمەی دەکرد. دووربینەکەی بە بەر چاوەوە بوو و دەتگوت لە هەنگاوێکەوە سەیرمان دەکا، زمانی خۆم دەرهێنا و پەنجەی گەورەم خستە سەر کەپووم و کەمێک فشەم پێی کرد. ئەڵمانیایی ریش سوور دووربینەکەی وەلانا و دەمانچەی لەبەر پشتی هەڵکێشا و چەند گوللەیەکی پێوەناین. گوللەکان بەپەنا گوێماندا گیزەیان دەهات. شڵپە شڵپێ لە ئاوەکەوە هات و گوللەکانی قووتدان. کابرای ریش سووری ئەڵمانیایی لە پێکەنینان چەمابووەوە و ئێمەش هیچ کاممان خۆمان تێک نەدا.

– چییە ئەوە شەیتان دەغدەغەی کردووی، فشە بەو کابرایە دەکەی؟ خەریک بوو هەموومان بەکوشتن بدەی.

– نەیدەتوانی، کەشتییەکەیان زۆر دوور بوو. بەزەحمەت دەیتوانی نیشانەمان لێ بگرێ.

– ئەی ئەگەر هەر گوللەی وێڵ بەرمان کەوتبا؟ مەگەر ئەمەیان کەم رووی داوە؟

دووکەڵی چەند کەشتییەک لە دوورەوە دەرکەوت بەنقە نق لە دانووب سەردەکەوتن و بەرەو ژوور دەهاتن. مام «لایۆش ئۆپریشۆر» بەلەمەکەی زۆر لە لێوار نزیک خستەوە.

– ئەگەر هاتوچۆی کەشتییەکانی ئەڵمانی ئاوا بەردەوام بێ ئەوە ناچار دەبێ لە قەراغەوە برۆین. بەم چەشنە سبەینێ پاش نیوەرۆش ناگەینە جۆرجیۆی.

– ئەگەر نەگەین چی دەبێ، مام «ئۆپریشۆر»؟ خۆ سبەینێ شەو دەگەینێ. سەرئەنجام هەر دەگەینێ.

– راستە، بەڵام سبەینێ وەک ئەمڕۆ نییە...

پێش نیوەڕۆ هەڵی کردە با و ئاسمان بە هەورێکی رەش داپۆشرا. ڕۆژ پەچنا. دانووب تێک دەخرۆشا و شەپۆلەکانی لە لێڵیان دەکرد. پانتاوەکانی بەکەف گوڵچین کرابوون.

– پاڤیل توندتر سەڵپە لێدە، دەبێ خۆمان زووتر بگەیێنینە بن پەسارێک، ئەگینا ئێستا باران دایدەڕێژێ.

بەندەری «شیشتوف» لە لێوارەکانی بولگاریا، خۆی لە مژێکی چڕ وەرپێچابوو. لەم بەرەی لێوارەکەش لە تەک ئێمەوە، خانووە دووکەلاوییەکانی بەندەری «زیمتیچا» بەرچاو دەکەوت.

– سوپای ئەڵمانیا، لێرەوە لە دانووب پەڕییەوە. سەربازە ئەحتیاتەکان چەند جار ڕێگەیان پێ گرتن و شەڕیان لەگەڵ کردن. شکان ئەڵمانییەکانی کافر کردبوو، وەک کافران، شارەکەیان سووتاند. زۆریشیان لە خەڵکی بێ دیفاعی ناو شاردا کوشت و بڕ کرد.

ئەیلیەی پیرۆز بەئەسپ و گالیسکە ئاگرەکەیەوە، بەناو هەوراندا دەڕۆیی هەموو دار و کاریتەکانی ئاسمان، دەتگوت کەپری بەدارانە ئاگری گرتووە و کەوتبوونە چرقە چرق. هەورەتریشقەیەکی درێژ و باریک وەک شیشە ئاسنێکی داغ، هەوای لێک دەقەلاشتەوە.

– ئەیلیەی پیرۆز خراپ تووڕە بووە. بەدوا شەیتاندا رادەکا تا بیگرێ و بەتەور پەل پەلی بکا.

– مام ئۆپریشۆر، ناکا شەیتان لە ترسان خۆی لەناو بەلەمەکەی ئێمە شاردبێتەوە.

– جا بۆچی لەناو بەلەمی ئێمە؟ بۆ لەناو کەشتی ئەو ریش سوورە ئەڵمانییە نەبێ؟

تا خۆمان گەیاندە قەراغە بەرداوییەکە، بەلەمەکەمان بەشتێک بەستەوە و

خۆمان کوتایە بەر پەسارێک، بە چاکی تەڕ بووین.

کۆنە کەشتییەکە لە دوورەوە دەهات و دووکەڵی دەکرد، چەند یەدەگکێشێکی خاڵیشی بەدواوە خرابوون و چاوەڕوانی بارکردنی مێگەلی گا و مانگا و مەڕی لاواز بوون. تەویلەی ماڵاتەکە لەودیو نیسێ گری کەشتییەکەوە بوو. بارانیش زۆر بەتەوژم و ساردی، بەوپەڕی بێبەزەییانە لەسەر و پۆتەڵاکی مێگەلە برست بڕاو و شەکەتەکەی دەدا، ئەو گوندییانەی لە دوورەوە لەگەڵ مێگەلەکان هاتبوون، گشتیان پێخواس و جینگوڕ و چڵکن بوون و ئێسقانی گۆناکانیان داچەمی و دیدەکانیان قوڵ ڕۆچووبوون و بەبنی کاسەی چاویانەوە وەنووسابوون، ئەوانە هەموویان لە سیلەیەکی نیسێگرەکە و لەسەر زەوی هەڵترووشکابوون و هێدی و بێدەنگ سەیری ئاوی دانووبیان دەکرد کە چۆن کەوتووەتە ژێر قەمچی باران.

لە پاشماوەی جلە دڕاوەکانیاندا دەردەکەوت، خەڵکی دەشتە باکورییەکانی «مونتەینا» بن: ئەوانە دەشێ لە ژیانیاندا ئەوە بۆ جاری یەکەم بێ دانووب دەبینن، مسۆگەر لەم لافاوە قوڕاو و خرۆشانە، سەریان سوڕماوە و بیر لە خاوخێزان و سامان و داراییان دەکەنەوە چۆن بەناچاری جێیان هێشتوون.

ئاخر ئەم ماڵ و منداڵەیان بەتەمای مستە هەرزنێک بەجێ هێشتووە کە ئەویش کەڕووی لێداوە و لەناو سیپەکەی ژێر تەختەی پشتێری هۆدەکەیان فڕێدراوە.

لە تەنیشت گوندییەکاندا، چەند سەربازێکی ئەڵمانی لەسەر کۆڵە پشتەکانیان دانیشبوون، دەمێکە لە هەڕەتی لاوی گوزەراون و کەوتوونەتە سەرانشێوی تەمەن. ریش و سمێڵیان پڕە و چاوەکانیشیان لە رادەبەدەر شین، ئەوانە پاسەوانی گوندییەکان بوون. ڕێگە دوور و درێژ و پڕ لە تۆز و گەردەلوولی هاوینی بیابانان، بڕستی ئەوانەشی بڕیوە، بەڵام سەرەڕای

ئەوەش، ئەوان لەگەڵ چەرمەسەرییەکانی جەنگ راهاتبوون.

یەکێک لەم پێنج سەربازە ئەڵمانیاییە کە وێدەچوو لە هەموو ئەوانی تر گەنجتربێ و قاچە شلەکەی بەدوا خۆیدا دەکێشا، چووە ژێر نیسێگرەکە سەرەبزووتە پڕووکاوەکانی- کە دیار نەبوو لە کێ بەجێ ماون- کۆکردەوە و ئاگرێکی هەڵکرد، ئینجا دیزەڵەیەکی بەسەردا هەڵواسی و دەستی کرد بەلێنانی زرەقاوە.

بەکونجکاوییەوە تێیانەوە رامام. خۆ ئەگەر تفەنگ و فیشەکدان و شاجوورەکانت لێ سەندبان، ئیتر هیچ شتێکیان نەدەما کە بە سوپایی بچێ. وا دەهاتنە بەرچاو لەو ئیشەی بەسەریاندا سەپێندراوە بێزاربن، ژیان لە وڵاتێکی بێگانەدا و لەناو خەڵکی تێشکاو و زمان نەزان، پەست و بێ تووکی کردبوون، هەر قاوەکە کوڵی، یەکە و پەرداغێکی فافۆنی بۆری بۆ لێ پڕکردن و پارچە نانێکی رەشیشیان لە کۆڵەپشتییەکانیان دەرهێنا و دەستیان بەخواردن کرد.

گوندییەکانیش لە سەر زەوی هەڵترووشکابوون، کە ئەڵمانیاییەکانیان بینی، ناو خورجینەکەی خۆیان گەڕان و ئەوانیش دەستیان بەخواردنی ماماڵیگا کرد و، هەر خوا دەزانێ لە کەنگینەوە بە پشتیانەوە بوو خوێ و بیبەریان بە ماماڵیگادا دەکرد و بەتامەوە دەیانخوارد. یەکێکیان فەرمووی لێ کردین:

- نایەن فەرموون؟ وا دیارە ئێوەش رێبوارن.

ئینجا پارچەیەک لە ماماڵیگا رەق و زەردهەڵگەڕاوەکەی خۆی بۆ درێژ کردین.

- سوپاس، لەناو بەلەمەکە خواردنمان پێیە. ئێمە دوێنێ بەڕێ کەوتووین و زۆریش دوور ناڕۆین.

- دوور ناڕۆن! لەم زەمانەدا دەزانی کەی لە ماڵەوە دەردەچی، بەڵام

ناتوانێ بزانی کەی دەگەڕێیتەوە. هەتا ئەوەش نازانی کە ئاخۆ دەگەڕێیەوە یان نا. شارەوانی پێی وتین ئەم مێگەلە بگەیەننە دانووب و بگەڕێنەوە سەر ژیانی ماڵ و منداڵتان. کەچی لێرەوە فەرمانێکی تریان پێداوین. دەڵێن دەبێ گاڕان و مێگەلەکە سواری کەشتی بکەین و بیانگەیەنینە ئەڵمانیا، کێ دەزانێ لە ڕێگە چ بەڵایەکمان بەسەردێت، ئاخۆ بۆمان هەیە جارێکی تر ماڵ و منداڵەکەمان ببینینەوە؟ هەر ئاوا بە برسێتی لە ماڵ جێمان هێشتوون و هاتووین. ئەمساڵ تا ئێستاش بەروبوومان ڕەنێو نەهێناوە. ئەڵمانەکانیش هەرچی زەخیرە و پاشەکەوتی پاری ڕۆمانییەکان بوو، هەموویان خڕ کردەوە و بردیان. گوێلکەکانیشیان قان نەدان و لە تەویلە رایان کێشانە دەر و بردیانن. بەبرسێتی و رووتی وێڵیان کردووین تا لە برسان بمرین...

– هەموو ناوچە داگیرکراوەکان، هەروان...

– هەرچی رووی تێ دەکەی، ئەوە وەڵامەتی: جەنگ! کێ ئەم شەڕەی هەڵگیرساند؟ ئاخر بۆچی هەڵیان گیرساند؟ ئاخر براله بەدبەختییەکەمان لەوەدایە!

لە پشت پەردەی ناسکی باراندا– بەو بریسکانەی دەتگوت گرمەی تۆپی کۆتایی شەڕە جارجار لە ڕۆئاواوە بە ئاسۆوە دەبینران– کەشتییەکی بوڵگاری دەرکەوت. ئەو لە «شیشتۆف»ەوە بۆلای «زمینچا» دەهات و لێک لێک و بەتەپی و پچڕاوی هۆڕنەی لێ دەدان.

کاتێک کەشتییەکە گەیشتە لێوار، بارانیش تەکیبووەوە. بەکاسەی ئاسمانی ساوەوە، خۆر درەخشانتر و گەرمتر لە جاران دەرکەوتبوو. بارانی هاوینان هەمیشە گەرم نییە. سەعاتێک زیاتر لە جلە تەڕەکانماندا هەڵ لەرزین، هەر کە هەتاویش دەرکەوت بەپەلە لەژێر نیسێگرە شەپڕێوەکە دەرپەڕینە دەرەوە. لەوە زیاتر ترسمان بوو، ناکا نیسێگرەکە لە ئەنجامی ئەو بایە بەهێزەدا، بەسەرماندا برووخێ.

کۆنە کەشتییە ڕەشە بوڵگارییەکە تەقەتەقی پەروانە پانەکانی خۆی وەستاند و خۆی لە ئەسکلە باریک و درێژە بەردچین کراوەکەدا مەڵاس دا چەند کرێکارێکی لاواز و باریک، زۆر بەبێ مەیلی پردە دارینەکەی نێوان ئەسکلە و کەشتییان داخست، ئەفسەرێکی ئەڵمانیایی و ئینجا دوو سەرباز لە پشتەوەی دەرکەوتن.

گوپەکانی ئەفسەر سوور و گۆشتن بوون. چەکمەکانی هێندە بریقەدار بوون کە دەکرا سمێڵانی لە بەر دابێنی– هەڵبەت ئەگەر سمێڵت هەبان و حەزت بەداهێنانیان بکردایە. جلە بۆرە ئوتووکراوەکانی دەتگوت تازە لە کاغەز دەرهێنراون. سەر سنگی پڕ لە مەدالیا و نیشان بوو. بە فیزو باییەوە دەڕۆیی و فەرماندەرانەش سەیری دەکرد. دوو سەربازە گەنجەکانیش، بەشەرم و کۆیلەییەوە لە پشتەوەی دەڕۆیشتن. یەکێکیان شوێنی برینێکی قووڵی لەسەر گۆنای چەپی بوو، ئەفسەر و دوو سەربازەکە، یەکسەر بۆ لای بارەگەی فەرماندەیی چوون کە دەکەوتە بەشە خراپ و سووتاوەکەی بەندەر. هەمووومان بەچاوان لە گەڵیان دەسووڕاین

لەو کاتدا دەنگێک لە سەربانی کەشتییەوە ڕایچڵەکاندین:

– هۆی ڕۆمانینە، لەگەڵ ئێوەمە، لەم قەراغەدا مات بوون. وەرنە سەرێ و یارمەتیمان بدەن تا چەند زیندانییەکی نەخۆش بێنینە دەر.

ئەوانیش هەر لە مامالیگا خۆرەکانی خۆتانن.

بەرەو دەنگەکە گەڕامەوە. دەنگەکە دەنگی سەربازێکی کورتیلەی گوپنی بوڵگاری بوو. پێچێکی باریکی سووری لە دەوری کڵاوەکەی بەستبوو. نیسێگری پێشەوەی کڵاوەکەی دڕابوو وەک باڵێکی شکاو بەسەر نێوچاوانیدا شۆڕ بووبووەوە. قۆڵێک بەفەرەجییە پڕ پینەکەیدا شۆڕ بووبووەوە و کڵاوی چۆکیشی لە پانتۆڵە دڕاوەکەی دەرچووبوو دەلینگی پانتۆڵەکەی بەلەک پێچ کردبوو و نەعلێکیشی بەسەر پێوە بوو. تفەنگێکی

کۆنی بەشانی ڕاستەیەوە کردبوو، لەو تفەنگانەی تورکەکان لە ساڵی ١٨٧٧ پێیان بوو. شریتێکی ئەستوور و پڕ گرێ و گۆڵیشی لە جیاتی پشتبەند لەخۆ ئاڵاندبوو.

لە دواوەی ئەو سەربازەی بانگی ئێمەی دەکرد و چاوەڕوانمان بوو تا لە کەشتییەکە سەرکەوین و یارمەتی بدەین، پێنج- شەش سەربازی جینگۆڕی بوڵگاری وەستابوون. هەموویان بەسالاچوو دەکەوتنە بەرچاو و ماوەی لاوێتییان لە جەنگدا دۆڕاندبوو- کە هەموو بەلکانی کۆت و زنجیر کردبوو.

- یالا ڕۆمانینە زووکەن بەسەرکەون! دەی چاوەڕوانی چین؟ ناکا بتانەوێ دەستەی مۆسیقاتان بۆ بێنن خۆ دەبین شتی وامان نییە.

هەوڵی دا پێ بکەنێت بەڵام شالاوی با خەندەی سەرلێوەکانی وشک کردەوە:

- زووکەن، هاولاتییانی خۆتانن.

- یالا براینە با بچینە یارمەتییان.

- ڕێکەوە مام ئۆپریشۆر.

گوندییە پێخواسەکانیش بەدوامانـدا لەژێر سایەبانەکە هاتنە دەر و سەرکەوتنە سەر کەشتییەکە.

- بوڵگاری گیان، ئەوانە هاولاتی خۆمانن. خۆ ئەگەر هاولاتی خۆشمان نەبان هەر یارمەتیمان دەدان، ناخوازە ئەوانە. خۆ زیندانیش ئادەمیزادە، بەڵام ئادەمیزادێکی وا کە بەتۆبزی خراوەتە ڕۆژی ڕەش.

- دەق وایە، ڕۆمانی گیان.

یەک یەک بەپلیکانە پێچاوپێچە ئاسنەکەی ناو کەشتیدا چووینە خوارەوە تا گەیشتینە هۆدەیەکی خڕیلکە.

نێزیک بە سی سەرباز لەسەر فەرشی هۆدیلکەیەک تێک هالابوون، وەک

بیانەوێ لەم هۆدیلکە شناوەرە بۆگەنیوەدا خۆیان گەرم بکەنەوە. هەر هێسک و پێست مابوونەوە، تەنیا هێسک و پێستی رووت. چاویان وەک مۆمی رووەو خـــامـــۆشـی، بەزەحـــمـــەت دەترووکـــان. تەنـیـــا چـەند پـارچەی رزیـوی یۆنیفۆڕمەکانیان بەلەشەوە مابوو.

ئەو حـەوت هـەشـت کـەسـەی گـەیشـتـبـووینە ئەو خـوارەوە، کـە چاومـان بەو دیمەنە ترسناکە کەوت، لە جێی خـۆمـان وشک بووین و بەدیوارە دارینەکەی پشت سەرمانەوە رەق بووین چاومان لە حەژمەتاندا سووڕ مـابوون و لێومان لە بەزەییيان دەلەرزی. ئێمە هەموو چاومان بڕیبووە نەخۆشەکان و ئەوانیش بەچاوە رووەو خامۆشەکانیان سەیری ئێمەیان دەکرد.

– براینە، ئێمە گەیشتووینەوە وڵاتی خۆمان؟

– بەڵێ.

– لە کوێ؟

– «زیمینچا».

– ئێستا بشمرین قەیدی ناکا.

– جا تازە کە گەیشتوونەوە ئێرە بۆچی بمرن؟

– خـەریک بوو لەبرسـان بمرین. لە کـێوەکـانی بولگارسـتـاندا زگمـان بە گیاوگۆڵ و توێکڵی درەختان تێر دەکرد...

– هۆی، یاڵا نەخـۆشـەکان لە کۆڵتـان بکەن و لە کـەشـتـیـیـەکە بیانهـێننە دەرەوە ئەگەر ئەفسەرە ئەڵمانییەکە بگاتە سەرمان، ئیزرائیلمان دێنێتە پێش چاوان...

ئەوەی لە بان پلیکانە پێچاوپێچەکانەوە بەسـەریدا دەقـیـڕاندین هەمـان سـەربازە یەک دەسـتـەکـە بوو، گـوتن ئـاسـان بـوو. مـەیتی مـردوو لە مـرۆی زیندوو سەنگینترە، جا نەخۆش لە مەیتیش قورسترە.

یەکێک لە سەربازە نەخۆشەکانم لە کۆڵ کرد و بە پلیکانەکەدا سەرکەوتم.

هزرەکەم بێ جێ بوو، هێندە سووک بوو دەتگوت هەر ئادەمیزاد نەبوو. وەک خورجینێک دەچوو کۆمەڵێک هێسکی تیابێ، دەستی سەربازەکە بە دەوری گەردنم ئاڵابوو. دەستە زەردەکانی بەو نینۆکە بنەوشییانەی هەر لە دەستی مردوو دەچوو. ئەگەر نەفەسە گەرمەکەیم لە پشت سەرمەوە هەست پێ نەکردبا، باوەڕم نەدەکرد زیندوو بێ.

چوار جار لە پلیکانەکانی کەشتی چوومە خوار و هاتمە سەرێ. پلیکانەکانم بە قاچ تاقی دەکردەوە تاکو نەخلیسکێم و نەگلێمە خوارەوە.

لە شوێنێکی وشکی ژێر سایە بانەکە، زیندانییە نیوەگیانەکانمان درێژ کردن. سی و دوو نەفەر بوون.

ئەو سەربازە ئەڵمانییانەی لەگەڵ مێگەلە مەڕ و گاڕانان هاتبوون، بەشێوەی ئەو سوپایە کارامانەی کە خوویان بە دیمەنی لەم بابەتە و بگرە خراپتریش گرتووە، بێ سەرسوورمان سەیرێکی زیندانیانیان کرد، رەنجکێشان و مردنی خەڵکی تر- پاش ئەو هەموو ماوەیەی کە لەناو خەڵکی رووەو مەرگ و مردوو رایانبواردبوو- بەلایانەوە ئاسایی بوو.

لەگەڵ ئەمەشدا، شتێک لە ناخی سەربازە ئەڵمانییە گەنج و خەپلەکەدا جووڵا، چەند وشەیەکی لەگەڵ ئەوانی تر بەزاردا هێنا و کاتێک هەموویان بە تەکاندانی سەر رەزامەندییان دەربڕی دووبارە کەوتەوە کۆکردنەوەی پووش و بەڵی وشک و کۆلکە و تەختەی شکاو، کاتێک هەندێ داری وشکی کۆکردەوە، ئینجا ئاگرە دامرکاوەکەی سەرلەنوێ داگیرساندەوە. کاتێک ئاگرەکە بڵێسەی گرت، دیزەڵەیەکی پڕ ئاوی بەسەر ئاگرەکە هەڵواسی و چەند تۆپەڵە کاسنیەکی* خستە ناوی. سەربازێکی زۆر پیری تری ئەڵمانی،

* گیایەکی تام تڵخە و بۆ دەرمان و لە جیاتیی قاوەش دەخورێتەوە - و

دەستی خستە بنی کۆڵە پشتەکەی و مشتێک قەندی دەرکرد و خستیە ناو ڕەشاوە داغەکە.

بڵێسەی بەتینی ئاگرەکە کاسینەکەی بەکوڵ هێنابوو، هەر لەو کاتیشدا پێنج ئەڵمانییەکە هەموویان قودیلە چینکۆیە خاکییەکەیان دەرهێنا و بەئاوی قەراغ رووبارەکە شوشتیانن و گەڕانەوە ژێر سایە بانەکە. پەرداخەکانیان پڕ لە کاسنی کوڵیو کرد و لە تەنیشت سەربازە نەخۆشەکان بەچۆک دانیشتن. سەری نەخۆشەکانیان بڵند دەکرد و پەرداخەکانیان لە لێوانیان نێزیک دەکردەوە و پێیان دەخواردنەوە. سەربازە یەک دەستەکە و تێکڕای سەربازە بوڵگارییەکان لە قەراغێک وەستابوون و بەحەسرەتەوە سەیریان دەکردن. سەربازە ئەڵمانییەکان تەنانەت سیلە چاوێکیشیان نەدەدانێ.

– هۆی ڕۆمانینە، ئەم ئەڵمانییانە وا دەزانن خەتای ئێمەیە ئەم زیندانییانە وایان بەسەر هاتووە... کەللە زلەکانی ئێمە خەتابارن. لە بوڵگارستان گرانییە. ئێمە خۆشمان هیچمان بۆ خواردن گیرناکەوێ. ژن و منداڵەکانیشمان هیچ خواردنیان نییە. جا بەم حاڵەتە بە چی دەتوانین زگی هەزاران زیندانی تێر بکەین. ئێمە فەرمانمان پێدرا ئەوانە بێنینە ئێرە و هێناشمانن، چاوەڕوانین ڕۆمانییەکان بێن و ئاگاداریان بکەن.

– بوڵگاری گیان، زۆر جوان بە ڕۆمانی قسە دەکەی. ناکا زەمانێک لە ڕۆمانیا ژیابی؟

– نا، من قەت لە وڵاتی ئێوە نەبوومە.

– تۆ ڕۆمانیایی؟

– نا، بوڵگاریم، لە نێزیک «پلیفنا» دەژیم. باب و دایکم ڕۆمانین.

– ناوت چییە؟

– میهای سیپریە فاکا.

– له ماڵەوە بە چ زمانێک قسە دەکەن؟

– هەندێک جار بوڵگاری، هەندێک جارانیش ڕۆمانی. هەر چۆنی بە ئاسانتر بێتە سەر زمانمان وا دەدوێین. بەڵام زیاتر بە ڕۆمانی قسە دەکەین.

– گوندەکەتان ناوی چییە؟

– ئێمە پێی دەڵێین «گیورگ» بەڵام بوڵگارەکان پێی دەڵێن «گافرینو»، زۆر کەس لە بوڵگارستاندا بە ڕۆمانی قسە دەکەن.

– لە ڕۆمانیاش زۆر هەن بە بوڵگاری قسە دەکەن، یەکێکیان خۆمم، ناوم «ستویان– فیلچو»یە. ماڵەوەمان لەوەتای بە بیریان دێت هەر لە گوندی «پیتشت» ژیاون. لە ماڵی ئێمە پتر بە بوڵگاری قسە دەکەین نەک بەڕۆمانی، هەموو باب و باپیرانیشمان هەر وا بوون...

«میهای سپیریە–فاکا»ی بوڵگاری لەگەڵ «ستویان فیلچو»ی رۆمانی، بەزمانی بوڵگاری کەوتنە گفتوگۆ:

– لە زۆر کۆنەوە و لەسەر ئەم خاکە میللەتان تێکەڵ بوون... بەهەر زمانێک قسە بکەین، دیسان هەر ئادەمیزادین.

– ئادەمیزادین بەڵام لە دڕندان خراپتر یەکتر دەدەڕێن...

– ژیانمان لە باڵندانیش سەختترە.

– خوا باڵندان دەپارێزێ.

– کەچی ئێمەی لە بیر چووەتەوە.

– جەنگ!

– جەنگ، ئاغاکان دەستیان پێ کرد.

– بەڵام بارەکەی لەسەر ملی ئێمەیە.

ئەو زیندانییانەی لەژێر سایەبانەکە راکشابوون، وەک منداڵی گەورە و لە

تاقـەت کـەوتـوو لەژێر ئاگـەداری سـەربـازە ئەڵمـانییـەکـاندا بوون. سـەربازە خەپلەکە هەر خەریکی کۆکردنەوەی چیلکان بوو. ئاوەکەی ناو دیزەڵە دەکوڵێ و هەڵمی لێ هەڵدەستا و کاسنی و ئاردی جۆی داغکراوی تیا دەکوڵێ بۆیە لە دوورەوە پیاوی دەخستەوە بیر قاوە.

– هۆی کوڕینە! بەڕێ کەون، خەریکە شەو دادێ.

– وا دێین مام ئۆپریشۆر.

کاتێک بەرەو دانووب ڕێکەوتین، هەستم کرد یەکێک بانگم دەکا؛

– هۆی لەگەڵ تۆمە، لەگەڵ ئەو کوڕە خەپلەیەمە.

کـە سـەرم هەڵگێڕایەوە، یەکـێک لەو زیندانییـانەی بە ئـازارەوە لەسـەر کەلەکەی درێژ بووبوو، دەستی بۆ ڕاوەشاندم و بانگی کردم:

– لەگەڵ تۆمە، وابزانم دەتناسم. تۆ خەڵکی «ئومیدا» نیت؟

– با. بۆچی؟

– کوڕی «تودور»یت؟

– بەڵێ.

– داریایت؟

– بەڵێ.

– دیارە بە سـەهوو نەچـوومە. لەو کاتەوە لە کەشتییەکەدا لە کۆڵ خـۆت کردم و منت هێنایە ژێر ئەم سایەبانە، هەر لە داوە لۆزەی تۆ دام. هەر بیرم دەکردەوە کە دەبێ تۆم لە کوێندەر دیبێ، لە گوماندا بووم کە خۆتی یان نا.

کـاتێک لە روخـساری زەرد و ریش و سـمێڵە درێژ و دوو چاوە بێ شەوقەکەی رامام، نەمدەزانی کام جێی روخساری سەیر بکەم. بە سەر لێشێواوییەکەی من خەندەی دەهاتێ، بەڵام نەیدەتوانی پێبکەنێت.

– دیاره نامناسییەوە. جەنگ و ئۆردوگای دیلان، دیمەنیان زۆر گۆڕیوم.

– زۆر حەزدەکەم بتهێنمەوە یادم، بەڵام هەرچەند دەکەم ناتوانم.

– «درا گومیر»م کوڕی «تکیتسا – گبونەئا»ی خەڵکی گوندی «فیندرا» لە بیرت نەماوە؟ ئێمە ئامۆزای پشت بەپشتی یەکترین.

– کاکە درا گومیر!

دەستەکانم لاواندەوە. نینۆنەکانی درێژ و رەش داگەڕابوون. دەستەکانی هێندە لەڕ بووبوون نەموێرا بیانگوشم.

– داریا، دیمەنم زۆر گۆڕاوە، وانییە؟

– بەڵێ کاکە، دیمەنت تەواو گۆڕاوە.

دواجار کە دیبووم، سێ ساڵ لەمەوبەر لە جەژنی زەماوەندیدا بوو، قەد و قەڵافەتی دەتگوت سەرووی بالابەرزە. سەر زیندوو شاد بوو.

پرشنگی خۆر و شەوقی ژیان گشتی لە چاوی ئەودا دەبریسقانەوە... کەچی ئێستا کۆیەک جلوبەرگی جینگوڕ بەسەر یەکترا کەوتوون و دڵێک لەژێریاندا لێدەدا.

– جەنگ... ئۆردوگای دیلان... خەبەری «میندرا»ت چ لا هەیە؟ لە ماڵەوەم... لە ژنم... لە منداڵەکانم... کاتێک جێم هێشتن منداڵەکەم هەر شیری دەخوارد.

– هەموویان ساغن کاکە درا گومیر، هەموویان تەندروستن و چاوەڕوانی گەڕانەوەی تۆن، تروسکەیەک لە چاوە شوشەییە تاریکەکانی هەڵسا، هیوا و گیانێکی تازەی وەبەرنا. بەڵام یەک دڵۆپە خوێن چییە نەپرژایە ناو گۆناکانی. خۆ ئەگەر پرژابێتیش ئەوە خوێنێکی زەرد و بێ ڕەنگ بووە. لەو کەسانە دەچوو کە پاش نەخۆشییەکی دوور و درێژ، ئێستا لە سەرەمەرگدان.

– کاکە درا گومیر لە کوێندەر بەدیل گیرایت؟

– له «تورتوکایا» بەخوا کوشت و کوشتارێکی سەیر بوو. تەنیا چەند کەسێکمان ساغ دەرچووین. سەرم بریندار بووبوو بەڵام چاک بوومەوە، ئێستاش چاک دەبمەوە...

ئینجا بە سەر سورمانێکەوە پرسی:

– تۆ لێرە چی دەکەی؟

– خەریکم بچمە بوخارست.

– دەگەڕێیتەوە؟

بۆ جاری دووەمیش درۆم لەگەڵ کرد:

– چەند ڕۆژێکی تر دەگەڕێمەوە.

– دەچییەوە ئومیدا؟

– بەڵێ.

– ئەگەر پێشی من گەیشتیتەوە ئومیدا، خەبەر بدە باوکم و پوورت و بلێ منت دیوە. هەر کە چاک بوومەوە دێمەوە ماڵ.

– چاکە کاکە درا گومیر، خاترجەم بە.

ماڵئاواییم لە درا گومیر کرد. دەمزانی کە چیتر نایبینمەوە و زۆر بەزەحمەت هەر دووسێ ڕۆژی تر دەژیت.

چەند کەس بەدارەمەیتەوە لە ساختومانی گومرگەوە بەرەو سایەبانەکە هاتن تا نەخۆشەکان بەرنە نەخۆشخانەی شارۆچکەکە.

– داریا زووکە.

– مام ئۆپریشۆر وا دێم.

ئەو ئاوەی لە کاتی باراندا لەناو بەلەمەکەدا کۆ بووبووەوە، بەمستان فڕەم دایە دەر، کندری بەلەمەکەم کردەوە و سێ بەسێ بەرەو خوارووی دانووب بەڕێ کەوتین.

پاش باران، ئاسمان ساف بووبوو و لەژێر خۆردا وەک جیوە دەدرەوشایەوە. هەموومان بێدەنگ و غەمگین بووین. قامەتی رووەو نەمان و کەلەشی تێک قرماو و سیپاڵ پۆشی سی و دوو کەسی زیندانیی رۆمانیای نەخۆشمان لەژێر سێبەری سایەبانەکەدا جێ هێشت و بەنیگا رووەو خامۆشییەکانیان بەدرەقەیان دەکردین.

لەوکاتەوە کە بەدوای ئەوەوە بووم لەبارەی گۆی زەوی بزانم بۆیە زۆرم دەخوێندەوە. هەمیشە چاوم دەبڕیە ڕۆژ و مانگ و کاکەشانە بێ بنەکان. چاوم لە ئەستێرە پڕشنگدار و سەرگەردانەکانی فەزای بێ سنووری ئاسمان هەڵ نەدەگرت.

پیرەمێردێکی خوێندەوار کە تەمەنی خۆی لە لێکۆڵینەوەی ئاسمان بردبووە سەر، بڕوای وابوو تەنیا لە گۆی زەویدا ژیان هەیە و مرۆڤیش تەنیا لەو گۆیەدا- کە لە نێوان دوو جەمسەری باکور و باشووردا چالاییەک هەیە- دەژیت. پیرەمێردی زانا هەموو شەوان چاوی دەبڕیە پانتایی جوانی ئاسمان، بە ئاهەنگێکی بەسۆزی لاوکانە، بەرگری لەو بڕوایەی خۆی دەکرد و دەیگوت زەمین و مانگ، ڕۆژ و ئەستێرەکان، ئەوەی دەدیترێت و ئەوەی نابینرێت، گشتیان لەلایەن هێزێکی بێ هاوتا و بێ وێنە بۆ مرۆڤ خوڵقێندراون تاکو مرۆڤ ژیان بەرێتە سەر و تام بچێژێ و شادمان بێت. هەر خۆشی پێیەوەی زیاد دەکرد و دەیگوت: گۆی زەوی گوڵستانی پڕ لە گوڵی کایناتە و مرۆڤیش جوانترین گوڵی ئەم گوڵستانەیە، ئینجا بەم چەشنە کۆتایی بەقسەکانی دەهێنا: مرۆڤ گوڵی گۆی زەمینە.

لە قەراغ ئەو کتێبەی لە کتێبخانەی زرئامۆزاکەم «یانکو-براتسی کو» وەرم گرتبوو، دەستێک- کە هەرگیز نەمزانی هینی کێیە- نووسیبووی: «مرۆکان دەشێن گوڵانی گۆی زەوی بن و بێگومان ڕۆژێکیش دەبنە گوڵانی خاک، بەڵام تا ئەو ڕۆژە زۆری ماوە...».

دەمێک بوو ئەم نووسراوەم فەرامۆش کردبوو بەڵام ئێستا لە پڕێکا هاتەوە بیرم، «یانکو-براتسکو» نیگارکێش و ئاسنگەر بوو لە ڕۆژانی یەکەمی جەنگ لە بەرەکانی شەڕدا کوژرا.

مرۆکان گوڵانی گۆی زەوین!

گوڵی گۆی زەوی پاڤیل بوو کە لە تەنیشت من سەڵبەی لێدەدا. ئەو گوڵە ژاکاوەی پێش پشکووتن پەڕ پەڕ دەکرێت.

گوڵانی خاک ئەو گوندییانە بوون کە بە پێخواسی لە ئەسکەلە تەڕەکەی ژێر باران لە تەنیشت کەشتییە یەدەککێشەکە جێمان هێشتن، ئەو گوندییانەی چاوەڕوان بوون بە کەشتی ببرێنە ئەڵمانیا و دیاریش نەبوو کەی دەتوانن دووبارە بگەڕێنەوە لای ماڵ و خێزانەکەیان.

گوڵانی خاک ئەو زیندانییانە بوون کە لەژێر سوانە نیوە سووتاو و خاپووربووەکان ڕاکشابوون و خۆیان دابووە چاوەڕوانکردنی چارەنووسێکی بەسام و دڵگر و تاڵ.

گوڵانی خاک ئەو سەربازە جل شڕ و برسییانەی بوڵگاری بوون کە ئێشکەیان لەوان دەگرت.

گوڵانی خاک ئەو ئەڵمانییانە بوون کە زیندانییە نەخۆشە لە پەلوپۆ کەوتووەکانیان کۆمەک دەکردن تا گاسنیە گەرمەکەی بەدوا تنۆکی شەکری خۆیان بۆیان شیرین کردبوون، بە پەرداغە فافۆنییەکانیان بخۆنەوە.

گوڵی سەر گۆی زەوی من بووم، داریا، جحێڵۆکەی لووت پان و پرچ قرژن. بەو گۆنا پڕ لە پەڵە و خاڵەم کە بەم بەلەمە شڕە بەرەو جیهانێکی گەورەتر دەڕۆم.

نا، ناراست نییە

ئێمە مرۆڤین

ئەو مرۆڤانەی ژان دەگرن.

ئەو مرۆڤانەی رەنج دەدەن...

خۆ گوڵ ژان و رەنج تێناگات

خۆ گوڵ جگە لە پشکووتن و هەڵوەران چیتر ناکات...

– چوزانی؟

– نازانم، پێم وایە.

– سەیربکە، شتێکت لەبیر کردووە. مرۆڤ دەتوانێت گوڵی سەرخاک بێت، بەڵام تا ئەو ڕۆژە زۆری ماوە.

– ئەوەم قبوڵە کە تا ئەو ڕۆژە زۆری ماوە، بەڵام چەند؟

– نازانم، ئەمەیان پێوەندی بە خەڵکەوە هەیە، هەر خەڵکە دەتوانێ ئەو ڕۆژە بەنزیک خەن...

با هێمنی ئاسمانی تێکدا.

خۆر هەموو شوێنێکی روون داهێنابوو، جارجار گرمەیەکی مەنگ لە ئاسمانەوە دەبیسترا.

– مام ئۆپریشۆر گوێت لێیە؟ تا ئێستاش ئەیلیەی پیرۆز بە تیروکەوانەوە بەدوای شەیتاندا دەگەڕێ.

– ئەوە ئەیلیەی پیرۆز نییە. گرمەی بریسکیش نییە. دەنگێکی ترە، هەمیشە دوای هەڵبرینگانی باران و روونبوونەوەی هەوا، ئەم گرمەیە دەبیسترێ. دەنگێکی خەفەی هەیە ئینجا هەر دەشگاتە ئێرە... ئەوە گرمەی تەقینەوەی تۆپەکانی بەرەی بالکانە.

سەرەنجام بە هەزار کوڵەگیانی– هەندێک جار لە ناوەڕاستی زێیەکە و جار جاریش بە قەراغاندا بە سێ ڕۆژان خۆمان گەیاندە شوێنی مەبەست.

لە ترسی هەستی ئەڵمانییەکانی ناو بەندەر، بە ئەسپایی و وەک خەڵکی

ناوچەکە خۆمان گەیاندە لێوار. بە بێدەنگی بەلەمەکەمان لەناو قامیشەڵانەکە ڕاگرت، لە قەراغەوە تاکو پەڕگەی شار لە چەند سەد هەنگاوێک زیاتری نەدەبرد، شار بە سەر و پۆتەلاکی داوەشاو و سووتاو خۆی لە پەنا درەختان شاردبووەوە، جاری وا هەیە گەڵای سەوزی درەختان شتی چەندە ناشیرین و ناحەز لە پەنای خۆیان حەشار دەدەن!

«ڕوسچوک» لە سەر سنگی لێواری بڵند و پتەوی بولگارستان خۆی مەڵاس دابوو. چەند کەشتییەکی ڕەش و بچووکی لێک هەڵوەشاو لەگەڵ دوو کەشتی گەورە کە دەتگوت بەرقەوە تۆپەڵە دووکەڵ لە لوولەکانیانەوە دەردەفرتێنن، لە قەراغەکە ڕاوەستابوون. سووریێتی ڕۆئاوا بوون ڕەنگی سەرپۆشی خانووە سوفالییەکانی ئەوبەر دانووبی داپۆشیبوو، چەند پەڵە هەوری سوور بەتۆقی ئاسمانەوە سەرگەردان بوون.

– براله سەرەنجام گەیشتینە جۆرجیۆ. لێرەش ئاشنایەک دەدۆزینەوە و شەوی لەلا دەکەینە ڕۆژ سبەینێش لەگەڵ کازیوەی بەیان بەرەو هەوراز هەڵدەکشێین و خۆمان دەگەیەنینەوە ماڵ. دە تو هەر ئێستا بەرەو شار بجووڵێ. شەو لای یەکێک بمێنەوە. لەوانەیە پەلکە نانێکت بۆ خواردن دەست بکەوێت چونکە خۆ هیچمان لە بنی توردا نەماوە.

– دەزانم مام ئۆپریشۆر.

– هەوڵ بدە خۆت بگەیەنیتە بوخاریست و بچیتە دوای کاری ئاغا. وەک بڵێی فەرمانی پێدابوویت لە ماوەی سێ ڕۆژان بگەڕێیتەوە، دەشبینی دوای سێ ڕۆژ وا تازە دەگەینە ئێرە... وەک زانیومە لە مێژنییە لای ئاغا کار دەکەیت.

– ڕاستە مام ئۆپریشۆر. زۆر لەمێژ نییە. لە بەهاری ساڵی پارەوە لای ئەو کار دەکەم.

– دڵی خۆت زۆر خۆش مەکە وابزانی ئاغا پیاوێکی چاکە، لە خۆی دڵ

ڕەشتر هەر خۆیەتی. کاتێک کار بەمەیلی ئەو نەڕوا وەک حەیوانی دڕندەی لێ دێت و لەو جێیەت دەدا کە خۆت بیری لێ ناکەیتەوە. بەزەیی و پیاوەتیی بە کەللەدا نایەت.

– ڕاستە؟ سەیری من بکە وام دەزانی ناندەری خوایە.

هەر سێک پێکەوە دامانە قاقای پێکەنین.

– ئەگەر زووتر خۆت نەگەیەنیتە بوخاریست و بەوەخت نەگەییتەوە، ئاغا لە چاوی ئێمەوە دەتبینێ ها.

– خاترجەم بە. هەوڵ دەدەم زوو بگەمە بوخاریست و نامەی ئاغا بدەمە دەست خاوەنەکەی.

– ئەگەر توانیت سواری شەمەندەفەر بە ئەگینا بەپێیان بڕۆ، تا بوخاریست زۆری نەماوە. تەنیا سێ قۆناغە ڕێیە. لە هەر گوندێ بۆ گوندێکی تر دەکرێ بەگاری بچیت... وا دیارە منداڵێکی زیرەکی و دەتوانی بەڕەی خۆت لە ئاو دەربێنی، خۆ ئەگەر وا نەبی لەم ڕۆژگارەدا هەر خوا بگاتە فریات...

مام ئۆپریشۆر بەجۆرێکی وا سەیری دەکردم وەک بڵێی دەڕوانێتە کوڕەکەی خۆی. مرۆ هەرچەند بەد سروشت بێت و ژیان هەر ئەندازە پیاو بەڕق ئەستوور و دڵڕەق و زمان شڕ باربێنێ، دیسانیش هەندێک جاران بۆ ساتێک خۆشەویستی و بەزەیی، دڵی گەرم دەکاتەوە. لەم جۆرە ساتانەدا گشت چاکە و نەریتە پەسندە شاراوەکانی دەڕژێنە سەر پەردەی چاوان و تیشکێکی گەرمی بەخش و پڕ لە بەزەیی لە دیدانییەوە دەدرەوشێتەوە، شەویلاکەی لێک دەبنەوە، وشەی گوێ نەواز لەسەر لێوانی دەبارن کە هیچ پێوەندییان بە قسە ڕەقەکانی پێشووی نامێنێ.

– هەندێک جار هەر کە دڵی پیاو کرایەوە، ئاسمانیش سنگی خۆی والاتر دەکات.

– چۆن؟

– گونبەدە سەوزەکەی ئاسمان لە ڕۆهەڵاتەوە تا ڕۆئاوا لێک دەکێشێتەوە، ئەوسا خەڵک دەبینن فریشتەکان بەخۆشی و شادی لە باغی بەهەشتدا سەرگەرمن و ئاهەنگی شەیپوورە زێڕەکەیان گوێ دەلاوێنێتەوە. دەبینن کە دایکی پیرۆز لە نێوان هەورە زیوینەکاندا پاڵی بە بالیفی زێڕین داوە. ئەوە هەمووی لە چەند ساتێکدا روو دەدات، پاشان دووبارە ئاسمان پێوەدەدرێتەوە.

– ئایە لەم دنیایەدا مرۆیەک پەیدا دەبێ کە گوناحی نەکردبێت؟

– داریا، پیاوی ئاوا زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەون.

– نەنکێ، تۆ هیچ جار دیوتە ئاسمان لێک بکرێتەوە.

– من؟ من ژنێکی خراپم. باری گوناحەکانم لە کرمی هەزارپێی درەختی بی زیاترە. مەگەر هەر خۆت کەم بووە بەمەترەقانم لێ نەدابی و جنێوم پێت نەدابێ؟

درەختە پیرەکەی بەردەرگەی ماڵمان- لە ئومێدا- چەند کرمێکی هەزار پێی سەوز و سەرپشت خاڵ خاڵی سوور و شین و قاوەیی تیابووە لەوانەیە ئەگەر ماوەیەکی زیاتر لای نەنکە بەدخولقەکە خەڵکی کرلومانوم مابامەوە، جارێک ورشەی خۆشەویستیم لە چاوە پان و بەرقەکانیدا بدیتبایە. لەوانەبوو- تەنانەت بۆ ساتێکیش، دەنگیم بەنەرمی بیستبا، چاکم کرد لەوێ نەمامەوە.

چاکم کرد... چونکی پاش من لەوێ چەند ڕووداوێکی ترسناک رووی دا.

کاتێک تێدەگەم هەستم تەنک بووە و خەریکە فرمێسکم سەرەوژێر ببنەوە، لەوکاتدا لە ناکاو سروشتی ئەژدادم تیا زیندوو دەبێتەوە و غروور دەمگرێ و هەوڵ دەدەم خۆم وەک بەرد رەق راگرم.

– نەیەڵی مرۆ بەدەکان بچنە ناو روحت.

– زۆری پێ دەچێ تا تێ دەگەی کێ چاکە و کێش خراپە. هەندێک جاران عومرێکی گەرەکە.

پاڤیلیش بە میهرەبانی سەیری دەکردم. خەریک بوو کۆڵە گریانم بێت. بۆ ئەوەی بیسەلمێنم ناسک و نارنجی نیم، سەرم بەرز کردەوە و سەیرکردنەکانیانم چاو لێ پۆشی و گوتم:

– خواحافیز.

– بەخێر چیت رۆڵە گیان.

پاڤێل لەو بایەخ پێنەدانەی من قەڵس بوو، دەمی گیراو هیچی پێ نەوترا. منیش بە لەنگە لەنگ بەرەو شاری وێران و دیوارە کەلاوەییەکانی رێ کەوتم.

لە دانووب تێپەڕیم و ئەوم کەوتە پشت سەر، ئەو شۆڕە شۆڕە ئارامبەخشەی سێ ڕۆژ لەبن گوێم بوو، نەمدەبیست. دووبارە خۆم بەغەمگین و تەنیا هاتەوە بەرچاو. دوا ساتی ئاوابوونی خۆر بوو. پەڵەی سوور و زلی خستە بان شەپۆلی ئاوەکە. ئاخ چی دەبوو گەر بەدرێژایی ژیانمان جگە لەو رەنگە سوورە خوێناوییەی کە خۆر لە هەڵهاتن و ئاوابووندا بەسەر ئاودا بڵاوی دەکا، چاومان خوێنێکی تری نەدیتبا! بەڵام هاوار سەد هاوار هەمیشە و بەردەوام خوێنی راستەقینە، خوێنی مرۆڤمان لە پێش چاوانە! جەنگ– هەموو کاتێک و لە هەموو شوێنێک– خاک بەخوێن شەڵاڵ دەکا، لە دەوروبەری ئەم دانووبە چ جەنگێک ماوە نەکرێ و چ هەڵلا و هۆریا ماوە کە لێی روو نەدات.

– من خۆم لە نزیکەوە تەماشاگەری یەکێک لەو هەڵلا و جەنگانە بووم. خۆ ئەگەر کەمێک گەورەتر بام لەوانەیە منیش بەشداریم تێیدا کردبا و ئەوسا منیش دەبوومە یەکێک لە خوێن رێژەکان.

– زۆریش بەداخەوە دەبوویت، وەنە؟

– نا، کاتێک بێگاریت بە مل پێ دەکێشن و تێشت هەڵدەدەن، وەختێک پێت پێدەکەنن و گاڵتەت پێدەکەن چۆن دەتوانی هەر وا سەرت داگری و هیچ نەڵێی؟ سەرەنجام جارێکیش تۆ کوتەکی خۆت بەرز دەکەیتەوە یان کێردەکەت هەڵدەکێشی لە کەلەکەی قەڵەو و بە بەزی ئاغای ڕۆدەکەی کە لەژێر جلوبەرگی گراندا شاردوویەتیەوە، ئەو ئاغایەی نازانێ مرۆڤایەتی چییە و نە مانای بەزەیی دەزانێ. جا بە سەیری مەزانە کە هەندێک جار پاپەتییەکان بەبێ ترس بێڵ و شەنەکانیان هەڵگرن و یاخی بن، ڕاپەڕن و ماڵ و سامانی ئاغا ئاگر بدەن... سەرەڕای ئەمەش، رقی کۆوەبووی ناخی دڵی خەڵکی پێخواس بەدەگمەن دەتەقێتەوە.

لە ساڵی ١٩١٣، خەڵکی هەژار و دەستکورتی گوند و شارەکانی ڕۆمانیا ئامادە نەبوون لەگەڵ دراوسێی ئەوبەر دانووبی خۆیان- بولگارستان- بکەونە جەنگ. بەڵام سەرەنجام لەژێر تینی ژاندرم و یاساوڵ چۆکیان دادا و کەوتنە جەنگ تاکو فەرمانی دەوڵەت ڕاپەڕێنن. ئەو دەوڵەتەی دینگەی وەستانی لەسەر بنچینەی سیستەمی بێگاری بوو.

– ئێمە لە بولگارستاندا بەدوای چییەوەین؟

– بەدوای گرتنی «سیلیسترا»ین.

– ئەمەیان چ شتێکە؟

– ناوی شارێکە.

– مەگەر ڕۆمانییەکان لە وێندەردا دەژین؟

– نا، هەموویان بولگارین.

ئەی بۆ دەبێ داگیری بکەین؟

– دەوڵەت وای فەرمان داوە.

– وا باشه بڵێی ئاغاكان وایان دەوێ.

– تۆ وابزانە...

پیاوی هەژار شانی نەداوەتە بەر شەڕكردن دژ بە مەجەرەكان، هەر وا دژی ئەڵمانی و تورك و بوڵگارییەكان! بەڵام دواجار ناچاریان كردن كە بچنە جەنگ. سەربارى ئەوەش لە ناوچە شاخاوییەكانی لای «ئاردنال» باشووری مەڵدافیا- كە دوژمن ددانی تیا گیركردبوو- خراپ نەدەجەنگان!... نیوەكەی تری وڵاتیش لەژێر دەستی ئەڵمانییەكاندایە، لەژێر قامچیدا گیان دەدەن و كاردەكەن تاكو سوپای دوژمن و وڵاتی دوورەدەست و بێگانە تێربكەن. جەنگ گۆشت و خوێنی گەرەكە و مرۆڤانیش گۆشت و خوێنی خۆیان پێشكێشی جەنگ دەكەن.

جەنگ!

جەنگ!

لەوانەیە لەو خوێنەی كە مرۆڤان داوەتیانە زەوی- كە ئێستاش هەر تینووە- مێلاق بڕوێت، ئەو گوڵەی كە سەرەتای بەهاران لەناو كێڵگەی گەنمان شین دەبێ.

لەوانەشە گوڵی مێلاق بۆیە شین بێ تا پێمان بڵێ:

– كاتی ئەوە هاتووە دەست لە خوێن رشتن هەڵگرن!

كێ دەزانێ... مەگەر كەس لەو دنیایەدا هەیە لە گشت راز و نهێنییەكانی زەوی بگات؟

كێ گوێی هێندە تیژن تا دەنگی گوڵان ببیستێ،

زمانی درەختان بزانێ

بە زمانی گژوگیا بدوێ،... و بزانێت ئەستێرەكانی ئاسمان لە قووڵایی شەودا بەورشە ورشیان چی دەڵێن؟...

لەم فکر و هزرانەدا نقوم بووبووم کە بەباریکە رێیەکی پڕ تەپوتۆز بەرەو شاری وێران و سووتاوی ناو جەنگ شۆڕ بوومەوە. لە پڕێکا ئەو چەند دێرەی لەمێژ ساڵ بوو لە بێ خەبەریدا خوێندبوومەوە، هاتەوە یادم...

«جورجیو» ناوچەیەکی پڕ لە خەڵکە و لە قۆناغی کۆن و باستاندا بەدەستی خەڵکێکی رق ئەستوور و پەستەک پۆش دروست کراوە...

دوای هێرشی تورکەکان کە لە ئاسیای بچووکەوە بەرەو ئێرە هاتن، ئەم ناوچەیە بووە باجدەری دەوڵەتی عوسمانی و تاریکی باڵی بەسەر هەموو شوێن داگرت، ئیتر لەوە بەولاوە وێنەی منارە سپی و باریکەکان لە شەپۆلاوی دانووبدا خۆیان دەدایەوە. بەکرێ گیراوانی «بابی عالی» لەگەڵ فەرمانی دەسەڵاتدارانی «وڵاتی رۆمانیا»* و بەیارمەتی سوارانی رکێف گری پڕ چەک بەرەو بوخاریست ملی رێگەیان گرت. هەر لەم رێگەیەوە سەری بەشێکی زۆر لە خەڵک خرایە خورجینی بەگزادەکان و بەرەو ئەستەمبوڵ بردرا...

– داریا، لەم رێگەیەدا تۆ بەدوای چیدا دەگەڕێی؟

– بەدوای هەر چییەکەوەبم فەرمانڕەوانیم، وا دەمبینی خزمەتکارێک زیاتر نیم.

ئەمەیانم درۆ بوو، لەشکرێک مێش بە وزە وز پێشاوپێشم دەڕۆیشتن. هەندێک لەم رکێف گرانەم وەک زێروو پێمەوە نووسابوون. لەبەر تیشکی رۆشنایی خۆرئاواییدا مێشەکان وەک ئاڵتوون دەدرەوشانەوە. گەنم گوڵیان

---

* رۆمانیا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەسەر سێ فەرمانڕەوایی دابەش کرابوو: رۆمانیا، مەڵداڤیا لە باکوری رۆهەڵات و ترانسیکفانیا لە باکوری رۆئاوا. عوسمانییەکان دوای داگیرکردنی باکوری دانووب بە باشیان زانی لە جیات فەرمانڕەوایی راستەوخۆی تورکان، دەسەڵات بدەنە دەست چەند والییەکی یۆنانی کە دانیشتووی ئەستەمبوڵ بوون.

زەرد کردبوو پێگەیشتبوون ئامادەی دروینەوە بوون... شنەبایەکی نەرم گوڵەگەنمەکانی دەلەراندەوە.

لە کۆتایی باریکە رێیەکەدا کچۆڵەیەکی رەنگ زەردهەڵگەڕاو و لاواز ریشمەی ئەسپێکی بۆری بەدەستەوە و راوەستابوو. پەراسووی ئەسپەکە لەژێر پێستییەوە دەرپەڕیبوون و دەمی لەناو قشلاغی کەنار ڕێگەکە دەگێڕا تا ددانی لە شتێک گیربێت- کچۆڵە بەدیقەت تێی ڕوانیم. چاوەکانی شین و قژی وەک رەنگی چافداربوو. سەرگۆناکانی زەردهەڵگەڕابوون و لووتی تیخاڵ تیخاڵ بووبوو، دەستیشی هەروا. من نیشانەکانی نەخۆشی «پلاگەر»م دەناسی، ئەو نەخۆشییەی تایبەت بە هەژاران بوو لە ئەنجامی کەم خواردن سەری هەڵدەدا و هیچ دەرمانیشی نەبوو.

لە وڵاتی گەنمدا، «پلاگەر» نەک هەر لە گوندەکان بگرە لە دەوروبەری شارەکانیش- ئەو شوێنەی کە کرێکاران لەسەر پارەی ئیشی ڕۆژانە دەژین- پەرەی سەندووە.

گەڕەکی هەژارانی ناوشار لە رووی خانووە سەر تێک دارماو و بەدقەوارەکانیان و بەسەرپۆشە سووتاو و کاریتە تێکشاوەکانیان لێک دەچوون. دانیشتووانی شار کە پێش ماوەیەک هەڵاتبوون، ئێستا گەڕاونەتەوە و رستەی ژیانیان سەرلەنوێ بەم خانووانە گرێ داوەتەوە.

سڵاوم لە کچۆڵەکە کرد و پرسیم: لە کوێوە بڕۆم دەگەمە ئێستگەی شەمەنەفەر؟

– چیت وت؟

– هیچ. پرسیم ڕێگەی ئێستگەی شەمەنەفەر لە کوێوەیە؟

– وا دیارە خەڵکی ئەم ناوە نیت.

– ئەدی رێبوارم. لە ڕێگەیەکی دوورەوە دێم.

– له ڕێگەیەکی دوور... چ ئیشت له ئێستگەی شەمەنەفەر هەیە؟

– دەمەوێ بچمە بوخاریست.

– ئاسویزت* له ئەڵمانییەکان وەرگرتوون؟

– نا.

– کەواتە بە خێرایی مەچووە ئێستگە. بەبێ ئاسویز وەرگرتن له فەرماندەی ئەڵمانییەکان قەت نایەڵن سواری شەمەنەفەربیت. ئەوەت نەدەزانی؟

– دەمزانی بەڵام ئاغا پەلەی بوو دەیەویست بێ دواکەوتن بەرێ بکەوم.

کچۆڵە داهاتەوە و گوڵێکی شین و بچووکی لەناو گژوگیا چنی و لاچکی گوڵەکەی له قەدی پەنجەکانی خۆی ئالاند. چاوەڕوان بووم بزانم چی ترم پێ دەڵێ.

– کارێکی باشت نەکردووە کە بەبێ ئەو پەڕە کاغەزە زەردەی ئەڵمانییەکان، لە ماڵ دەرکەوتووی. ئەگەر دەتەوێ بگەیتە بوخاریست دەبێ بەپیادە لەم گوندەوە بۆ ئەویتر بڕۆی.

– باشە. بەپیادە دەڕۆم. تاقەتم نییە لەگەڵ ئەڵمانییەکان چەنە لێدەم. ئێستاش بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێم کە ئەمشەوی تیا بخەوم.

– دەتوانی بۆ نووستن بێیتە ماڵی ئێمە. بۆ ئێمە هیچ زەحمەت نییە. باوکیشم پێت دەڵێت چۆن بەبێ گرفتاری خۆت بگەیەنیتە بوخاریست... هەیهە حەیوان بڕۆ ماخۆ مردوو...

ئەسپی لاواز و مردۆخ کە ڕێشمەکەی راکێشرا، دەمی خۆی بڵند کرد و بەدواماندا ڕێکەوت. تەقەی سمانی دەبیسترا کە له خاک و خۆڵی دەکوتان.

---

* ئاسویز بە ئەڵمانی واتە پسوولەی ڕێگەپێدان.

زۆر زوو گەیشتین. خانووە بچووکەکەیان دەتگوت بە تەنیشتدا راقەنابوو. دیاربوو ئاگر بەکەناریدا تێپەڕیبوو، بەڵام لە چنگانی قورتار بووبوو. کۆڵەگەکانیشیان لەبەر دەرهێنابوون.

– کۆڵەگەکان، سەربازە ئەڵمانی و پۆڵۆنییەکان ئەوکاتەی لە دانووب پەڕینەوە، دەریان هێنا، هەوا سارد بوو بۆیە کۆڵەگەکانیان دەردەهێنان و ئاگریان پێ دەکردنەوە. ئەوەی مابووشەوە سەربازەکانی خۆمان ئاگریان تێ بەردا.

پیاوێکی بەساڵاچوو پاڵی بەچوارچێوەی دەرگەکە دابوو. ئەویش لاوازبوو لووت و دەستەکانی تیخاڵ تیخاڵ بووبوون.

خانووی بێ کۆڵەگە و سووتاو کە سەرپێیی چاک کرابوونەوە، دیمەنێکی پشت گوێ خراو و غەمگینیان بەگەڕەکەکە دەدا. هەڵبەت چەند بنەبییەکی تۆزاوی و بەتیشکی خۆر هەڵکرووزاو ئەم دیمەنەیان نەدەگۆڕی.

کچۆڵە لاوازەکە، ڕێشمەی ئەسپەکەی بە بنەبییەک بەستەوە و گەڕایەوە لامان. گارییەکی بارکێشی لێک هەڵوەشاو لەبەر هەیوانی ماڵەکە دەبینرا.

– چییە ئەیغانکە؟ میوانت بۆ هێناوین؟

ئەیغانەکە ئیشارەی منی دا:

– وابزانم لە باکوری دانووبەوە هاتووە. ئاو لەگەڵ خۆی هێناویەتی. ئێستا ئاو پیاوی زیندووش لەگەڵ خۆی دێنێ.

لەوانەیە واق وڕمانی لە چاومدا خوێندبیەوە چونکە دووبارە قسەکانی خۆی دووپات کردەوە:

– ئەدی، ئێستا ئاو پیاوی زیندووش لەگەڵ خۆی دێنێ، سەرانسەری پایز و زستانی رابردوو ئاو لاشەی سەربازە بریندار و کەلاکی هەڵمساوی لەگەڵ دەهێنا. ئەم کوڕە دەیەوێ بچێتە بوخاریست و هیچ جێگەش نییە ئەمشەوی

لێ بخەوێ و ڕێگەش پێ نازانێ. مسۆگەر برسیشیەتی.

شتێکی راستە کە تێر ئاگای لە برسی نییە بەڵام راستیشە کە برسی، برسی لە چاوان ڕا دەناسێ.

– گرینگ نییە... ئەگەر بەدوای جێدا دەگەڕێ دەتوانێ شەو لای ئێمە بمێنێتەوە. خۆراکی دوو نەفەریمان بە سێیان دەخۆین. ڕێگەش دەدۆزینەوە، ئاخر ئەوەی دەگەڕێ دەشدۆزێتەوە. ئەمەش دەگاتە بوخاریست هەڵبەت ئەگەر بیەوێ بگات. تۆ بۆ لەوێ راوەستاوی کاکە، فەرموو وەرە ژوورەوە. بەخێرهاتی...

پێش دەمێک- ئەو کاتەی کە قەراغ دانووب لە «لایوش ئۆپریشۆر» و «پاڤێل» جیابوومەوە، غەم و پەژارەیەکی قووڵ دایگرتم و ئێستاش لێی دەرنەچووم. ئاغای ناپیاو و مۆنە، چەند لیرەیەکی لەبەری دەست نام و بەپەلە منی سواری بەلەمی پیرەمێرد کرد. تەنانەت مەجالی نەدام لەتکە نانێکیش لەگەڵ خۆم بێنم. خۆ هەر بە مێشکیدا نەهات کە تا بوخاریست، لە ڕێگەی ئاو و وشکانیدا ماوە چەندە. لە ماڵی ئاغادا- ئەو شوێنەی کە «ئیلونکا» و «ئامووس» و زۆری تر دەژیان نانیش زۆر بوو. لایۆش ئۆپریشۆر و پاڤێل ناچار بوون خۆراکی خۆیان لە گەڵم بەش بکەن. پیاوی غەریبە لە بەردەرگەی ماڵەکەی خۆی پێی دەگوتم:

– فەرموو وەرە ژوورەوە کاکە. بەخێرهاتی. مرۆ لە هەموو شوێنێک پەیدا دەبێ.

ئێمەش لە گوندەکەی خۆمان «ئومیدا» بەهاتنی میوان دڵخۆش دەبووین دەرگەی ماڵی خەڵک وەک دەروازەی دڵیان کراوە بوو. خانووە بچووکەکەی خۆمان- کە جێی خۆمان بەتەواوەتی نەدەبوو- هەمیشە پڕ لە گۆزەفرۆش و عەرەقفرۆش و پەتاتەفرۆش و نەوتفرۆش وردەواڵەی عەتاران بوو. شەویش هەر لەوێ دەنووستن. هاوینانیش عارەبانەکانیان دەهێنایە حەوشە و لە

پەنایدا دەخـەوتن. ئێـمـەش خـۆمـان یان لە دالآنێـدا دەنووسـتین یان لە حەسارەکەی ئەودیوی خانووەکەمان و لەژێر دارەتووەکەدا رادەکشاین لە ریز یەکتر دەنووستین. زستانانیش لە هۆدە بچووکەکەماندا و بە پەنجەرە لێک دەرپەڕیو و بانە نەوی و داهاتووەکەی میوانەکانمان تیایدا دەنواند. خۆراکە نەمر نەژینەکەشمان لەگەڵ ئەو میوانە نەدیو و نەناسراوانە بەش دەکرد.

– ئەم خەڵکە غەریب و رێبوارە دەربەدەر و ماندوو و نەدارانە، وەک ئێمە ئادەمن. چۆن دەتوانین بڵێین شەو لە قەراغ جادە بنوون؟ بەناخێری گیانمان ئێمەش ئینسانین.

– بۆچی چیم وتووە. «تیۆدۆر»؟

– ماریا وا هاتییە بەرچاوم وەک بڵێی رووت گرژ بێ.

– ئاخر لەبەر داریامە تای هاتووەتێ.

بەشی هەرە زۆری ڕۆژان تام لێ بوو. ورگم هەڵمسابوو پڕبوو لە زەرداوی زەرد و سەوز، هەر کاتێک دەرشامەوە سووک دەبووم و دەحەسامەوە. ددانیشم دەهێشا. نەخۆشی «سوورێژە»م گرتبوو. هەر کە سەرمام دەبوو گەرووم پڕ دەبوو لە دنکی سوور و هەڵدەمسا.

– بینوێنە، چاکتر دەبێت.

هەندێک جاران باش دەبووم هەندێکیش نا. دواجار چاک دەبوومەوە. بەتیشکی خۆر و گەڵای بی و توو دەرمانیان دەکردم...

ئێستاش بۆ جاری دووەم، لە گەڕەکی هەژارنشینی جۆرجیۆ رووەو رووی دەرگەی کراوە و دەروازەی ئاوەڵای دڵی خەڵک دەبمەوە.

– خەڵکی کوێندەری؟

– خەڵکی «ئۆمیدا».

– «ئۆمیدا» له‌ کام لایه‌؟

– له‌ نێزیک «تۆرِنتۆ»یه‌.

– لێره‌وه‌ زۆر دووره‌...

– هه‌نده‌ک...

بۆم گێڕایه‌وه‌ له‌ کوێ کار ده‌که‌م و چۆن ئاغا بۆ گه‌یاندنی تاکه‌ نامه‌یه‌ک ئاوها به‌ره‌و بوخاریست به‌ده‌ری ناوم.

کابرا ته‌نیا له‌گه‌ڵ کچه‌که‌ی له‌ قه‌راغی گۆشه‌گیری شاری سووتاو و خاپوور ده‌ژیا– له‌وه‌ی که‌ ئاوده‌نگییه‌کی به‌ده‌ست که‌وتبوو، دڵخۆش بوو... وه‌ک بڵێی من خۆشحاڵ نه‌بم، به‌تایبه‌ت که‌ تازه‌ چه‌ند پارووه‌ نانێکم گه‌ییبووه‌ سک.

– ناوی من «نیتشا ئولینته‌» یه‌کێک له‌ باپیرانی من که‌ وابزانم یۆنانی بووه‌، زۆر له‌مه‌وبه‌ر هاتووه‌ته‌ ئه‌م به‌نده‌ره‌ گه‌لاوه‌ و نیشته‌جێ بووه‌. که‌شتییه‌کانی ئیتاڵیا له‌ به‌نده‌ری «جنێف»ه‌وه‌ شتومه‌کیان ده‌هێنایه‌ ئێره‌ و له‌ بریدا گه‌نم و دانه‌وێڵه‌یان بارده‌کرد و ده‌یانبرد...

ده‌مێک بوو کچۆڵه‌ له‌ هۆده‌که‌دا خه‌وی لێ که‌وتبوو. من و خانه‌خوێی پلاگیر گرتووم له‌ دالانی بێبان و له‌سه‌ر چه‌نده‌ به‌سته‌ پووشێک لێی راکشاین. ئه‌ستێره‌کان به‌سه‌رمانه‌وه‌ ورشه‌ ورشیان ده‌کرد. ته‌ماشام ده‌کرد که‌ چۆن «کلیلی بامور* له‌ قوژبنێکدا به‌ته‌نیا ماوه‌ته‌وه‌» و «رِێگه‌ی کۆیلان»**یش چۆن له‌وسه‌ر بۆ ئه‌م سه‌ر راکشاوه‌.

– ژنه‌که‌شم «پتریتشا» بوڵگاری و خه‌ڵکی «روچوک» ئه‌وبه‌ری دانووب بوو، خه‌ڵکی ئێره‌ش وه‌ک هه‌موو شوێنه‌کانی تری رۆمانیا– زۆر پێکه‌وه‌ تێکه‌ڵن.

---

* ناوی یه‌کێک له‌ شکڵه‌ ئاسمانییه‌کانه‌.

** ناوێکی تری «رِێگه‌ی کاکێشانه‌».

دانووب هەندێکیان لەگەڵ خۆی دێنێ و هەندێکیانیش هەر دانووب لەگەڵ خۆیان دەیانبات. زۆر کەس کە بە قەراغ دانووبەوە نووسان ئیتر لێی نابنەوە. وەک باپیرە یۆنانییەکەی خۆم کە ئێرەی بەجێ نەهێشت، یان وەک زۆر لەو تورکانەی کە بوونە نیشتەجێی ئێرە. کە ئیمپراتۆری عوسمانیش لاوازبوو سەرەنجام لێک هەڵوەشا، ئەوانە نەگەڕانەوە. نەوە و نەنجامەکانیان ئێستاش کە ئێستایە لەم دەوروبەرانە شەڵواری فش لە پێ دەکەن و مەندیلی سوور دەبەستن. لەوەتای دنیا دنیایە هەر وابووە! مرۆ بەو پارچە زەوییەوە دەنووسێ کە چۆڕە ئاوێک و پارووە نانێکی بۆ خۆی و ژن و منداڵەکەی لێی دەست کەوێت، ئەوسا ئیتر چەتوونە لەوێ هەڵکەنی و بەرەو شوێنێکی تر کۆچ بکات. من خۆم لە بەندەردا حەمباڵیم دەکرد و پارووە نانێکم دەهێنایەوە. لە سێ ساڵ لەمەوبەر کە شەڕ دەستی پێ کردووە، ئەم بەندەرەش کاری تێدا گیر ناکەوێ. لەو کاتەوە تا ئێستا تەنیا چەند کەشتییەک توانیویانە لەنگەر بدەن. شەمەندەفەرەکان هەرچی بۆ و بەرامە بوو لە «ئیلفۆف» و «فلاشکا» و «یالۆمیتسا»وە هێنایان و خستیانە سایلۆکانی بەندەر و بۆ ئینگلیزەکانیان عەنبار کرد. هەر کە شەڕ لموزی لەم لایە کرد تا سەربازەکانی خۆمان زانییان، ئەڵمانییەکان لە دانووبیش پەڕینەوە و گەیشتنە «زمینچا» و ویستیان گەنمەکان ئاگر بدەن. بەڵام بۆ گەنم وا بەئاسانی دەسووتێ؟ لە پارەوە تا ئێستا ئەڵمانییەکان بەردەوام گەنم باری کەشتییەکانیان دەکەن و دەیبەن، تا ئێستاش تەواو نەبووە. لە شار و دەوروبەرەکانی خەڵک وا لە برسان دەمرن. دوژمن هەرچی بکەوێتە پێش تالانی دەکا. چییان بۆمان بەجێ هێشتووە. تەنیا خۆڵەمێش و چاو. چاویشیان بۆیە بۆ بەجێ هێشتووین تا فرمێسکی پێ ببارێنین. ئەویش کەسێ ئەگەر چاوی بۆ مابێتەوە.

– ئەڵمانییەکان خەڵکیان زۆر کوشت؟

– تا توانییان کوشتیان. هەندێکیان گوللەباران کردن و ئەوانی تریشیان ڕەشاوێژی کوشتن. کاتێک ئەڵمانییەکان گەیشتنە ئێرە، ئەم ناوچەیە مەحشەری مەزن بوو. ئەڵمانییەکان پاک شێت بووبوون. زۆربەی خەڵک لە ئاگردا سووتان.

– بۆ لە ئاگردا سووتان؟

– کاتێک خانووەکانیان ئاگر دەدان، خەڵک بۆ کوێ چووبان؟

– جا خۆ ئێستا بارودۆخەکە هێدییە؟

– هەندێک جاران.

ئا لەوکاتدا قرمەی تفەنگان هەڵسا.

– سەیرت کردووە، چەند هێمن و هێدییە...

چەند سەگێکی وێڵ گەرد کە قرمەی تفەنگان ئارامییان شێواندبوون، دەستیان بەوەڕین کرد. پشیلەیەکی بێ خەیاڵ، لە دەروازەی دالانەکە هاتە ژوورەوە و لە خوار لاقی ئێمەوە جێی خۆی خۆش کرد.

ڕێگەی دیلان هەروا وەستاو و درەخشان بوو.

– ئێستا ئەڵمانییەکان شەڕ لەگەڵ کێ دەکەن؟ ئێستا تفەنگ بە کام لاوە دەنێن؟

– لەم دەوروبەرانە لەگەڵ هیچ کەس. بەرەکانی جەنگ بەسیان نییە؟ ئەم تەقەیە لەلای بەندەرەوە دێت. خەڵکی برسیی ئەم دەوروبەرانە خۆیان بە عەنبارەکاندا دەکەن تاکو چەند توورەگەیەک گەنم بدزن. شەوانی تاریک بوڵگارییەکانیش لەم بەرەوە بە بەلەم دێن و دەستێک بە عەنبارەکاندا دێنن. ئاخر گرانی لەوێندەریش داد دەکا.

– هیچیان چنگ دەکەوێت؟

– هەندێک جار ئا، هەندێک جاریش نا. ئەڵمانییەکان نازانن ڕوحم چییە.

بێباکانە تەقە دەکەن.

– شەڕ لەم ناوچەیە زۆر توند بوو؟

– ئادی بەڵام پێش ئەوەی کەشتییەکانی ئەڵمانیا و هاودەستەکانیان لەنگەر لێدەن، شار وێران بووبوو چونکە لە بولگارستانەوە بە تۆپ لەو دوورەوە جۆرجیایان دەکوتا. جگە لەوەش، زیاتری خاپوورییەکە چەند کەشتییەکی تۆپداری نەمسایی کردیان. لەناو ئاوی دانووبەوە لەوبەر دوورگە بچووکەکان خۆیان مەڵاس دابوو و تۆپیان پێوە دەنایەن.

– نەدەکرا نقوم کرابان؟

– بە چی؟ بە قۆچەقانی؟ لە سەرتانسەری دانووبدا دوو تۆپی باش چنگ نەدەکەوت... کاتێک بولگارەکان و تورکەکان هاتنە ناو شار، ئاگریان تێ بەردا. ژنەکەی منیش لەو ئاگردانەدا سووتا و مرد.

– کێ ئاگری تێ بەردا؟

– تورک و ئەڵمانی و بولگارییەکان. سەربازەکانیان دەسەڵاتی خانوو سووتاندنیان هەبوو. دەیانتوانی ئینسان بکوژن. گێڕانەوەی بەسێنایی نییە! هەتا توانیان کوشتیان و تاڵانییان کرد. دەتگوت شێت بوون. ئەو کات من لە شار نەبووم، چووبوومە بوخاریست. دوای دەرچوونی من جەنگ دەستی پێکرد. هەر کە دۆخەکە هێور بووەوە منیش گەڕامەوە، ئاخر چووبامە کوێندەر؟

– لە بولگاریاوە زیندانیانیش دێننە ئێرە؟

– جارجار چەند کەسێکیان لەوبەر دانووبەوە دەگێڕنەوە ئێرە. ئاغاکان بۆ بێگاری و رەنێوهێنانی زەوییەکانی خۆیان دەیانهێننەوە. ئاخر هەندێک گوند گیانلەبەری تیا نەماوە. زەویش ئەگەر کاری لەسەر نەکرێ بە بەیاری دەمێنێتەوە و زیان بە ئاغا دەگەیێنێ. بەڵام ئەو زیندانییانەی دەیانگێڕنەوە ئێرە بە ئینسان ناچن، هەر پێست و ئێسقانن جا هەر گیانی بەخت

هەڵگەڕاوەیە و نایەوێ لە لەش جیا بێتەوە... بەڕای من گەورەترین راز و فریودەرترین جوانی ئا لەمەدایە. هەرچەندە لەش رەنج بکێشێ و گیان چەرمەسەری بچێژێ هەمیسان گیان و لەش دەست لەملان دەمێننەوە، نە گیان بەجیابوونەوەی لە لەش رازی دەبێ و نە لەش دەیەوێ گیان لێی دوورکەوێتەوە. دان بە جەرگدا دەگرێ و تەحەمول دەکات و خۆی بە ئاردی زوڕاتی کەپەک لێدراو و زەردکراو و هەرزن تێر دەکات قلە ترش و شیرە دارەکانی کەنەف دەجوی و قووتی دەدا. توێکڵی درەخت و ریشەی گیا دەمژیت. وەک گیاندارانی کوێر و لە رووناکی رەوەک لەژێر زەمیندا دەژیت. هەموو شتێک هەڵدەگری و بەخۆی دەڵێ: ئەمەش دەڕوا و ڕۆژێکی باشتر دێت. تا ئەو ڕۆژەش دەبێ بمێنم و بژیم.

بێدەنگی باڵی داگرت، بێدەنگییەکی قورس و تاڵ هەروەک گەردەلوولی مەرگ.

ڕێگەی کۆیلان مۆلەق وەستاوە و دەدرەوشێتەوە.

ڕێگەی کۆیلان...

پیرەمێردەکان دەیانگێڕایەوە، ئەو کاتەی کە قۆزاقەکانی «زاپوروژە لە باکور»ەوە کەوتنە جەنگ لەگەڵ بەگزادە خۆش جلوبەرگ و بۆگەنەکانی پۆڵۆنیا، تەتەرەکانی کریمە بە فەرمانی «بابی عالی» کەوتنە تالانکردنی «رۆمانیا»- کە مەڵبەندی باج ستاندنی خۆیان بوو- ئەوانە تالانیان کرد و گریان دا و کوشتیان و بەدیلیان گرت. دەبوو هەندێک لەو کۆیلانە دوای چەندان ساڵ رەنج و بەدبەختی، بواری راکردنیان بۆ دەڕەخسا و شەوانە بەدزی لە بیابانە بێ ئاو و گیاکانەوە بەرەو زادگای خۆیان دەکەوتنە ڕێگە. چاوساغ و ڕێنوێنیکاریان لە شەواندا هەر ئەم ئەستێرە دوور و درەخشانانەی ڕێگەی کاکێشان بوو. لەو کاتەوە خەڵک ناویان لێ نا: ڕێگەی کۆیلان...

دەسـەڵاتی تـەتەرەکان لەنێـو چوو، ئێسـتـاش نۆبەتی ئەڵمـانەکانـە هێرش بەرنە سەر وڵاتـان و خەڵکەکەی بکەنە کۆیلەی خۆیـان. خاکی ئەڵمانیا پڕبوو لە ئۆردوگای دیلان.

– جەنگ...

– چ پێویستیمان بە جەنگ هەیە؟...

ڕێگەی کۆیلان قـەتـیس بەتۆقی ئاسـمـانی خـۆڵـەمێشـەوە دەدرەوشـێتـەوە. لەولا لە ڕۆهەڵاتدا لە مـانگی (شـوبات) تزاری گـەورە و بە توانایان لە تەختی چەند سـەد سـاڵـەی هێنایە خـوار. خـەڵک یەخـەیان گـرت و لەسـەر تەخت فڕەیان دایە خوار. هەر ئەو کرێکارانەی چەکوچیان بەدەستەوەبوو، توانییان چەک هەڵگرن. ئەو جـووتیـارانەی دەیانزانی بەداس چۆن دروێنە بکەن، فێربوون تفەنگ بتەقێنن.

خەڵک، خەڵکی گەلەکۆ و پێخواس و برسی.

شۆڕش پەرە دەستێنێ، قـووڵ دەبێتـەوە و بڵێسـەکانی سـەرانسـەری گۆی زەوی دادەپۆشێت.

«نیتسا ئولینت» لەسـەر تارمە کایەکە خەوی لێ کەوتبوو، بەڵام خـەوەکەی خـەو نـەبـوو. پـرخـەی دەهات، ددانی لە چیـرەوە دەبردن وەک ئاژەڵێکی تـووڕە وابـوو، قسـەی بێ مـانـای لە زار دەردەپەڕیـن. قـۆڵە پڕ لە تاو و قـاچە لەرزۆکـەکـانم دەدیـت وەک بڵـێی دەیەویست لە بەرابەر تاقـمـێک وێڵگەردی کـوتەک بەدەست بـەرگری لە خـۆی بکات. کـاتێک هێـور دەبووەوە کـەلەخـی کـز و لاوازی خـر دەبووەوە و دەیناڵاند. پاش مـاوەیەک دیسـانیش ددانی لە چیـرەوە دەبردن و قـاچـی رادەوەشـاند و بەبێ ئومـێدی بەرگـری لە خۆی دەکرد.

جـەنگ، هەر ئەم جەنگە و گشت ڕووداو و ئاکامەکانی، خەو و خۆراکی لە

خەڵک بڕیوە... خەو و خۆراکیان وەک ئەو کەسانەیە کە خوا خەو و خۆراک و پشووی لێ سەندنەوە...*

زۆر کەمم لەسەر جەنگ دەزانی. تا ئەم دواییەش وام دەزانی جەنگ یانی تێپەڕینی تاقمی سوارە نیزامی خەڵکی «بافاریا» پیسی و سووکایەتی سەربازانی ئەڵمانیا و نەمسا و مەجار دەرحەق بە خەڵک، هەروا چەند خانووەکی سووتاوی ناو شاری «تۆرِنتۆ»، دیمەنی گوندە سووتاوەکانی سەر لێواری دانووب و ژمارەیەکی زۆر گۆڕستانی ئەو جێگەیانەی کە هیچ کەسێ بیریان لێ ناکاتەوە.

کاتێک بە تەنیایی بەو ناوچە پان و بەرینەی نێوان جۆرجیۆ و بوخاریست تێپەڕیم کە هەمووی خاپوور و چۆڵ کرابوو، ئەوجا کەم کەم مانای جەنگم بۆ دەرکەوت. هەشت مانگ لەمەوبەر کاروانی ئاگر و خوێن، کارەسات و بەڵا بێرەدا تێپەڕیبوو، بەشێکی زۆر لە دەشتی «مونتەنیا»م بڕیبوو هەموو شوێنەکانیم بەلاوە ئاشنا بوو. ئەم دەشتە پان و بەرینە پڕ لە گرد و گردۆڵکەیەی جێ ناجێی چەند بنەدارێکی بی لێ ڕواوە، گوندەکانی باوەشیان بەڕووی ئاسماندا کردبووەوە و بانگیان دەکردی تا بچی تینوێتییان پێ بشکێنێ. بەڵام ئەم دەشتە ئێستا لە وێرانی مەرگ پەنگ دەخواتەوە. ئەم ناوچەیە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا بەدەست لێنەدراوی و خۆڕسک مابایەوە هێندە جوان و رازاوە دەبوو کە چاوم لێی تێر نەدەبوو و دڵمی شاد دەکرد. سەردەمایەک لێرەدا خەڵکێکی وا دەژیا کە لە کەم سامان و ژیانی خۆیان تامیان دەبرد. بەڵام جەنگ زۆر بێ روحمانە ژیان و دارایی تەواوی خەڵکی بە با دا و بەسێنایی تەرم و سامانی خاپووربووی لە دوا خۆ بەجێ هێشت. بڵێسەی ئاگر هەموو شتێکی هەڵکرووزاند.

---

* لە ئەفسانە دینییەکانی رۆمانیادا هاتووە خوا خەوی لە شەیتان و دێوان سەندووەتەوە.

مـرۆڤ گیـانی خـۆیان لە دەست دەچێ، بەڵام زەمین وەک جـاران بە گـەنجی دەمـێنێتـەوە. مـەگـەر خـاک پیر دەبێ؟ زەمین لە ژیـان تێر نابێت. سـەرباری ئەوەش ئـەگـەر نەیکێـڵـی و تۆوی نـەدەی و بێـڵـکاری نـەکـەی، دڕک و داڵ و زەمەند هـەموو شوێنان دادەگرێت.

ئەم هـەرێمـە پـانە دڕندەیەتی لەم بابەتەی زۆر بەخـۆوە دیوە. داگیـرکـەرانی عوسمانی لە کاتی هێرشە گیان و ماڵ سووتێنەرەکەیان بۆ گرتنی پایەتەخت هـەروا لە کـاتی بەزین و راکردنی بێ ئەمـانیـان لـە بەرامـبـەر گـورز و نێـزەی خەڵکی وڵاتەکەماندا، هـەر لێرەوە تێپەڕین.

جـوان تەمـاشـا بکە، نەسـرینە کێویلـەکان، لێواری کارێزە پڕ لە پووش و پاڵەکـان لێک جـیـا دەکـەنەوە. ئێـسـتـاش گـوڵە سـوور و رەنـگ دابزڕکـاوە بچووکەکانیان هـەڵنەوەراون. پایزان کاتێک ئـەم گوڵانە هـەڵدەوەرێن، وا دێتـە بەرچاو برینەکانی زەوی دەمیان کردبێتەوە.

بیستبـووم «مامیـتا» نابوود بـووە، نزیکی لە مرۆڤ و نووکی گاسن لەگەڵ حـەزی ئەو یەک ناگرنـەوە. دەڵێی تۆوی براوەتەوە. سـەیری بکە! یان لە ناخی زەمـینەوە بەرەو سـەر هـاتـووە یان دیار نیـیـە با لە کـام لاوە بەرەو ئێـرەی هێناوە و وا سـەرلـەنوێ رەگی داکوتاوەتەوە. قەدی لە سـاقەی گـەنم و چافدار بەرزترە!

قـۆزاخـە مـەخـمـەڵی و شـینەکـانی پنجـە دڕک لەژێر پـرشنگی خـۆردا دەلەرێنێتـەوە و تۆزی غـەم بەسـەر سیـمـای دەشـتـە دڵتـەنگ و بێ دەنگەکـاندا دەکا.

کـەروێشـکێکی سپی خـەپلە بەدوو گـوێی قـوتەوە لەناو زەمـەند هاتە دەر و لەســەر ڕێگـەم هـەڵتــرووشکابـوو. وەک بڵــێی ئینسـانـی نەدیبێ تاکـو لەو بوونەوەرە دوو قـاچە بترسێت... ئەنگوسـتی شـادەم دوو قـەد کـرد و خـسـتـمـە ناو دەمم. فـیکەیەکم لێدا... دەنگی فـیکەکـەم لە دەشـتـدا پێـچی خـواردەوە،

کەروێشکی گۆرین بۆی قوچاند و هەڵات، بەڵام لە دوورەوە جموجووڵی منی خستبووە ژێر چاودێری خۆی...

لەولاتر چەند مارێکی رەش و درێژ لەناو تەپوتۆزی جادەکەدا خۆیان لوول دابوو پەپۆکەی خۆیان لە بەرتاو گەرم دەکردەوە. چاوە زەردەکانیان وەک تۆیکڵی خۆخ دەچوو. دووپشکەیەکی قەڵەو و پڕ لە ژەهری قاوەیی بەچەندان پێ و سمێڵی باریک و درێژەوە خۆی دەخزاندە نێوان مارەکان.

جرجێکی خورمایی زل، راست بەقەد پشیلەیەک لە ناوەڕاستی جادە لەسەر کلکی خۆی هەڵترووشکابوو، چاوەکانی پان و زەرد بوون، لەمنەوە رامابوو. کەمێک لێی نزیک کەوتمەوە، لە پڕێکا هەڵات و بۆی دەرچوو خۆی لەناو زەمەنددا ون کرد.

لە ئاسمانی ساف و چۆڵدا، چەند هەڵۆیەک دەخولانەوە و دیدەوانی قاژ و قیژی قەلەڕەشەکانیان دەکرد. لەسەر تیرێکی دارتێلی شکاوی خوار بووەوەی تەلەگرافدا، داڵاشێکی نووک گەورەی قولابی- وەک نووکی تووتی- هەڵنیشتبوو. ئەو باڵندەیە لە ناوچەکانی لێوار رووباردا زۆر کەمە.

ئەو گوندە کەوتبووە هەردووک دیوی جادەکە و من پیایدا تێدەپەڕیم، چۆڵ بوو، مەگەر دەکرا جگە لەوەش شتێکی تر بێت؟ خانووەکانی سەرتاپا سووتابوون و بەفر و بارانیش دیوارەکانی تەپانبوون و لەگەڵ زەوی جووتی کردبوون. پەرژینی دەرا و پشتی خانووەکان فڕیون! وەک بڵێی هەر نەبوون. لە رۆخ جادەکە شوێنەواری دیوارێک تا ئەژنۆ بڵند دیاربوو. ئەمە گشت پاشماوەی ساختومانێکی گەورەیە- کە لەوانەیە تا پایزی رابردوو قوتابخانە بووبێت. گوللە تۆپەکان، درەختانی ئاقاقیاوبی و سپیندار و بێستانی تەماتەیان شکاندبوو و خاپووری کردبوون. لە تەنیشتی بنەدارە شکاو و سووتاوەکاندا، بەهۆی خاک و خۆڵ و بەبێ دەستی مرۆڤ، چووزەیان دابوو روابوونەوە. چەرخی ئاو دەرکێشانی بیر شکابوو. (ئاودانەکە) بەلادا

هاتبـووە گۆشـەیەک، ئـاو بەزەحـمـەت لـەژێر زبڵ و زاڵی باهیناودا دەدیترا و بۆگەنیوی، هـەوای داوەستاندبوو. چاک بوو تینوو نەبووم!

لەنێو زەمـەند و قانگەلۆشک کە پاشمـاوەی گوندەکەی داپۆشـیبـوو، سـەر و گـوێلاکی پشـیلـەیەکی زەردی تیـخـاڵ تیـخـاڵ پەیدابوو. بـۆ ئەوەی لە نێـوان زەمین و ئاسـمـاندا خـۆم هێندە بـە تەنیـا هـەست نەکـەم. ویسـتم بیگرم لە باوەشی بکەم تا دەگەمە یەکەمین ئینسانی زیندوو لەگەڵ خۆم بیبەم. دەستم درێژ کرد و پشە پشم بۆ کرد. جاری یەکەم دەیەویست بێت، بەڵام وەک بڵێی دوودڵ بوو، لە نـاکـاو وەک بەکـوتەک لە سـەریـان دابێت قـوچـاندی و هـەڵات. مسۆگەر دیمەنی ئادەمیزادی لە بیر چووبووەوە.

پێم هەڵێنان، تا لە توانامدا بوو خێرا ڕۆیشتم. پێش ئەوەی تووشی جەنگ بم، لە چوێرپـەکــەی خــۆم دڵشکاو و بێــزار بووم. پـاشـــان کـــە چاوم بـە سـەربازانی بێ لاق کەوت، ئەم نەقسەی خۆمم لە بیر چووەوە...

ئەگـەر نینۆکت بشکێت لە ئێشـان پێچ دەخۆیت وەنا؟ بەڵام ئینسـانی بێ لاق ئەو هـەستەی نامێنێ.

لە خــەندەکی کــەنار جـادەی ئەولای گـوندەکـە، کـەلەخی پێکدا قـوپاوی پیــرەمــێــردێک کــەوتبــوو کــە دەمــوچاوی رزی بـوو، بەشـێک لە لەشـی بە بەرهەڵبێنەیـەکی ڕەش داپۆشرابوو. کەمێک ئەولاتر ئێسقـانی منداڵێک لەژێر ڕۆژدا دەبریسکایەوە. لە نێـزیک مـەیتـەکـە چەند پنـجـێکی گـەورە و بڵندی سـێناخی کێوی و (فنتـوریون) کە ڕوویان لە ڕۆژدا بوو، روابوون. رووی خـۆم وەرگێڕا تا هیچ شـتـێک جگە لە هێڵی سـپی جادەی بـەردەمم نەبینم، شـانم داتەکابوون، وام دەزانی یەکێک تەختە بەردێکی گەورەی لەسـەر پشتم داناوە و ناچاری کردووم تا ئاخیری ژیانم هەڵیگرم. وام هەست دەکرد زارم پڕە لە خـۆڵەمـێش و توێکڵـی تاڵی فـەریکە گـوێز، هەنگاوەکـانم وەک مس و سـورب قـورس بـووبوون، بەری دەسـتـەکانم بەڕوومـەوە نووسـاندن، وام هەسـت کرد

هەردووک دەستم سارد و سڕ بوون، نەمزانی دەستم سارد بوون یان گۆناکانم لە تادا دەسووتان... لێوە لەرزم گرتبوو ددانم پێک دەکەوتن.

– داریا، لە مردن دەترسی؟

– نا، بۆ بترسم.

– لە ژیان دەترسی؟

– نا، ژیان ترسی پێ ناوێت.

– ئەی لە چی دەترسی؟

بۆ وەڵامدانەوە ماوە نەبوو... لە ناکاو لە زەمەند و گیادا پیاوێکی نیوە رووت قوت بووەوە. ریشی هاتبوو نیگای لە کێوییان دەچوو، دیاربوو لەوەتای من لە ئاسۆی دوورەوە دەرکەوتووم، ئەویش دیدەوانیم دەکا.

کەڵە بییەکم بەدەستەوە بوو کە زیاتر بۆ یاری و سەرگەرمی بوو نەک بۆ بەرگری لە خۆکردن لە بەرامبەر سەگ یان پیاوێکدا. چەقۆیەکیشم لە جزدانێکی چەرمیدا لەناو باخەڵ بوو، دەستم لە باخەڵم راکرد.

پیاوەکە لێی پرسیم:

– کاکە گیان ئاگرت پێیە؟

– نە، جگەرە ناکێشم تا شەمچەم پێ بێت.

– پارچە ئاسنێکیشت پێ نییە؟ دوو ڕۆژە چەرخەکەمان بزر بووە. ژنەکەشم هۆشی لەسەر نەبووە ئاگرەکەمان کوژاوەتەوە. هەرچی دەکەم ئاگری ژێر مەنجەڵەکەمان بۆ هەڵنابێتەوە.

– لەم دوو ڕۆژەدا کەس بێرەدا تێنەپەڕیوە؟

– بەدی، ئەڵمانی و بولگاری و تورک تێپەڕیون، بەڵام نەمدەوێرا بچمە سەر ڕێگەیان.

– من چەقۆیەکم پێیە.

– ئەگەر پۆڵا بێت لەوانەیە بەکەڵکم بێت.

– وا بزانم پۆڵایە.

چەقۆیەکەم دەرهێنا و نیشانیم دا.

– راست ئەو شتەیە کە من بەدوایدا وێڵم.

چەقۆیەکم پێدا. پیاوێکی جحێڵ بوو بەزەحمەت دەگەیشتە سی و پێنج ساڵ. بەچەقۆیەکەیدا روانی. دەستێکی بە نووکەکەیدا هێنا و تیژاتییەکەی تاقی کردەوە. چاوێکیشی لە دەسکی چەقۆکە کرد.

– چەقۆیەکی جوانە. وەک خەنجەر تیژە– ئەگەر لە ورگی یەکێکی رابکەی...

– شادەی پێ دێنی.

– ئادی.

لەژێر پشت بەندەکەی پارچە پەڕۆیەکی گرێدراوی دەرهێنا کە بەردێکی ئەستێوبەردی وەنەوش رەنگ و گلۆڵییەک «قوی» تیا بەستبوو.

– پێویست ناکا تاقی بکەیتەوە.

– ئادی بۆ خۆشم دەزانم چەقۆیەکی چاکە.

کەوتمەوە بیری «دودولیکا» و «تناسە فیر– رئو»ی برای «کیرا» کە ئەم چەقۆیەی لەناو چۆمەکەی تەنیشت رەشماڵەکانی «دومان» دیتبووەوە و بۆ یادگاری پێشکێشی منی کرد.

– ها ئەو چەقۆیە با بۆ تۆ بێت. هەڵی گرە. لەوانەیە رۆژێک بەکەڵکت بێت ئەوجا بیرمان بکەوە.

بیریان بکەمەوە! ئاخر چۆن دەتوانم دودولیکا لە بیر بەرمەوە؟ چۆن

دەتوانم تناسـەفیـر- رئو فـەرامـۆش بکەم؟ ئەمـە وەک ئـەوەیە «زامـبـیـلا» ئەو شـەوانە لە بیر بەرمـەوە کە لەسـەر گردی و لەکن خـەرمانی «ئاریزان» ئاغـای چاو شـیـشـۆق پێکەوە بـەسـەرمـان بردوون! واتە «کـیـرا» ئەو کـچـۆڵە زیت و زیرەکە چاوڕەشـە زەیتوونییە فەرامـۆش بکەم! ئەو کچـەی کە بە گوڵەگەنمان فاڵی بۆ دەگرتمەوە و هـەزار جۆرە درۆ و راسـتی پێکەوە دەکرد:

– داریا، خۆت لە ئینسانی مۆن بپارێزە!

– باشە.

– لە ژنی قژ سووریش هـەروا.

– باشە. چاکە قژی تۆ وەک قیری رەش وایە.

– قژی زامبیلاش رەشە وەک قیر...

سـەگی رەشماڵەکانی دومان بەکلکە سوێ هـاتە بن دەست و پێمان. لەسـەر چەنگان پاڵ کەوت و کلکـی راوەشاند. کلکی وەک ئاڵا دەشـەکایەوە و دەسـتی بەلێستنەوەی دەستەکانم کرد.

– «ئاغا» خۆشتی دەوێ و وا دەسـتانت دەلێسێتەوە.

سـەگی رەشـمـاڵەکان ناوی «ئـاغـا» بـوو. دۆمـەکـان دایم دوای دەکـەوتن و بەشـەق و شـیـلاقـان لێـیـان دەدا. ئـاغـاش بەهـەمـوو زەبرێک دەیلووراند و دەیقـوچاند و بەقـوڕە قـوڕ دوور دەکـەوتـەوە. کـاتێک بارودۆخـەکـە هێـور دەبووەوە ئەویش دەگەڕایەوە دەوروپشتی رەشماڵەکان و کلکە سوێی دەکرد.

– تخون ژنی قوندیلەی لاق کورت مەکەوە.

– چاکە، لاقەکانی تۆ درێژن.

– لاقی زامبیلاش درێژن.

– راستە...

ئەگـەر دودولیکا و تـناسـەفـیـر- رئو لە بیـر بەرمـەوە، کـیـراش فـەرامـۆش

دەکەم، ئەمانیش فەرامۆش دەکەم، سەرەنجام هەموو ژیانیشم دەدەمە بەر بای فەرامۆشی...

پیاوە نیوە رووتەکەی دانیشتووی ناوچە چۆڵکراوەکە، چەقۆیەکەی لە دەستان وەردەدا و هەرتک چاوە رەشەکانی لە من بڕین و پرسی:

– ڕێگەت دوورە؟

– دەچمە بوخاریست.

– کەواتە دەبێ هەر ئێستا بەڕێ کەویت.

– ئادی چ بکەم؟ مادام هەر بچمە بوخاریست دەڕۆم.

– چۆن؟ هەروا تەک و تەنیا و بەبێ نوردووە نانێک و بەتەمای داردەستی دەستت بەڕێ کەوتوویت؟

– ئەمبینی و هەروا و بێ خۆراک کەوتوومە ڕێ.

– دەتەوێ هەر بەتەنیا و لێرە لە تەنیشت جادە بنووی یان لەگەڵ من دێی؟

لای ڕۆژئاوابوون بوو، بەدوای پیاوە دەموچاو بە خۆر سووتاوەکە بەناو گژوگیادا ڕێکەوتم. چەند سەد هەنگاوێک دوور لە جادەکە، لە دەم دۆڵێکی تەنگدا کۆڵیتێکی بچووک و تەنگ هەڵکەندرابوو. لەناو قووڵایی دۆڵەکەدا کانییەکی بچووک هەبوو، چەند کەڵە حەیزەرانێکیش لە رۆخی روابوون.

– ئافرەت، سەرەنجام ئاگرێکم دۆزییەوە.

ژنێکی جحێڵی سەوز رەنگ، لەسەر چنگان لە کۆڵیتەکە هاتە دەر و منداڵێکی چەند مانگەشی لە باوەشدا بوو. منداڵەکە رووت و قووت بوو.

– وام دەزانی ئیتر ناگەڕێیتەوە. وتم لەوانەیە رووداوێکت تووش بووبێت.

– لە سبەینێوە تاکو ئێستا جگە لە چەند سەربازێکی بوڵگاری کە هەموویان سواری گارییەک بووبوون، کەسی تر بەجادەدا تێنەپەڕیوە.

پیاوەکە ئاگری کردەوە. ژنەکەشی مەنجەڵێکی گەورەی پڕ لە ڕێواسی خستە سەری، خێرا بە کوڵ هات. ڕێواس زوو دەکوڵێت. وەک گەزنە نییە درەنگ بکوڵێت بەکەوچک ورد بکرێت.

– دەبێ بشمان بووری کە هیچی ترمان بۆت پێ ئامادە نەکرا.

– مەمنوونم ڕێواس زۆر خۆشە. لە ماڵی خۆشمان دەمانخوارد. هەر لە بەهارەوە تا دەگاتە پایز خۆراکمان هەر ڕێواس بوو. یەک تارمە ڕێواسمان هەبوو. پێش پێگەیشتنی تەماتەی ترش، دایکم ڕێواسی بە لیمۆندز ترش دەکرد. پاش ئەوەی تەماتەی ترشیش دەگەیشت، بە تەماتە ترشە لێی دەنان.

– تەماتەی ترش و لیمۆندز لێرە پەیدا نابێت. لە جێی ئەوان ئێمە ترشۆکەی لەگەڵ دەکەین.

– ترشۆکەش چاکە کاکە. لێرە زۆر ڕێواسان دەخۆن؟

– ئادی. نیوەڕۆ و هێوارانیش هەر دەخۆین.

هەندێک جارانیش کەروێشک یان چین و ماچینێک ڕاو دەکەم، دەشت پڕە لەو شتانە بەڵام ڕاویان زەحمەتە... بۆ کەروێشکان خۆم لە کەمین دەنێم و بەکوتەک پێیان دەکێشم جا بەهەر جێیان بکەوێت.

– بۆ لێرە دەژین؟ بۆچی ناچنەوە ئاوایی؟

– ئەمەش قسەیە! چۆن بچینەوە ئاوایی ئێمە خەڵکی ئەو گوندەین کە تۆ بەتەنیشتیدا تێپەڕی. مەگەر هیچی ماوە؟ لێرە کێڵگەیەکم بۆ خۆمان بنیاد ناوە و پارچە زەوییەکم بە بێڵان خۆش کردووە و کێڵاومە و هەندێک گەنم و زوڕاتم تێدا چاندووە. گەنمەکەی وا کامڵ دەبێ، ئەم ڕۆژانە دەیدوورمەوە... ئەوسا گەنمی کولاویشمان دەبێ. تا دەتوانم خۆم لە خەڵک بەدوور دەگرم ئەگینا...

– ئەگینا چی؟

– ئەڵمانییەکان ئەگەر دەستیان بگاتە من ئەوە زیندانم دەکەن. ئاخر من رام کردووە. لە ئۆردوگای دیلە مەجارستانییەکان هەڵاتووم.

– تا گەیشتیتە ئێرە چەندی خایاند؟

– نێزیک بە سێ مانگ. ئەو ماوەیە وەک کێوییان بەدزی دزی هاتووم.

– دەتەوێ تا کەنگێ لێرە بمێنیتەوە؟

– تا پایز. هەنگێ دەچمە لای خزمەکانی ژنەکەم لە بوخاریست لە گەڕەکی «بولین تین» خراپەکاری لەوێندەر کەمترە.

– وەزعی ئوردوگا هێندە خراپ بوو بۆیە ناچار بووی هەڵێی؟

– خراپ؟ یەکێک تا شیوێک نەخوات چێژی نازانێ. من لەودیو چیا لە «فلدیو ئارا»، واتە ئەو شوێنەی هێزەکانی ئێمەی تێدا پاشەکشەیان دەست پێکرد، کەوتمە چنگ مەجارەکان. تا ناو پێدەشتەکان بەپیادە لێیان خوڕین و لەوێش لە چەند کۆڵیتێکی شڕ و پڕدا زیندانیان کردین کە تێل دڕوشیان بەدەوردا کێشرابوو. خەریک بوو لە تینووان بخنکێین. نەساغی و ئەسپێ بابی گاین. شێت بووین هێندەی چاوەڕوانی بکێشین. جەنگ ئەمەیە! خۆ ئەگەر ئێمەش مەجارەکانمان گرتبان هەر ئەو بەڵایەمان بەسەر دێنان. زیاتر لە نیوەی دیلەکان زستانی رابردوو فەوتان.

بەکەوچکی دار شێوی ناو سویتەکانمان هەڵدەلووشی. زۆر گەرم بوو مەزەی ترش و شیرینی هەبوو برسێتی و تینوێتی دەنیشاندەوە.

– ئەم بەچکە لە کوێ لە دایک بووە؟

– دەتەوێ لە کوێ لە دایک بووبێت! هەر لێرە. شوکریشم کە ژنەکەم ساغە و تا ئێستا شیری وشک نەبووە ئەگینا بەچکە دەمرد. باسوخواسی جەنگ چییە؟ ئاخیری بەکوێ دەگا؟

– دەتەوێ چ ببێ؟ جەنگ بێ ئەمانە و بەردەوامیشە.

– ناتوانێ زۆر بەردەوام بێت. گرانی و مەرگ سەرتاپای مەجەرستانی گرتووەتەوە. دەڵێن ئەڵمانیا لەوەش خراپترە.

– تا ئێستا ئەڵمانییەکان لێک لێک گا و مەڕ و ئازووقە لە وڵاتی ئێمەوە دەبەن. کەشتییە یەدەگکێشەکان بەردەوام لەناو دانووبدا بەرەو ئەڵمانیا دەڕۆن.

– ئەوانەم قبوڵە! بەڵام ئەڵمانیا زۆر گەورەیە براله. لەوێ هەموو سک برسین. ئەمە جگە لە سەربازەکانی ناو بەرەکانی جەنگ کە ئەوانیش کەم نین... ئەم چەقۆیە نادەیتە من؟

– فەرموو...

– لەوانەیە لە زۆر کاردا جگە لە هەڵپەرتاوتن، بەکەڵکم بێت.

– بۆ کەوڵکردنی کەروێشک؟

– بۆ ئەم کارە تەلیشە ئاسنێکم هەیە.

خەندەیەکی هاتێ، منیش دوای قسەکردنم نەکەوتم:

– بنووین.

– وەختییەتی...

پیاوی تاین لەگەڵ ژنەکە چوونە کۆڵیتەکە و نووستن. بەچکەکەیان جارێک مقەی هات. سەرەنجام لای لایە و ئامێزی دایک دەخەویدا بردەوە.

نێزیک کۆڵیتەکە لەسەر گیا لێی راکشام، هەرتک دەستم خستنە ژێر سەرم و چاوم بڕینە «ڕێگەی کۆیلان» ئەوەی کە زەمانێکی تر و لە داهاتوودا پێی ناوترێ «ڕێگەی کۆیلان».

لەو خەوبێدارییەدا وام هاتە بەرچاو کە هەزاران هەزار پیاوی رق ئەستوور نەترس بەنیوە رووتی بەژێر تیشکی رەنگ خوێنینی مانگدا تێدەپەڕن. ئەم جەنگاوەرانە لە ئاسۆوە تا ئاسۆ بە تەور و شەنە و داس و

چەقــۆ تەیارن و خــۆیان بۆ هێــرشــێکی مــەزن ســاز کــردووە. چەقــۆ یادگــارییــەکــەی «دودولیگا» و «تناســەفیــر-رنو» لەناو کوورەی ئاسنگەردا دەدرەوشایەوە.

– داریا، ئەی تۆ بۆ ئەم جەنگە چ چەکێکت ئامادە کردووە؟

– چوزانم، بابزانم چ دەقەومێ. دەبێ وەختی خۆی بێت...

خـەوێکی قووڵ و شـیرین خۆی بەسـەر جەستـەی ماندوومدا کێشابوو. لە شاڵی ئاوریشمی خۆیدا لوولی دابووم...

فـێنکەی بەرەبەیان مـاڵئـاوایـیم لە دانیـشـتـووانی کـۆڵیـتـە بە گـیـاوگـۆڵ داپۆشـراوەکـە کـرد و ڕێکەوتم. لەوێ دوور کـەوتمەوە و بەڕێگە خـراپ و پڕ تاســەکــەدا کــە بەنـاوقــەدی دەشــتــێکی بەیاردا دەڕۆیی کــەوتمە ملە. لە هەردوولای ڕێگەکە، لە هەموو شوێنێک بیری بێ (چەرخ) و گوندی سووتاو و وێران و چۆڵ دەبیندرێت.

پارچە زەوییـەکی داچێنراوی گـەنم یان چافـدار یان زوڕات وەک کـیـمـیـا وابوو. خـانوویەکی سـەرپێیی بەپەلە چاککراوەی بێ سـەروبەر ئەگەر باریکە دووکەڵێکی لە لوولە سۆپەدا بەرز بووبایەوە ئەوە دڵمی دادەخورپاند:

– ژیان کوێر نەکراوەتەوە.

ژیان بەو هەموو کینە ئەستوورییەی جەنگیش لەناو ناچێت.

هەمـوو جێگە پڕە لە قولکەی تـەقینەوەی گولـلە تۆپان. هەمـوو جێگە پڕە لە چەکی شکاو و جێـهێـڵراوی ژەنگ خـواردوو. لە هـەر قـوڵکەیەکی قـەراغ ڕێگە دەمتـوانی چەند مست قـەوانی فیشـەک کۆکەمەوە و کڵاوەکەمی پێ پڕ بکەم. ژمارەیەکی زۆریش گوللەتۆپی نەتەقیوە دەبینران کە بە خاکی نەرمی بارانی پایزیدا ڕۆچوون. ئەو گـوللـەتۆپە پشـت لووسـانە لە گندۆرەی گـەورە و ڕەش دەچن. بە ئەسـپـایی لێـیان لادەدەم و حـەز ناکـەم مـەزەیان بچێـژم. ئەوانەی

مـەزەی ئەم گـوللانەیان چێـشـتـووە یان تەنانەت فـیـشـەکـێکی تفـەنگیـان بەرکەوتووە، ئێستـا بێ کفن و دفن لەناو گیـا و زەنەکدا کەوتوون. سـەگ و گورگ، قەل و داڵ، کرم و مێروولە، پێست و گۆشت و ئێسـقانیان لە باڵ یەک دەرهێناون. هـەموو شـوێن پڕن لە پێڵاوی پینەکراو و قۆنـدەرەی شـەت و خوار و کڵاوی رزیو و پەستەک و قۆڵ.

حەزم دەکرد چاوانم بگرم تا هیچ نەبینم بەڵام ناتوانم. دەبێ هەموو شتێک ببینم، هـەموو شت. دەبێ هـەموو شت ببینم و بەمێشکمیان بسپێرم.

ڕێگەکـە جـاری یەکـەم لێـژ بـوو بەڵام ئێـسـتـا سنگەخـشـێ لە گـردێک سـەردەکەوێت. دەشتی بەیار و بۆنی گیاوگۆڵی گەیشتوو فەرک دەدا.

بەهاری رابردوو کـاتێک بەفـر توانەوە و هەزاران سـەرباز تێـیدا فـەوتان، داگیرکـەرە ئەڵمـانییـەکان بێ کفن و دفن بە جـێیـان هێـشتن. ئەوکات بێرەدا تێپەڕین کارێکی سـەخت بووە. باران و هـەتاو یارمەتی زووتر رزین و بۆگەنی بوونـی تەرمـــەکـــانی داوو بـوونەتە نـســیــبـی دڕندەکـــانـی زەوی و داڵاشـــە زۆرخۆرەکان.

لەم ڕێگە کـۆن و هـەمـیـشـە بەخـوێن غـەرق بووەی بـوخـاریست جـەنگ هەمیشە سامناک و بێ روحمانە بووە. لە دیمەنی ئەو سەنگەر و قوڵکانەی لە تەقینەوەی گوللە تۆپان دروست بوون، دەکرێ ئەم شتە تێ بگەین.

کـوژراوەکـان هـەروەک دوا سـاتیـان، بەڕووی زەویدا پان بوونەتـەوە. لەژێر مـەیتی سـەربازان نەرمـەگیـا رواوە و گیـاقـوچە بەناو هێـسـقانە پێـچـیدە و یونیفـۆرمە رزیوەکانیاندا بەرز بووەتەوە. خـوێنەکانیشیـان زەوی هـەڵی مژیوە و لە پاشـان باران شـوتـوویەتەوە. لەولای چەند مـەیتێک تـا ئێسـتـاش لە ڕۆخ سـەنگەرێکدا بـە حـاڵەتـی تەقـەکـردن مـاونـەوە تەنیـا کـەمـێک سـەریان بە پێـشـەوەدا خـوار بـووەتەوە. وەک بڵـێـی لەم هـەمـوو خـۆ لە سـەنگەرنانە ماندووبوون و بۆ حەسانەوە چەند ساتێک چاویان گەرم کردووە. ئەگەر لێیان

نێزیک بکەویتەوە لە جێی چاو، چەند کونێکی بۆش و قووڵ و هێسقانی گۆنا و چەنەگا دەبینیٚ.

فەرەجی و کڵاوی رۆمانی...

کەمێک ئەولاتر تاقمێک سەربازی سوار بە ئەسپەکانیانەوە دەبیندرێن کە لە هێرشێکی توندا کوژراون.

لە تەنیشت ئەسکلیتی درێژ و لێک هەڵوەشاوی هەر ئەسپێک، کەلەخی لێکراکێشراویان خڕبووەوەی شۆڕە سوارێک دەبینرا.

تاڵانکاران زینە گرانبایەخ و لغاوە چنراوەکانیان کۆ کردووەتەوە و بردوویانن، چەکمە درێژەکانی سوارەکانیشیان بردوون... بەڵام کڵاوە نیقابدارەکانیان جیٚ هێشتوون تاکو کەللەی سەریان داپۆشێت و فەرەجییەکانیشیان بۆیە نەبردوون تا مردووەکان بەڕووتی نەمێننەوە.

لە قووڵایی دۆڵەکەدا، ئونیفۆرمە بۆرەکانی تورکان لەگەڵ پێچە سوورەکانیان- وەک گوڵی خەشخاش دەچوون- لەگەڵ ئونیفۆرمە خەنەیی و کڵاوە بچووک و نووک باریکەکانی بولگاریان تێکەڵ بوون.

ئەوانەی لە ڕۆهەڵاتی دوور و زورگەکانەوە هاتوون، ئەو کەسانەی لە دەشتەکانی «مونتەنیا» و «ملدافیا» شۆڕبوونەتەوە، لێرەدا رووبەڕووی ئەو کەسانە بوونە کە لە باڵکان و ئەودیو بۆسفیر و دەشتە پان و بیٚ ئاو و گیاکانی ئەناتولییەوە هاتبوون.

لەم شەڕەدا چەند سەربازی ئەڵمانیایش فەوتابوون. بۆ ئەوانە گۆڕستانێکیان لە خاچ و پەرژین دروست کردووە.

- داریا لە بیرت نەچێت، جەنگ ئەمەیە.

- نا، لە بیرم ناچێت.

لە ماندووی ڕێگە و هیلاکی گەرمای سوزان- کە دەم بەدەم گەرمتر و

ســوزانتــر دەبوو- پاڵم دایە پەرژینـی گـۆڕسـتـانەکـە و چاوم بڕییـە ریزی خـاچەکـان کـە وەک سـەربازانـی ڕێژەڕ و بەهـەمـبـەری یەکـسـان لە زەوی چەقێندرابوون.

لەسـەر هەر خـاچە بە خـەتێکی خـۆش ناوێک نووسـرابوو. بەسـەر هەریەکەیانیشەوە کڵاو و خوودێکی پان و زل وەک مەنجەڵ شۆڕ کرابووەوە. لەسەر هەموو کڵاو و خوودەکان نووسرابوو «خوا پشتیوانمانە». کام خوایە؟ بۆ هەر پشتیوانی ئێوەی ئەڵمانی؟ هەر چونکە کاتێک لە وڵاتەکەتان ڕێکەوتن تا بن ددانان چەکدار بوون. بە ئاگر و شمشێر مرۆڤایەتیتان نایە ژێر پێ تا بەم چەشنە پەیڕەوییەکی تەواوتان لە حکومەتەکەی خۆتان کردبێت؟

- داریا مردووان سەرزەنشت مەکە...

- سـەرزەنشـتـیـان ناکـەم. خـۆ ئەگـەر سـەرزەنشـتـیشـیـان بکەم دەنگم نابیستن. مردوو نەگوێی لێیە و نە دەشبینێت.

جارێکیان باپیرە ریش زەردەکەم خەڵکی «کرلومانو»م لە بەر ژانی ددانی دەیناڵاند. داپیرە کەللەڕەق و مۆنەکەم بەسەریدا قیژاندی و گوتی:

- ددانت دێشن؟ ئەگـەر دەتەوێ چیـتـر ددانت ژان نەکـەن بمرە. مـردوو ددانی نایەشن.

خوا پشتیوانمانە... خوا پشتیوانی ئێوەی مردووەکانە و لەگەڵ هەموو پیاوچاکان و فریشتانە...

خوا لەگەڵ ئێوەیە ئەی ئەڵمانییە مردووەکان... ئاخر ئێوە کێن؟

وەک بڵێی یەکێک بە گوێیدا چرپاندم.

- وەرە ناوانمان بخوێنەوە و فرمێسکمان بۆ هەڵوەرێنە.

- فرمێسکی چاوانم لەگەڵ دیتنی مەیتی ئەو کەسانەی هەڤاڵەکانی ئێوە کشتوویانن و نەشیان ناشتوون و هەروا فڕەیان داون، وشک بووە و چیتر فرمێسکم نایەن.

– وەرە و ئاواتم بزانە. وەرە و بەبێ فرمێسک لە سەرمان بگریە. دڵسووتێنترین و بەگوڕترین گریان ئەو گریانەیە کە فرمێسکی نایە...

دوا چۆڕی قێچە بڕستەکەم کۆ کردەوە و بەسەر پەرژینەکەدا خۆم فڕێدایە ناو گۆڕستانەکە.

لەسەر خاچێکی لە هەمووان بڵندتر کە کڵاو خوودێکیشی بەسەردا کرابوو نووسرابوو: ئەڵمانیا لە هەموو شتێک بەرزترە... ئەڵمانی لە هەمووان چاکترە... ئینجا ناوێکی دوور و درێژ: «کارول لودویک فن دولورمیە» کەوا هەم ئەفسەر بووە و هەمیش خاوەن لەقەبی بەگزادەیی «فن» بووە! «ئەڵمانیا لە هەموو شتێک بەرزتر و... ئەڵمانی لە هەمووان چاکترە...» و تۆ کە ئەم کڵاوخوودەی سەر خاچەکەت دەنایە سەرت و هاوارت دەکرد. «ئەڵمانیا لە هەموو شتێک بەرزترە...» تەنانەت خوێنی ئەڵمانیایشت لە ڕەگاندا ناگەڕێت، هەر چەند ناوت کارول لودویک بوو. ئەمەشم لە پاشبەندی «دولورمیە»ی ناوەکەت زانی. ئەم ناوە پێم دەڵێت تۆ لە ڕەگ و ریشەوە فرەنساییت. وەک بڵێی ئێستاش دەنگی مامۆستاکەم «گئورگە پوپسکو- براگادریو»م لەبن گوێ دەزرینگێتەوە کە کون و کەلەبەرە تاریکەکانی مێژووی بۆ روون دەکردینەوە- وا گوێم لێیە:

– لە سەدەکانی شازدە و حەڤدە لە ئەوروپا ئاژاوەیەکی گەورە پەیدابوو. چەندان جەنگی گەورە و پەرەئەستێن بەناوی عیسای مەسیح هەڵگیرسان و کوشت و کوشتارێکی زۆر رووی دا. کەشیشەکانی پاپی مەزن هەزاران هەزار کەسیان بە نەپەرستنی خوا وەک دەقی نەریتەکانی کاسۆلیک، ئەشکەنجە دا و لە خاچیان بەستن و پاشا کاسولیکەکان ئەوانەیان بەتاوانی قبوڵکردنی مەزهەبی پڕۆتستان، لە وڵات دوور خستنەوە. داریە، ئەوانە هەمان «پڕوتستانە فرانساییانەی» هەندێک لەوان رایان کردە هۆڵەندا و پاشان لەوێشەوە بەرەو ئەمەریکا و باکوری ئەفریقیا کۆچیان کرد،

کەمێکیش لە ئەڵمانیا مانەوە... ئەوانە بە خەرجکردنی پارە و کاری فرەوان، بەرلینیان لە کوێرە گوندە ماسی گرەکانی دەریاچەکانی ئەو ناوە دروست کرد و بەرۆیشتنی ڕۆژگار بوونە ئەڵمانی- زۆریان لەوانە تا ئێستاش ناوی بنەماڵەی خۆیان پاراستووە...

کارول لودیک دولورمیە... ئەگەر بەپیری لە ناو ماڵ و منداڵتدا مردبای، بەمسۆگەری لە گۆڕستانی بنەماڵەکەشتان دەیانناشتی. ئەدی هەر بنەماڵەی ناسراوی شار، گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان نییە، بەتایبەتی بنەماڵەیەکی کۆنی «پرۆتستانی فرانسایی» کە لەوانەیە. بەنیشانەی بەگزادەیی لە وڵاتەکەیەوە کۆچی کردبێ یان لە یەکێک لە پاشا پروسییەکان ئەم نیشانەیەی بەگزادەیی وەرگرتبێ. دواجار چی؟ تۆ لە نێزیک «گلوگرن» لە پارێزگای «ئیفلفو» بەدەستی سوارە نیزامێکی پێخواسی وەک «ئیفان ئودو دوی»ی خەڵکی ئومیدا بەتاکە گوللەیەک کوژرایت، یان سوارەیەکی دێهاتی بەزەبری شمشێر وەک بریسک گیانی سەندی. کڵاو خوودەکەت هاوار دەکات: «ئەڵمانیا لە هەموو شتێک بەرزترە...»

«ماکس بلونک» خوا لەگەڵ تۆدایە. تۆ وردە چەرچییەکی قەراغ شارێکی بچووکی ئەڵمانیا بووی. ڕۆژانی یەکشەممە لەگەڵ یارەکەت لەناو دارستانی قەراغ شارەکە پیاسەت دەکرد. بە پەرداغێک بیرە و نان و کەرە و جووتە سوسیسێک دەعوەتت دەکرد و خۆت لەناو ئاوی چاوە شینەکانیدا نقووم دەکرد. کاتێکیش پەنجەت بە پرچە ئاوریشمینەکەیدا دەهێنا، وات بیر دەکردەوە ئەگەر باری کار و کاسبیت ببووژێتەوە ئەوە داخوازی دەکەیت. ناوی چی بوو؟ روز لویس یان ئانا ماریا؟ وێدەچێ کەمێکیش هەست ناسک بووبیت و ڕۆمانی ئەڤیندارانەت بۆ بردبێ لە بابەت ڕۆمانەکانی «پاڤیل هیز»*

* پاڤیل هیز (١٨٣٠-١٩١٤) نووسەرێکی ئەڵمانیایی بوو خەڵاتی نۆبیلی ساڵی ١٩١٩ی پێ برا.

یان داستانی لە بابەت «ویلدت بروک» کە فرمێسکی خوێنەر هەڵدەبارێنێ. ئاخ! بۆ مەگەر من لە کاتی خوێندنەوەیاندا کەمم فرمێسک ڕێشتووە؟ ئەوسا بۆ هەموو شتێک فرمێسکم دەهاتنە خوارەوە... خۆت لەگەڵ دوو کچی قژ خورمایی کە لە دایکیان دەچوون، دەدیت و لەسەر ڕانت دانیشتوون. ئەم خەو و خەیاڵانەت مارشی سوپایی، جەنگ، یونیفورم، کوڵە پشت و ئەم کاسکێتەی بەسەر خاچە دارینەکەی لە بان گۆڕەکەت خۆی مەڵاس داوە و هاوار دەکا «خوا لەگەڵ ئێمەیە» تێکی دا.

ماکس بلوک خوا لەگەڵ تۆ دایە! بەرەو پێشەوە بەرەو پاریس!، بەرەو پێشەوە بەرەو رووسیا! بەرەو پێشەوە بەرەو ڕۆمانیا! بەرەو پێشەوە بەرەو کلوگران! بەرەو پێشەوە... خوا لەگەڵ ئێمەدایە... خوا لەگەڵ تۆیە ماکس بلوک... روزا یان لویس یان ئانا- ماریا چیتر چاوەڕێت ناکەن. زۆر لە مێژە هەواڵ گەیشتووەتە شارۆچکەکەت کە «قارەمانانە لە پێناو ئەڵمانیا و قەیسەردا گیانت دانا». ئەم ڕۆژانەش روزا یان لویس یان ئانا- ماریا مێرد بە «ئوتو- فریتز» ئەو کوڕە کەچەڵە بیست ساڵە دەوڵەمەندەکە دەکەن، واتە کوڕی هەمان دەوڵەمەندی کە جارجار کەلوپەلت بۆ دووکانە چەرچییەکەت بەقەرز لەو دەکڕی، بەڵێ «ئوتوتیزی (گۆج و چوێر ئەوەی کە لیاقەتی نەبوو ئونیفورم بپۆشێت و بچێتە جەنگەوە، خوا لەگەڵ ئێمەیە: خوا لەگەڵ تۆیە ماکس بلوک!

«یوهان ریشارد گرامس» تۆش هاوار دەکەیت: خوا لەگەڵ ئێمەیە! تا سێ ساڵ پێش ئێستا خوێندکار بوویت. لاواز و باڵابەرز. قژە پڕەکەت درێژ دەکرد. لە شیعرەکانی گۆتێ و شیلەرت دەتۆژییەوە، هەوڵێکی زۆرت دەدا بەیەکەم دەرچیت. شیعری دڵداریت دەنووسین و لە کۆوارە ئەدەبییەکاندا بڵاوت دەکردنەوە. دڵ ناسک بووی و تەنانەت مێشوولەیەکیشت ئازار نەدەدا. لە تاریکی شەو دەترسای و زراوت لە لێلیەتی جەنگەڵ دەچوو، دایم سەرت

لەسەر کتێبان بوو بووبوویتە مشکی کتێبخانە. هەرچەند روناکی چرای ژوورەکەت بەشی چاوە نێزیک بینەکانتی نەدەکرد بەڵام پێت خۆش بوو پەردەی پەنجەرەکانت داکێشیت تاکو لە گاڵەگاڵی شار دوور کەویتەوە هەردەم خۆشحاڵ بوویت. عەینەکەکانت سیمای زانایان پێ دەدای. ئەرێ قەت بڕوات بە خوا هەبووە؟ چۆن دەتتوانی بڕوات بە خوا هەبێت؟ ئەی تۆ «رۆڵەی هەڵکەوتووی ئەم سەردەمە» نەبوویت و تەنیا نووسینی فەیلەسووفە گەورەکانت نەدەخوێندەوە. قەیسەر وای دەزانی دەکرێ سەربازێکی داگیرکەر لە تۆ دروست بکات. لە فلاندەر و دەوروپشتی دەریاچە گەورەکانی پۆڵۆنیا جەنگای... لە باڵکانیش شەڕت کرد، کەچی لێرە لە نێوان دانووب و بوخاریست لە پەلوپۆ کەوتی و فەوتای. ئاخ! ئەگەر تا سەر ژیابایت چەند کتێبت دەنووسین و بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆت دەهێنایە سەر کاغەز. سەرەنجام باسی شەڕکردن و سەرکەوتنت بەسەر بەربەرەکاندا دەکرد، ئەوەتا دەفتەری یاداشتەکانت کەوتووەتە نێوان فەرەجی و کراسەکەت و لەم گۆڕستانەی قەراغ ڕێگە وا رزیوە و بەساچمەی تۆپی شرپنەل پەرش و بڵاو بووە. سەرباری ئەمەش کاسکێتە چودەنیە پان و گەورە و مەنجەڵییەکەت- کە نەیتوانی لە بەرامبەر مەرگ پارێزگاری لە گیانت بکا- بەسەر خاچی گۆڕەکەتەوە هاوار دەکات: سەرەنجام چی! خوا لەگەڵ تۆش دایە یوهای ریشارد گرامس! ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان زمانی تۆ فێربووم، لەناو ڕۆژنامە ئەڵمانییەکان شیعرەکانت دەدۆزمەوە و دەیانخوێنمەوە. خوا لەگەڵ تۆیە یوهان... بەڵام خۆ تۆ بڕوات وایە خوا نییە...

کاکی ئەڵمانی «جوزف کوپ» خەڵکی کوێندەری؟

تۆ «کونراو شولتز» چەند منداڵت هەیە؟

«ئالویز دیزینگ» ئێستا کێ لە جێی تۆ لە پشت سندووقی بیرەفرۆشی «فردریکی مەزن» رادەوەستێت؟ ژنەکەت «میتزی» نا، میتزی لەوێ

راناوەستێت ئەم کارە «فوخس»ی ناکەس ئەوەی دەیگوت نەخۆشی جەرگی هەیە، دەیکات. خۆ ئەو لە تۆ بەساڵاچووتر بوو، نەتدەزانی؟ نەتدەزانی لەوکاتەوە هێناتە ماڵت، لەگەڵ میتزی ژنت دەستی تێکەڵ کرد؟ «ئەوەی هەموو خەڵکی گوند دەیزانن، مێرد نایزانێ» دڵنیام- ماڵت نەبووە ئەم پەندە رۆمانییە بزانیت چونکە هەر کە لە دانووب پەڕیتەوە کوژرای!

خوا لەگەڵ ئێمەیە. خوا لەگەڵ تۆیە ئالویس دیزینگ. خوا لەگەڵ ئێوە هەمووتاندایە!

پنجە گوڵی کێویلکەی قەنتوریون و مینا لە نێوان قەبرەکان روابوون.

هەوا دەلەرزایەوە... و هەردەم بەرەو تین و گوڕتر دەچوو...

سێ تەیارەی مۆدیل «تاوب» لەلای دانووبەوە بەشێوەی سێگۆشە بەرەو بوخاریست دەچوون. رەنگیان بۆر بوو لەژێر باڵەکانیان خاچێکی مەزن کێشرابوو.

هەرچەندە سەد مەترێک لە زەوییەکە دوور بوون. فڕۆکەوانەکان خەیاڵیان تەخت بوو کە لەو زەمینە چۆڵ و هۆڵەدا دەمی هیچ چەکێکیان بەڕوودا ناکرێتەوە. گەیشتنە ئەو بیابانەی کە ساڵی پار شەڕێکی سەختی تێدا روودا.

خۆم کەللەی سەری فڕۆکەوانەکانم دەدیت. تەیارەکان بە خولێکی خێرا داڕژانە خوارەوە و چەند جار دەشتە داپۆشراو بەگژوگیای کێوی و پڕ لە هیسک و چاڵ و گوللەتۆپ و سەنگەری دوور و درێژیان دەور دا. وێدەچوو ئەم دیمەنەیان بەلاوە دڵگیر بووبێت لەوانەشە وێنەیان گرتبێ.

تەیارەکان دیسان بەرزبوونەوە و خولێکی تریان بەسەر دەشتەکەدا لێدا. جارجار بەسەر باڵی راست و ئەوجا بەسەر باڵی چەپدا خوار دەبوونەوە. لەوانەیە بەم نیشانەیە سڵاویان لە مەیتە بێ کفن و دەفنەکان و مردووە گۆڕکراوەکان کردبێ. لە دواییدا ملوزیان بەرەو ئەو شارە گەورەیە بادایەوە

که منیش بۆی دەچووم.

کچە خورت و زیرەک و وردیلەکەی کوێستان زادی فەراشی مەیفرۆشی «بوکور»ی تەنیشت ئێستگەی شەمەنەفەر، هەر کاتێک دڵی دەگیرا و غەم دایدەگرت، هەڵی دەدایە ئەم ئاوازە:

ڕێگەی «کلوژ» گەلێک دوورە

ڕێگەی ئارەزوو دوورتریشە

– «میتسا» بۆ تۆ ڕێگەی بوخاریست چۆنە؟

– ئەویش دوورە، داریا پڕ دەردەسەریشە. من خۆم جارێک تاقیم کردووتەوە و لە سەریشیم خواردووە. سەرەنجام گەیشتمە ئێرە ئومێدا تا دەم و قەپۆزی توخم و بەرەجاتی ئەم عەرەق فرۆشە پان بکەمەوە.

– میتسا بۆ تۆ، دەبێ منیش تاقی بکەمەوە.

– کەواتە پشتێنت توند بکە.

پشتێنم توند کردبوو و خۆم تێکولێک نابوو، بەڵام نازانم ئەم قاچانەم چ مەرگیان بوو کە یارمەتییان نەدەدام. بەهەر شەقاوێک لە ئارامگای مردووەکان دوورتر دەکەوتمەوە بەڵام نەدەگەیشتمە شوێنێک کە نیشانی ژیانی لێ بێت، تینوو بووم. بیرم لە ماندووبوون نەدەکردەوە لە برسییەتی راهاتبووم، نەمتوانی چەند ڕۆژ و شەوان گرێ خەمە نێوچەوان و بەبرسێتی رابوێرم.

تەکانێکم دایە خۆم بۆ ئەوەی هەنگاوانم درێژ بکەم و خێرا بڕۆم، بیرم لەوە دەکردەوە، وا باشە شەو لای گیانلەبەران بگوزەرێنم، لە هیچ نەدەترسام بەڵام تەنگاو بووم و دیمەنی ئەم دەشتە پان و بەرین و سووتاوە چۆڵ و هۆڵ و پڕ لە مەیتە، باری غەمەکانمی زیاتر دەکرد، خۆ ئەگەر بەلای کەمەوە خشپەی پێی سەگێکیش لە تەنیشتمەوە بیسترابا، توانیبام تەنهاییەکەمی

لەگەڵ دابەش بکەم، تێکڕا بەرگەی ئەو شتانەم دەگرت.

کاتێک بەخەیاڵمدا هات کە ئەگەر مام «تونەی ناجسن»ی خەڵکی «روشیوردە-ڤدە»م لەسەر ڕێگە بدیتبا، وەک شێتان لە قاقای پێکەنینم دەدا، بەو هەموو لاوازییەم، لە خۆشحاڵییان، ئامادەبووم خۆی و دۆشەکە کاییەکەی هەرچەند سەنگینیش بن، لە کۆڵ بکەم.

– قەت حەز مەکە بۆ ماوەیەکی زۆر تەنیا بیت.

– باشە.

– بەڵام هەندێک جاران حەزدەکەی تەنیا بیت.

– پیاو زۆرجاران شتی ئەوتۆ- هەڵبەت لە ڕووی کەمتەرخەمییەوە ئارەزوو دەکا کە ئەگەر پێی بگات، وەزعی لە خراپیش خراپتر دەبێت.

ئاوها ماندوو و شەکەت لە بێدەنگیدا لە کێڵگە رووت و بەرەڵاکاندا دەڕۆیشتم، لە ناکاو رمبەی سمی ئەسپێک سیرە سیری کالیسکەیەک بەخۆی هێنامەوە. زەحمەتم وەبەر خۆم نەدا ئاوڕبدەمەوە، تەنانەت خۆشم لانەدا و هەروا بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن بەسەر گیا و زەمەندی قەراغ جادەکە. کاتێک کالیسکە شرۆپڕەکە بەتەنیشتمدا تێپەڕی، ئەوجا سەرم هەڵبڕی. دوو ئەسپی چاپووک و بەهێز و ناڵکراو بەکالیسکەکەوە بەسترابوون. بەقەد هەورێک تۆز و غوبارم لێ هالا. هێشتا پێرانەگەیشتبووم بزانم ئەم سوارانە کێ و لە چ میللەتێکن کە کالیسکەکە راوەستا. دوو سەربازی تورک بە مەندیلی سوور بەسەرەوە لەسەر کورسی کالیسکەکە دانیشتبوون. دەموچاوە درێژ و رەنگە دابزرکاوەکانیان بۆ لام سووڕاندەوە و بەچاوە درێژ و زەیتوونییەکانیان تێیان روانیم، وەک بڵێی بیانەوێ شتێکم لێ بپرسن. ئەو چەند وشە تورکییەی کە دەمزانین، بەفریام گەیشتن. ئەوەندەش لە زیندانییە چارە رەشەکانی خەڵکی «دوبروجا» فێربووبووم کە بەبێگاری لەسەر زەوییەکانی ئاغا ئیشیان کردبوو. بەتورکی منگە منگێکیان

کرد، لێیان حاڵی بووم چییان دەوێت، هەر چۆنی بوو منیش بەتورکی بۆڵاندم و تێیانم گەیاند دەمەوێ بچمە بوخاریست. نیگا میهرەبانەکەیان غیرەتی وەبەرنام داوایان لێ بکەم ئەگەر بکرێ لێگەڕێن لە گەڵیان سواربم. ئەوان نەدەچوونە بوخاریست بەڵکو لە ئاواییەکی نێزیکی سەر ڕێگە بۆ ئیشکەدان دەچوون. گەرچی خۆم دەمتوانی سواربم و لە کورسییەکانی پێشەوە دابنیشم بەڵام ئەوان یارمەتییان دام. منیش سوپاسم کردن و بەسەر گونیە هاردەکان کە لە جۆرجیۆوە هێنابوویانن پازم دا و لە کونجێکی کالیسکەکە دانیشتم.

وێدەچوو بەبێزاری چەکەکانیان فڕێ دابێتە لای کۆڵەپشتەکانیان. چەکەکانیان دوو تفەنگی ئەڵمانی کەم روو بوون، لەو تفەنگانەی کە خەڵکی ئومیدا بۆ ئشکەدان هەڵیان دەگرتن.

هەیهایەکیان لە ئەسپەکان کرد و کالیسکە جوولا، ئەسپەکان بە تەنبەڵی و ماندوویێتی بەسەر جادەکەدا بەگورگە لۆقە دەڕۆیشتن. کالیسکە شڕەکەش وای رادەتەکاندین دڵمانی ژێرەوژوور دەکرد و خەریک دەبوو ریخۆڵەمان لە زاردا بێنە دەر. خۆ لە سیرە سیرێ هەر مەپرسە کەڕی کردین. لە قیافەی تورکەکانەوە دیاربوو بەزەحمەت بەسەر ماندوویەتییەکەیاندا زاڵ دەبوون. عەرەق لەلا جانگ و پشتی سەریان دەچۆڕایەوە... ئەو تورکەی لغاوەکەی بەدەستەوە بوو جارجار قامچییەکی هەڵدەسووڕاند و دایدەوەشاندە ئەسپەکان. بۆ ئەوەی خەویشی لێ نەکەوێت لە بەرخۆیەوە گۆرانی دەوت. ئاوازەکەی پتر لە گریانێکی خەفە دەچوو کە لە گیانێکی رەنجدراو و بێ ئومێد دەردەچێ.

گوێم لە ئاوازەکەی ئەو گرتبوو، دەشتە غەمگین و داپۆشراو بەگژوگیا و زەمەندەکانم بەپێش چاودا تێدەپەڕاندن. لەوانەیە ئەو و تورکەکەی تر کە دەبۆرژا و گوێشی لە ئاوازەکە گرتبوو، بیریان لە هەمان شت دەکردەوە کە

زەمانێک من لە کتێبێکی ئیتاڵیاییدا لەسەر ئەستەمبوڵ خوێندبوومەوە:

«ئاوە شینەکەی بۆسفۆر لە شەوانی خۆیدا بەلەمە ئاڵتوونییە بادبانداره ئاوریشمینە سەوزەکان لەناو پێچ و لوولی خۆی دەگرێت. بەلەمەکان لە کاتی هاتوچۆی ئارامیاندا بەسەر وێنەی لێک داپچڕاوی منارەکان تێدەپەڕین. خزانی نەرم و لەسەرەخۆی سەلبە ئاوەکەی دەلاواندەوە!»

بەگۆڕی خێوی بیرەوەری! غەمی مەلاسخواردووی ناو ئاوازەکە شتێکی تری دەچڕی. سەربازە گەندەمویە دەموچاو درێژەکە نەیدەتوانی بیر لە بۆسفۆر و خۆشی و رابواردنەکانی بکاتەوە، ئەو هیچ پلە و پایەیەکی نەبووە تاکو بێتەوە بەرچاوی. بۆ سوڵتان یان وەزیر بوو؟ خۆ ئەو تەنانەت پاشا یان بەگیش نەبووە. فەرەجییەکی دڕاوی لە بەردا بوو کە خەتی پشتەوەی لەبەر عەرەق هەڵگرتن پشکوتوبوون، مەندیلێکی سووری لە ڕەنگ چووەوەی لەسەر نابوو چەکمەکانیشی بەپینان داپۆشرابوون. گوێی قولاغ کردن تاکو شتێک لە ئاوازە ژێر لێویەکەی ئەو سەربازە غەمگینە بگات. دەنگی پڕاوپڕ لە فرمێسک بوو. چاوەکانی ئەو و سەربازەکەی تر برابوونە ئەو دوور دووره خۆشەویستە و لە درزی نێوان پەلکی چاوەکانیان، دەشتە هەژار و کۆڵە دارەکەی ئەناتولی دەبینرا کە لەژێر زەبری توندی با و بڵێسەی سوزانی خۆردا دەسووتا و بەخۆیدا پێچی دەخوارد. ئەوان دیمەنی گوندە داتەپیوەکانی خۆیان بەو هەموو کووچە و کۆلانە بەقوڕ و چڵپاوانە دەهاتە بەرچاو. لە پشت تامانەکاندا بۆنی خۆشی باغچە قشتیلانەکانیان پێدەگەیشت. لەژێر سێبەری درەختە بچکۆلانەکەی ناو باغچە هاوسەره چارۆگە بەسەر و منداڵە شەرواڵ فشەکانیان چاویان بەدەرگەوە نووساوە و چاوەڕوانیان دەکەن. مزگەوتی گوندەکەشیان- کە بەچاوی بیرەوەریی دەیاندیت- هێندە گەورە نییە و منارەیەکی کورتی لەسەر قوت بووتەوە. پیرە مجێوری گوند، لە چوار پێنج پلان سەردەکەوت و بەدەنگە گڕەکەی بانگی هەڵدەدا.

نزیک بە نوێژی شـێـوان بوو. وەک بڵـێـی تورکـەکـان فکری منیـان خوێندبێتەوە، کالیسکەکەیان لە تەنیشت جادە ڕاگرت و دابەزین. منیش خۆم فڕەدایە خوارێ.

لەلای بوخاریستەوە کاروانێکی سوپایی درێژ و سەیر کە لە تۆز و غوباری جادەکەدا ون بووبوون، هێواش هێواش بەرەو ئێمە دەهاتن. تورکەکان تفەنگەکانیان هەڵگرتن و خێرا وریا وەستان. قەت باوەڕم نەدەکرد ئەم دوو نەفـەرە- کـە تازە لە بورژان ڕاپەڕین و لە خـەیاڵە دوور و درێژەکـەیان پچڕاون- هێندە چاپووک بن.

جـوان لێـیـان وردبوومـەوە، ئینجـا هـۆی شـێـواوییـەکـەیانم زانی. دەرەجەدارێکی ئەڵمانی بەسواری ئەسپ لە پێشەوەی کاروانە سوپاییەکە دەهات. دەرەجەدارە ئەڵمانییەکە سمێڵی خۆی بەرەو سەرەوە لوول دابوون، بەبێ بایەخی بەپێش سەربازە تورکەکاندا- کە توند پاژنەیان ڕێک بەزەمین کێشا- تێپەڕی.

لە هەردوولای کـاروانەکـە، چەند سـەربازێکی بولگاری بەفـەرەجی و شەڵواری دڕاو، سواری چەند ئەسپێکی مردۆخ بووبوون. نێزیک بە پەنجا نەفەری بەساڵاچوویان لەگەڵدا بوو. لە جلوبەرگی هەندێکیان دیاربوو خەڵکی شـارن. هێندە تەنگ بەتەنگی یەکـتـر دەڕۆیشتن دەتگوت سـواری شـانی یەکتربوون. بەزەحمەت هەنگاویان دەنا. هەندێکیان جانتا یان بوخچەیەکیان بەدەستـەوەبوو، یەکێک لەوان کە لە هەمـووان شەپرێوتر بوو، لا تاوێکی بۆ فڕێدام:

- کوڕی چاک، بوویتە خزمەتکاری تورکان؟

- نا. بەپێیان دەهاتم، لە ڕێگە سواریان کردم، لەو گوندەی بەردەمیشمان زیاتر ناڕۆن. ئەی ئێوە چیتان بەسەر هاتووە؟

- دەتویست چیترمـان بەسەربێت؟ نەمانتوانی زمانمان بگرین، جنێو و

ناتورەمان لە نافەکی ئەڵمانییان بەست. دەمانگوت ئەڵمانییەکان لە شەڕدا هەر دەیدۆڕێنن، بوخاریستیش پڕە لە جاسووس و هەواڵگر، دواجار زمانیان لێداین ئەوانیش هاتن و هەموومانیان گرتن.

– ئەدی ئەوە بۆ کوێندەرێتان دەبەن؟

– بولگاریا، بۆ یەکێک لە ئۆردوگاکانی ئەوێ، تاکو ئێستا زۆریان بردوون. دەست هەڵناگرن و هەروا دەگرن و دەبەن. هەمووممان لەوێدا دەفەوتێین. بەڵام سەرەنجام ئەڵمانییەکان لە شەڕدا هەر دەیدۆڕێنن

– هۆی رۆمانی، کت بە، دەمت بگرە

– باشە، دەیگرم...

– تاقمی دیلان بەرەو دانووب دەڕۆیشتن، چوار سواری بەهێزی ئەڵمانیش چاودێرییان دەکردن.

هێندم تەماشای تاقمی دیلان کرد تا لە سوورێتی خۆرئاوادا ون بوون، تورکەکانیش سەیریان دەکردن. گوێم لە دەنگی تورکەکان بوو بەتووڕەییەوە دەیانگوت:

– تف لە گۆڕی بابتان، بێ شەڕەفینە!

ماوەیەک لە بێدەنگیدا سەریان راوەشاند و سەیریان دەکردن. پاشان هەر لەسەر پووشەکە رووەو. باشوور، واتە مەککە شاری پیرۆزی محەمەد پێغەمبەری کەعبە و ئەو بەردە رەشەکەی بەنوێژی نیوەڕۆ لە ئاسمانی وشک و ساف هاتە خوارەوە کە دەکەوێتە ئەودیو دەریاکانی ئاو و زیخ، چۆکیان دادا، ماوەیەک نێوچاوانی پان و درێژی خۆیان لە خاکی داپۆشرا و بەگژوگیا سوی و نوێژی خۆیان کرد.

وام دەزانی دەنگی ناقووسی کڵێسا لە یەکێک لە گوندە نێزیکەکانی دەوروبەرمان بەرز دەبێتەوە. بەڵام چاوەڕوانییەکەم بێ جێ بوو سەرم

سورما. لەو ساتی شێوان، ئەسپەکانیش لموزیان لە خۆڵ دەسوی. ئەوجا هاتەوە یادم کە بورجی کڵێسای گوندەکان ناقوسیان تێدا نەماوە. ئەڵمانییەکان هەموویان لێکردوونەوە و رەوانەی وڵاتی خۆیان کردوون تا بیانتوێننەوە تۆپ و تفەنگ و گوللەیان لێ دروست بکەن.

- ئەوجاش ئەڵمانییەکان لە شەڕدا هەر دەیدۆڕێنن...

کاتێک گەیشتنەجێ، لە کالیسکە دابەزیم و ماڵئاواییم لە تورکەکان کرد و رۆیشتم. ئەستێرەی شەو بەقەدی ئاسمانی ئەنگوستەچاوەوە کە خۆی بەسەر زەویدا کێشابوو، دەدرەوشایەوە. سەرەنجام لە سێیەمین رۆژ دوای بەجێهێشتنی «نیتسا-ئولینت» و کچە لاوازەکەی «ئیفانکا» کە تا سەر جادەی جۆرجیۆ بەدرەقەی کردم- و شەشەمین رۆژ دوای ئەوەی قاچم خستە ناو بەلەمی مام «لایۆش- ئۆپریشۆر» گەیشتمە نێزیک بوخاریست.

ئاریزان ئاغا فەرمانی پێم دابوو لە سی رۆژدا بگەڕێمەوە. بەڵام حیسابەکەی دروست نەبوو، ئەو کەسەی لە ئارەزووی شتێکدا تۆتکە نەگرێ، هیچ کاتێک حیسابیشی راست دەرناچێت. نەمدەزانی ئاغا بەدوای چ شتێکدا دەگەڕێ و تۆتکە ناگرێت، نەشمدەویست بزانم... خۆ ئەگەر ویستبام نامەکەیم کردبایەوە خوێندبامەوە تەواوبوو. بەڵام قەت لەو فکرەدا نەبووم، لە گۆڕی بابی ئاغا و نەهێنییەکانیشی بەم! من دەبوو تەنیا نامەکەی بگەیەنمە جێ، پاشان... پاشان خۆم دەمزانی دەبێ چ بکەم، تا ئێرە دەبوو مەمنوونی ئاغابم کە ئەم سەرئێشەی بۆ دروست کردم. هەر لە سەرەتاوە دەمزانی ئەم سەفەرەم گەڕانەوەی تێدا نابێت.

تا بوخاریست بە پێیان بڕیم و بەو ڕێگەیەدا هاتم کە چەندان جار تورکانی عوسمانی بەشمشێرەوە بۆ داگیرکردنی هاتبوون تاکو ئاگری تێ بەربدەن، پاشانیش لە ترسی ئەو شمشێرە بەخوێن تینووانەی لە کێو و دۆڵان دەهاتنە خوارەوە، هەر بەم ڕێیەدا هەڵدەهاتن.

ئەوەی منی نیگەران دەکرد، پێش ئاوابوونی خۆر و باڵکێشانی تاریکی بەسەر دنیادا گەیشتبوومە بوخاریست. ئەو شارەی من پێم نایە ناوی، کەوتووەتە ناوەڕاستی دەشتێکی پان و بەرین. ئەم دەشتە لە دێرزەماندا بە جەنگەڵی «فلاسیا» داپۆشرابوو، لە هەرلایەکەوە بێیتە ناوی، شار نابینی تا نەگەیتە قەراغی، ئەوساش تەنیا بەشێکی دەکەوێتە بەرچاون.

من لە بەشی خوارووی شار راوەستابووم و خەریکی تەماشاکردن بووم. ئەو هەندەی لەسەر شارم دەزانی- دەشمزانی هەمووی نییە- زۆر فراوان و گەورەم هاتە بەرچاوان، ئەمە چ جۆرە شارێکە؟ لە بەرچاوانم زیاتر لە باغێکی گەورە دەچوو کە لێرە و لەوێ خانووی سەر بە جەمەلۆنی بۆر و دیواری سپییان دروست کردوون. شەقامەکانی درێژ و زیاتر تەنگ و مارپێچی بوون. لە هەموو شوێنان بورجی کڵێسا دەبیندرێ و بەسەر هەموو کۆشک و کۆنە درەختی سەوزدا زاڵن. قەیدی چییە؟ با کڵێساش هەبن! ئەوەش وا دەگەیەنێ ژمارەیەکی زۆر کەشیش لێرە دەبینم. لە ئومیدادا دوو کڵێسا هەبوون، یەکێک لە ناوەڕاستی گوند بۆ بەرپاکردنی رێورەسمی ئاینی و ئەویتر کڵێسایەکی لە تەختە دروستکراوی بچووک لەناو گۆڕستان بوو. لە هەموو گوندەکەش یەک کەشیشی ریش درێژۆکەی جببە و کلاوقوچی لەسەر بەناوی «تومیتسا بولبوک» بۆ هەردووک کڵێساکە هەبوو. ئەو یەکەش لەسەر و لاقمان زیاد بوو!

لە ناخی دڵمەوە شادبووم و ئەو قەلا جوان و بە شکۆیەم لا پەسند بوو، واتە ئەو شارەی سەرەنجام هەمووی دەبینم و تێکڕای کون و قوژبنەکانی دەگەڕێم، بڕیارم داوە لەناو ئەو هەموو خەڵکە و لە ناخی ئەم شارەدا شوێنێک بۆ خۆم بکەمەوە، تەنانەت ئەگەر ناچاربم بە هەزار گیانەمەرگی کارێک بۆ خۆم بدۆزمەوە و بەچنگ و ددان بەرگری لە خۆم بکەم. ئا لێرەدایە دەبێ توانایی خۆم بخەمە بەر تاقیکردنەوە. هەرچەند ئەو کەسەی ئێستا

لەسەر دەروازەی ئەم شارە وەستاوە، پیاوێکی بێ هێز و توانایە.

خۆر لە کاتی ئاوابوون، سووریێتی رووە و کوژانەوەی خۆی بەسەر خانوو، بورجی کڵێسا و ئەو درەختانەی شاریان لەناو خۆیان گرتبوو، دادەکرد. لە قەراغ شاردا لوولەی چەند کارخانە، دووکەڵی سپی خۆیان رەهای ئاسمان دەکرد. لە دوورەوە هەرا و هۆریایەک دەبیسترا کە زیاتر لە گیزە گیزی شلغەی هەنگ دەچوو.

دڵم گیرابوو، نەمدەزانی لە ترسانە یان لە خۆشییان، بەڵام بەهەرحاڵ خۆشحاڵیش بووم کە هێندە لە سەرچاوەی ئارەزووەکانم نێزیک کەوتوومەتەوە.

لەسەر تاشەبەردێکی رووەو شار کە زیاتر لە بەردی کلیۆمەتر ژمار دەچوو، دانیشتم و چاوم بڕییە ناو شار. هێندە لەوێ مامەوە تا ئەستێرەکان بە تەوقی ئاسمانەوە بەورشە ورش کەوتن و شۆقێکی کز لە کووچە و کۆڵان و ماڵەکانیەوە دەرکەوت.

بڕیارم دا لە یەکێک لە ماڵەکانی ئەو قەراغە بخەوم و سبەینێ زوو لەگەڵ ئەنگوتنی گەزینگ، بچمە ناوشار. هەرواشم کرد. لە دەرگەی ماڵێکم دا و داوام لێ کردن خانەخوێیم بکەن.

– لە کوێوە دێی؟

– لە جۆرجیۆوە.

پیرەمێرد بەخێسەیەک هەڵیسەنگاندم تا نەکا رێبوارێکی وێڵی بۆ ناو ماڵەکەی رێگە دابێت کە لەوانەیە مەبەستێکی تری هەبێت. دوای چەندێک رێگەی دام بچمە ژوورەوە:

– فەرموو.

– زۆر سوپاس.

– له کوێوه دێی.

– له سەرووی دانووبەوە.

– بابەگیان، دیاره زۆریش برسیت؟

– کەمێک.

– هەر ئێستا پیرەژن دۆشەگێکت له هەیواندا بۆ رادەخات.

– دەتوانم پارەی جێگەتان بدەمێ.

– بۆ ئێمه کاروانسەراین تا پارەت لێ بستێنین. بابەگیان ئەگەر چ برێ پارەت له باخەڵدایه بۆ خۆتی رابگره. بەکەڵکت دێت.

لەتکەنانی رەش و رەق و پڕ له کەپەنەک و پووشکەی ئاش، بەلامەوه له هەنگوین شیرینتر و خۆشتر بوو. – راست دەکەی! خەریک بوو له برسان بمرم.

– کەواته لەتکێکی تریش هەڵگره.

لەتکێکی ترم هەڵگرت. بەهێواشی دەمجوی تا گشت تاڵ و شیرینییەکەی بچێژم.

نانی جەنگ...

چەند سێبەرێکی بۆر بەهێواشی بەشەقامدا دەڕۆیشتن.

– ئێشکگری ئەڵمانین.

– زۆر دێن و دەچن؟

– شەو و ڕۆژ بابەگیان، خەڵک بێدەنگن. کەچی ئەوانه هەر دەترسن. له ناوەڕاستی شاردا جارجار لێکدان دەبیت، بەڵام ئێره قەراغ شاره و بێدەنگ و ئارامه. ئاوهایه. کەچی ئەو ئەڵمانییانه هەر دەترسن، ڕۆژێک دێ ئەوانه له بەرچاومان ون بن.

– کەنگێن؟

– هەر کاتێک تێشکان. گومانی تێدا نییە ئەڵمانییەکان دەشکێن. ئاخر ناکرێ وانەبێ.

– لە جەنگدا هەمیشە لایەنە بەهێزەکە دەیباتەوە.

– لە هەوەڵدا ئەڵمانییەکان بەهێز بوون، بەڵام ئێستا شەق و پەق بوون. لە بەرەکاندا مەرگ دەیاندروێتەوە. خۆشیان هێندەیان بەرەی شەڕ کردووەتەوە لە دەست خۆشیان دەرچووە... لاواز دەبن و دەمرن بابەگیان.

زۆر لەمێژ پێش ئەوەی ببمە خزمەتکاری ئاریزان ئاغا و بەخەرمانەکانی ئاغا چاو شیشۆقەوە خەریک بم، چەند کتێبم لەسەر ژیان و خەڵکی ناوشاری بوخاریست خوێندبوونەوە. ئەگەر گوێم دابایە قسەی ئەو کتێبانە، زۆر لەمێژبوو دەبوا دەستم لە خەون و خەیاڵەکانی خۆم هەڵگرتبا. ئەو کتێبانە گشتیان یەک چشتیان دووپات دەکردەوە و یەک داستانیان دەهۆنییەوە. ئەم شارە زۆر زوو ئەو گوندییە دەفەوتێنێ کە ڕووی تێ دەکا. ئەم شارە وەک ئەژدەهایەکی زلە و هەر کە کەوتیتە کەلێنی ددانەکانی، دەتهاڕێت... ئەگەر تۆ لە گوند هاتوویتە دنیا، ئەگەر بەدوای کاردا بچیتە شار ئەوە زوو تێدەچی، چونکە ناتوانی هاوڕەنگی خەڵکەکە بیت. خۆ ئەگەر شانسیشت هێنای و کارێکی بێ بایەخت چنگ کەوت، ئەوە دەبێ عومرێک بەدبەختییەکانی بەکۆڵ دادەیت.

جگە لەمەش تۆ چۆن دەتوانی گیا سەوزەکەی ناو کێڵگان ڕەهاکەیت؟ چۆن دەتوانی گیا سەوزەکەی ناو کێڵگان ڕەهاکەیت؟ چۆن دەتوانی واز لە نەرمە ئاوازی ناو جەنگەڵ بێنیت؟ چۆن تاقەتت دێنێ خۆت لەناو چوار دیوارە ناجوور و بەردەکانی خانووی شار زیندانی بکەی و دەم و گۆنات لەلاواندنەوەی بای گوند بێبەش بکەیت؟ لەناو شار، باران دەڵێی دەگرێت و وانیشان دەدا تازیەدارە، کەچی شۆڕە شۆڕی هەمان باران لە گوندا،

سرروودی قـووڵی ژیان بۆ کێڵگە و دەشـتـەکـان دەچڕێ. چۆن دەتوانی واز لە گوند بهێنیێ و چیتر دیمەنی جوانی کرێوە بەسەر دەشت و بەندەنە بەفر داپۆشراوەکانەوە نەبینی؟ چۆن تاقـەتت دێنیێ ئەو شـوێنە بەجێ بهێڵی کە خۆر و هەوا و ئاوی هەیە و بچی لە سێبەری چوار دیواریدا بژی؟ ئاخر چۆن دەتوانی ئەوانە هەمووان وێڵ کەیت و بڕۆیت؟

هاوار لە دەست ئەدەب... ئەدەب...

– داریا وریابە. هەندێک کتێب هەن راستەقینە دەڵێن و هەندێکیش هەن دەیشارنەوە.

– وریام، بەڵام خۆم جوانی و رازاوەیی دەشت و دارستانەکانم ناسیوە. لە جوانی ئاو و ئاسمان گەیشتووم. سرروودی باران و گڤە و هاواری کرێوەی سپیم بیستووە و پێدەشتە بەرینە بەفر داپۆشیوە زیوینییەکانیشم دیون. ئەگەر جانوو یان گۆلک یان بەرخ و فەرخە چۆلەکەیەک بام، لەوانەبوو ئەم شتانەم بۆ بەس بن و چیتر لە ژیاندا نەخوازم.

بەڵام ئاخر مرۆڤم و،

لە مرۆڤیشدا بڵێسەیەک هەیە هەردەم لە گڕدایە

کێ دایدەگیرسێنیێ؟

بۆچی هەڵی دەکات؟

تۆ خۆت بیڵێ. ئاخۆ دەتوانی خۆت بە گیاوگۆڵ بژێنی؟

کاتێک بە پێخواس لەناو گیادا هەڵدەبەزیتەوە،

قاچەکانت بە شەونم تەڕدەبن،

ئەمە لە منداڵیدا خۆش بوو.

ئاخۆ دەکرێ سکت بەگیا تێربکەی؟

کەچی گیایەکەشی ملکی خۆت نییە.

دارستان چەندە دڵگیر و رازاوەیە، هیچ کەس وەک من دارستان ناناسێت. من هەموو درەخت و باڵندەکانی دەناسم.

بەڕای تۆ، ئاخۆ هەر درەختێک لەویتر دەچێ؟

لقێک بە لقێکی تر دەچێ؟

گەڵایەک وەک ئەویترە؟

خۆت هەڵمەخەڵەتێنە.

کەسێک بەکەسێکی تر دەچێت تا درەختێک بە درەختێکی تر و لقێک بەلقێکی تر یان گەڵایەک بەگەڵایەکی تر.

وا دەزانی باڵندە و زیندەوەرەکان پێک دەچن؟

بچۆ خۆت ببینەوە...

دارستان تواناییەکی بێ هاوتای لە فریودان‌دا هەیە.

گوێم بۆ گشت ئاوازەکانی هەڵخستووە و تێیان گەیشتووم و حەوداڵیان بووم.

هاشەی درەختان و جریوەی باڵندان.

گوێ بۆ داستانێکم بگرە کە داستان نییە:

- داریا، بچۆ لەناو جەنگەڵدا هەندێک کوارگ کۆبکەوە. ئاخر هیچمان نییە لە مەنجەڵێکی بکەم.

- بەسەرچاوان دایە.

لە گردەکە سەرکەوتم، دەشتەکەم بڕی و گەیشتمە تاریکاییە تەڕ و فێنکەکەی جەنگەڵ و دەستم کرد بەکوارگ کۆکردنەوە. پاش باران و جەنگەڵ پڕ لە کوارگ بوو. لقە چیلکە باریک و رزیوەکانم لەسەر گیا هەڵدەگرتن و کۆم دەکردنەوە. توکا فیکەی دەهات، کوکو ناوی خۆی دەوتەوە، با گڤەی دەهات.

له دڵەوە حەزم دەکرد خوای جەنگەڵ ببینم یان بچمە لای وردیلە ریش درێژەکان. لە ئەفسانەکاندا هاتووە ئەگەر منداڵێک بەتەنیا بچێتە دارستان، چاوی بەخوای جەنگەڵ یان وردیلە ریش درێژەکان دەکەوێ. کەچی لەسەر رێگە تووشی منداڵە بزۆزەکانی «کوتور و ئانتای جادووگەر» و نەنە پیرەی دارستان بووم، نەنە پیرە لووتی تا سەر دەمە بێ ددانەکەی شۆڕبووەتەوە و لەجێی نینۆک، چەنگاڵی بە پەنجانەوەیە.

بەڵام من منداڵێکی ژیر و گوێگرم.

بۆیە نەنەپیرەی دارستان یەخەم ناگرێ...

– هۆی، بۆ هاتووتیە ناو جەنگەڵ؟

– «مام ئاو ئارتسا»، دایکم ناردوومی چەنگێک کوارگ وەکۆکەم.

– ئەدی ئەو چیلکانە چین؟

– بۆ ئاگر ئایساندن و کوڵاندنی کوارگەکانە.

– کوارگەکان فرەبدە دەی، چیلکەکانیش...

«ئاو ئاتسا– گاتس»، پاسەوانی دارستانەکانی ئاغایە، ئەو کوارگەکانی منی بەپێ فچقاندەوە و چیلکەکانیشمی کە لق لق و لەسەر چۆکان خرم کردبوونەوە، پەرت و بڵاو کرد...

– دزی قاحپەداک. ها ئەوە کوارگەکان و ئەوەش چیلکەکان! دزی رێگر!

نەمزانی چۆن هەڵاتم، لای هێوارە کە گەیشتمەوە ماڵ، وەک یەکێکی سەرخۆش بەلادا دەچووم.

دوو هەفتەی تەواو خوێنم بە زار دادەنا.

فیکەی توکا بخە ناو مەنجەڵ،

کاتێک کوڵی، فشەفشی گەڵاکانی بەسەردا بکە.

بەست نییە؟ هاشە هاشی دارستانیشی پێوە زیادبکە و بیخۆ!

تێر نەبووی؟

سەیرە...

ئاخ ئاو چەندە روون و تەنکە! هەر لە تەنکییەتی ئاسمانی ساف دەکا. دڵنیام مەبەستت ئاوی شوێنەکانی ترە، چونکە ئاوی جۆگاکەی ئومێدا وانییە...

جۆگایەکی قوڕاو بەتەنیشت ئومێدادا دەڕوا. من خۆم چەندان جار لەگەڵ بەراز و گاڕانی گوندەکە مەلەم تیا کردووە و تووشی نەخۆشی گالیش بووم. سەرەڕای هێندیش، ئاوی جۆگاکە لە نێزیک گوندی «کلمتسوی» روون دەبێتەوە و ماسی زۆریشی تیایە. ماسی کەپوری وردیلە و رەش هەر بەقەد ئەنگوستێک دەبن و بۆنی پەین و قوڕاو دەدەن، ماسی خاردار و خڕیلەی وەک قرژاڵ، ماسی پەلکدار، پەلکەکانیان وەک مووس وایە...

– سبەینێ جەژنی مژدەیە*.

– با بچین ماسییان بگرین.

هەندێک بەتۆڕ و هەندێکیش بە سەبەدەوە چووینە راوە ماسی. پێکەوە چووینە ناو ئاو. ئێمەی منداڵ بەرووت و قووتی و گەورەکان بەدەرپێوە. هاتوچۆمان دەکرد و خۆشحاڵ بووین. ئاوەکە سارد بوو. سەرەتای بەهار بوو خۆر گوڕوتینی خۆی بەدەرنەدابوو.

– هۆی لە ئاودا چ دەکەن؟ خەریکی چن؟

– کاک «میلوشل» خەریکی ماسی گرتنین، سبەینێ جەژنی مژدەیە و عادەتە ماسی و ماماليگا دەخۆن. ئێمە بۆ نەخۆین

– بۆ ئەو ماسییانە هی ئێوەن؟

– نا، بۆ ماسی ناو ئاو خاوەنی هەیە؟

– له جۆگاکه وەرنه دەر ئەگینا بەقونداغه تفەنگان دەکەومه گیانتان. چ بکەین، له ئاوەکه هاتینه دەر. ئیجازه نەبوو...

با

چەنده به شکۆیه با!

سەر گۆناکانت دەلاوێنیتەوە! هەر دەڵێی ماچیان دەکا...

بەڵام هەندێک جاریش وەک دوژمن هێرشت بۆ دێنێ، لێت دەدا و دەتخاته ژێر قەمچی.

ئەگەر توند قاچت له زەوی قایم نەکەیت، هەڵت دەگرێ و دەتکێشێ به ئەرزا.

بای بەهاران چەنده دڵگیره!

بای بەهاران چەنده شیرینه!

من شیرینییەکەیم چێشتووه!

تۆ خۆت بڵێ. کاتێک بای کۆتایی پایز و زستانان دێت و تۆ کۆنه کراسێکی تەنکت پۆشیوه و شرە کورتەکی دڕاوی کۆنت بەسەرداداوه، بەبێ خاتر گرتن قبووڵ بکه،

با ئیتر فریودانی نامێنێ.

کاتێک با وەک دوژمنێکی دڕنده شاڵاوت بۆ دێنێ تا هەزاران سووژن و چەقۆت له تەن رابکات، ئاخۆ دەتوانێ تێم بگەیەنێ فریودانی با له چیدایه؟

بارانیش،

دەزانم باران زەویوزار تێر ئاو و به پیت دەکا.

بارانه توند و گەرمەکەی هاوینان و بارانه نەرم و وردەکەی پایزان دەناسم...

کاتێک بارانی پایزان تا سەر هێسکان تەڕت دەکات،

بە پێخواسی و،

سک برسی،

لە ماندوویێتییان بڕستی ڕێکردنت نییە،

بارانی بێ ئەمانیش بەردەوام شۆر شۆر بەسەرت دادەبارێ.

هەرچەند بەدەوری خۆتدا دەڕوانی، هەر دەشتی پان و بەرینە و هیچی تر،

نە پەنایەک بۆ هانابردن،

نە وشکانییەک بۆ حەسانەوە،

دەزانی لەبەر ئەو بارانەی کەوا وردی کردووی، تێکت دەشکێنێ دەبێ تا لە ماڵەوە بەپێیان راکەیت.

کە ئەم بارانە وەک سەهۆڵی ساردە و، جلە شڕەکانیشت بە لەشتەوە دەبەسترێن و سەرما تا سەر هێسکانت رۆ دەچێ و لە نووکی قاچتەوە دەردەچێ...

ئاخۆ دەتوانی پێم بڵێی فریودانی باران لە چیدایە؟

هەروەها کێشی خۆر و،

رازاوەیی گزنگ...

من چەند چاکە ئەوانە دەزانم.

چەند چاک!

بەڵام دەمەوێ شتێکی ترت پێ بڵێم،

شتێکی نە زۆر خۆش.

کاتێک خۆر بەتەوقی ئاسمانەوەیە،

کاتێک زەوی بڵێسەی لێ هەڵدەستێ و،

کاتێک تۆ دوور لە سێبەر وەستاوی،

لە برست کەوتووی،

نیوەڕۆت، پێخواس و برسی.

ئەو کێڵگە و مەزرا پان و بەرینەی کە بۆ خەڵکی ترت چاندووە و بۆشیان دەرنیتەوە،

ئەمرۆ،

سبەینێ،

دووسبەی،

ئەم هەفتە،

هەفتەیەکی تر،

لەژێر ئاسمانی شین و

تیشکی دۆزەخینی خۆر،

بە پشوو هەڵکێشان لەناو ئەم سوربەکوڵیوە.

کاتێک بەهەموو بوونی خۆتەوە لەسەر ئەم خاکە گڕگرتووە

گیان دەدەیت و ملە دەکەیت، هەست دەکەیت وزە و توانا

چۆن دەڕوێتەوە و دەڕوات،

حەز دەکەی راکشێی و

گیان بدەیت،

چونکە وا هەست دەکەیت لەگەڵ هەر دڵۆپەیێ عارەقەدا گیانیش لە لەشت دەڕوات و

هەموو لەشت شەڵتانی ئاوە،

ئاوێکی سوێر کە سەرچاوەکەی خۆتی.

دەمت وەک کوورەی ئاگر دەسووتێ و

لێوەکانت ترەکیون،

خوێنیش

– ئەوەندەی لە لەشدا ماوە–

دەڕژێتە چاوەکانتەوە،

خۆریش وات دەسووتێنێ وەک کەوتبیتە مەنجەڵی قیرەوە.

ئاگرت گرتووە،

وا دەزانی بەری دەستانت گڕی گرتووە و

زمانت هەڵامساوە، پشتی زمانت هەزار لەت بووە و

هەر لەتەی بەگوڕ دەسووتێ و لە تاوان هاوار دەکەی.

کاتێک بۆ ساتێک مەجالی پشوودانت نییە و

هەمیشە دەبێ لەسەر قاچە خوێناوییەکانت

بخشێی،

بە پێستی ترەکیو و

دەمی هەڵمساو

بەو دڵەی خەریکە بەلێدان سنگت بدڕێ،

بۆ ئەوەی بەشی خۆت تەواو بکەی،

پاشان بەشێکی تر...

ڕۆژان تا درەنگان:

ئەو کاتەی خۆر بەزەیی پێت دێت و دەست بە ئارامبوون دەکات و بەلای خۆی بۆ ئەودیوی گۆی زەوی دەخشێ،

ئێوەی کە هەتاو و رازاوەیی خۆر پەسند دەکەن،

پێم بڵێن،

کاتێک ئاوها دەژین و

بەم چەشنە گیان دەدەن،

ئیتر چۆن دەتوانن ئەم رازاوەییە هەست پێ بکەن؟

هەتاو چۆن دەتوانێ سەرنجتان راکێشێ؟

ئەگەر فکرم وەستابا و کەللەم بەقەد کاوڕێک یان کەرێک با– کە دەتوانێ بەڕاوەشاندنی گوێکانی مێشان لە خۆی دەربکات، ئەو کات لەوانەبوو قسەی کتێبان لەسەر خۆشی و جوانیی ژیان لە گونددا و ناخۆشی و ناشیرینی شاران باوەڕ بکەم، ئەوسا هۆگری ناوچەی «ئۆمیدا» دەبووم. بەڵێ ئەوکات حەز و ئارەزووم لە ڕۆیشتن بۆ شوێنانی تر دەنیشتەوە، کەچی من ئێستا لە قەراغ ئەم شارە گەورەدا و لە هەیوانی ماڵێکی دێهاتی، چاوەڕوانی کازێوەی بەیانم.

سەرەڕای ئەمەش، حەز و تاسەم دانامرکێ. ئاگری دەروونم کە دەمێکە گڕی سەندووە، زیاتر لە جاران لە ناوەوە دەمسووتێنێ. سەرت نەیەشێنم، من ماڵ و حاڵی خۆم وێڵ کردووە تا لەگەڵ ئەم ئەژدەهایە –شار– دەستەویەخەبم.

لەوانەشە بتوانم ڕیشەمەی بکەم و سواری پشتی بم. شایەد هەروەک کەوتوومە ناو زاری و دەیەوێ هەڵملووشێت، بتوانم بەم چەقۆ سادەیەم، زمانی ببڕم. وێدەچێ بتوانم نێزەیەکی دار لە گەرووی ڕۆکەم... کێ دەزانێ ناتوانم بیکەم... بەهەرحاڵ من بڕیارم داوە دەستەویەخەی بم. بڕیارم داوە...

هەر لە سەعاتی یەکەم کە ڕێ کەوتم، بڕیارم دابوو ئیتر نەگەڕێمەوە سەر خەرمانی ئاغا یەک چاوەکەی لێواری دانووب. بەڵام دەبێ نامەکەی بگەیەنمە

جێ تاکو نەڵێ فلان کەس پێنج لی بۆ خەرجی ڕێگە لێ وەرگرتم و خواردی و سێ ڕۆژیش بەلەمەکەی مام «لایوش ئۆپریشۆر»ی لەگەڵ خۆی برد، جیا لەمەش نامەوێ بڵێ قسەی خۆی نەگەیاندە جێ. دوای بە ئەنجامگەیاندنی، دەزانم چۆن بەرەی خۆم لە ئاو دەربێنم .

هەڵبەت، ئەمە جاری یەکەم نەبوو دەهاتمە بوخاریست، سێ ساڵ لەمەوبەریش لە قەراغی ئەوبەری شارو لە «وێستگەی سەروو»دا بەپەلە تێپەڕیوم.

کۆتایی ساڵی ١٩١٤ بوو. لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، گەلان کەوتبوونە گیانی یەکتر و هەواڵی جەنگ زار بەزار دەگەڕا و لە هەموو شوێنان دەنگۆ بوو، منیش وەک خەڵکانی تر- لە بچووک تا گەورە- دەمزانی زەوی وەک باران، خوێنی کوژراوان هەڵدەمژێ و جەستەشیان دەکاتە خاک و روویان بەزەمەند دادەپۆشێنی.

گرمەی ئەو تۆپانەی ناوچە دوورەکانیان بۆردومان دەکرد، گوێمانی ئازار نەدەدا . بەئاواتەوە بووم ئەو تۆپانەی ناوچە دوورەکان دەکوتن، لە پڕدا کەوت و دووبارە ئاشتی و هێمنی باڵ بەسەر زەویدا بکێشێت.

ئەو کات پۆلی چواری سەرەتایی بووم. زیاتر لە نیوەی ڕۆژانی خۆم لەگەڵ کوڕە گەورەکەی «بوکور»- خاوەن مەیخانەکەی تەنیشت وێستگا- دەگوزەراند من بەناو، مامۆستای ناومالّی ئەو بووم و ئەویش بەو قەپۆزە ئەستوورییە و بێعارییەی خۆی، لەگەڵ من هاوتەمەن بوو. دە جار زیاتر دەرسی مێژوو و زانیاری و ئاینم لەبەر بۆی دەگوتەوە. پرسیارە ماتماتیکەکانم بۆ دەنووسییەوە و بۆم باس دەکرد هێندم قسە دەکرد زارم کەفی دەگرت. تەنانەت دەبوا دەرسی «سروود»یشی لەگەڵ بخوێنمەوە و لەبەر بکەم.

بەرخۆڵە بۆ کوێ دەچی؟

دەچمە لەوەڕگای دێ.

کێیە سەرت دەبڕێ؟

قەساب بەکێردی نوێ.

گۆشتەکەت چ لێ دەکەن؟

دەیکوڵێنن و دەیخۆن.

ئەو قەپۆزە ئەستوورە گەمژەیە، یان بەمنی رادەبوارد یا ئەوەتا چۆن بزمار بەبەرد داناچێ، ئاواش هیچ بە مێشکی ئەودا نەدەچوو. چونکە ڕۆژی دوایی لە بەرامبەر پرسیارەکانی مامۆستادا لاڵ و پاڵ دەبوو.

هەڵبەت باش بوو باوکی واتە کاک «بوکور- بوکورسکو» بە سمێڵە زلەکانییەوە کە بۆ سەر لێوی خوارەوەی شۆڕ بووبوونەوە و گۆنا گۆشتن و پان و سوورەکەی، هەروا دایکی واتە خانمی «سائولینا»- ژنە سەوزە سەر زیندووەکە دەیانزانی من هەموو هەوڵی خۆم بۆ خوێندەوارکردنی نووری چاویان بەکاردێنم و لە هیچ شتێک سڵ ناکەمەوە. هەر لەبەر ئەوەش جارجار لە دڵسۆزییەوە نیو لی یان یەک دوو لی دەنایە لەپی دەستم. ئەوەش بۆ من و کەسانی وەک من خۆی سامانێک بوو. هەندێک جاریش نانە شیرینییەک و چنگێک تۆی خڕنووکیان دەکردە بنی گیرفانم. نانە شیرینییەکە و تۆ خڕنووکەکەم خێرا دەخوارد، بەڵام پارەکەم هەڵدەگرت. بەم چەشنە تا زستان کۆتایی هات، منیش بیست و چەند لییەکم کۆ کردەوە. ئەم مەبلەغە پارە زۆرە پێم وانەبوو لە ماڵی کەس دەست بکەوێ جگە لە دەوڵەمەند و کەشیش و مامۆستا و سەردەفتەرەکانی بەڵگە رەسمییەکان نەبێ.

- داریا، تۆ کە هێندە دەوڵەمەندی. بەم پارەیە دەتوانین بە شەمەنەفەر بچینە کن «گئورکە» کە لە «مورو»ی نێزیک «پلویشت» دەژێت. چەند ساڵە بووەتە کەشیش و ئەم دواییەش هیچ نامەی نایەت. لەوانەیە بەلوتفی خوا

حاڵی باش بوو بێت و پارەک مارەیەکی وەسەر یەک نابێت. داریا، ئەگەر بچینە لای لەوانەیە دڵی پێمان بسووتێت و لەو هەموو پارە زۆرەی، شتێکمان بداتێ، ئەم دواییە حاڵمان زۆر خراپە.

– باشە بابە، بابچین.

ئەم سەفەرە کە لە بەرچاوم زۆر درێژی خایاند، زۆر بەلامەوە خۆش بوو. وام دەزانی ئەم سەفەرەم پڕبێت لە ڕووداوی ئەوتۆ کە تەنانەت لە خەونیشدا نەمدەدیت.

باوکم چووە ئێستگەی شەمەنەفەر و نرخی بلیتی پرسی:

– هەشت لی دەکات بۆ پلویشت.

کاتێک گەڕایەوە، گوتی:

– دەتوانین بچین، نیوە بلیتم بۆ تۆ گرتووە. تا دەگەینە لای برات هەمووی دوازدە لیمان دەوێت. بەڵام جلەکانی تۆ زۆر شەپڕێون لای کەم دەبێ پاڵتۆیەکت بەم پارە بۆ بکڕم.

پێکەوە چووینە ئەوبەر رووبار، چووینە «فیوریکا» کوڕە مامم «نئاگو ناستا» موغازەیەکی جل فرۆشتنی هەیە: برازا پاڵتۆیەکم بۆ کوڕەکەم دەوێت.

چەند پاڵتۆیەکم تاقی کردنەوە تا یەکێکم بە ئەندازەی خۆم دیتەوە.

– نئاگو، ئەمە بە چەندییە؟

– بیست لی، مام تئودورە.

– یەکێکی هەرزانترت نییە؟ وەزعی دارایيم زۆر خراپە.

– بەدی مام تئودورە هەیە.

– چەند هەرزانتر بێ باشترە.

«تئاگور ناستا»ی ئامۆزام چووە پشتیری موغازەکەی و لە قەفەسەکاندا گەڕا و یەک پاڵتۆی بۆری تۆخی لەگەڵ خۆی هێنا.

– وابزانم بە ئەندازەیەتی.

لە بەرم کرد، هێندەش پڕ بەبەرم نەبوو. قۆڵەکانی درێژ بوون و وەک نیر بەسەر ملانمدا شۆڕ بووبووەوە. جگە لەمە، سێ پینەشی بە پشتەوە بوو کە بەچەرخی دروین پڕ کرابووەوە و بەزەحمەت دەکەوتنە بەرچاوان.

– جا ئەوە کۆنیشە.

– نا مام تئودورە کۆن نییە. تەنیا چەند جێی مۆرانە لێی داوە و پڕم کردوونەوە هەر دیاریش نییە، ئەمە بە دە لی دەدەم.

دوای چەند سەعات چەنەلێدان، سەرەنجام بە شەش لی کڕیم.

– ئێستا وەزعمان باشترە، پاڵتۆیەکم بۆت کڕی. جگە لە پارەی بلیتەکان، دوو لیشمان بۆ دەمێنێتەوە. لییەکی دەدەمە داکت بۆ شەمچە و نەوت و ئاو لیمۆ کڕین. لییەکیش هەڵدەگرم بۆ ڕۆژی تەنگانە، لە سەفەری دوور و درێژدا پێویستە هەمیشە پیاو پارەیەکی لە باخەڵدا هەبێت.

– بابە کەنگێ دەکەوینە ڕێ.

– پێم وایە سبەینێ شەو.

تا سبەینێ شەو خەو لە چاوانم فڕی. زستانێکی مزربوو، تەمومژ زیاد و خۆریش ڕەنگ و روو هێندە بچووک کە بەچاو نەدەدیترا، دەتگوت ئەویش لە سەرمان بەتەوقی ئاسمانەوە قەسریوە.

شەو لە ئێستگەی ئومێدا سواری شەمەنەفەر بووین و سبەینێ بەیانی لە «کیتسیلا» دابەزین. باوکم بۆی باس کردم:

– لێرەوە تا بوخاریست دە کیلۆ مەتری ماوە. لە گەڕانەوەدا بەوێ

دادێینەوە بەم بلیتەی ئێستامان ناتوانین بەوێدا بڕۆین. ئێستا دەبێ چاوەڕوانی شەمەنەفەری پلویشت بین تا دێت.

سواری شەمەنەفەری پلویشت بووین. بەدرێژایی ئەو شەوە لە شەمەنەفەردا خەوم لێ نەکەوت. چاوم بڕیبووە ڕێبوارەکان و گوێم بۆ قسەکانیان گرتبوو دووکەڵی توندی تووتنەکانیانم هەڵدەمشت. باوکم هەندێک بۆرژا. لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەم کرد جگە لە تاریکییەکی چڕ هیچی ترم نەدیت. تەنیا لێرە و لەوێ لە ئێستگە دوورەکاندا تیشکی کزی فانووسە گازییەکانم دەدیت. لە ئێستگەکانیشدا هەندێک جار سێبەری خەڵکەکانم دەدیت بەڵام دیمەنیان نا. خۆ ئەگەر دەموچاوی یەکێکت نەدیت هەروەک نەتدیتبێ وایە. لای بەرەبەیانی، کەم کەم دەشتی بە بەفر داپۆشراوم دەدیت. لەوە خۆشحاڵ بووم کە لە پشت پەردەی ناسکی تەمەوە ئاواییەکانم دەدیت دوور و پەرت و بڵاو بوون. دەمزانی دنیا گەورەیە، بەڵام پاش ئەو سەفەرە زانیم دنیا زۆر لەوە گەورەترە کە من بیری لێ دەکەمەوە.

با لە هەموو لایەکەوە دەهات، لە ئێستگەکەدا سەعاتێک زیاتر ماینەوە. حەشاماتێک بوو، ڕێبوارەکان لە سەرمان ڕێک هاتبوون. سەربازەکان بەسەبر و غەمگینی لەسەر جانتاکانیان دانیشتبوون. سەرەنجام شەمەنەفەر گەیشت و سوار بووین. بەزەحمەت شوێنم بۆ خۆم پێ کرایەوە. ئەگەر وەک خەڵکی تر باروبنەگەمان پێبا، دۆخە بوو، بەڵام ئێمە سووک و دەست بەتاڵ بەڕێ کەوتبووین.

لە ئێستگەی پلویشت حەزم دەکرد هەندێک پیراشکی بخۆم، کوڕێکی بەقەد من سینییەکی بەگەردنیەوە کردبوو هاواری دەکرد:

– پیراشکی، پیراشکی گەرم.

باوکم فکری منی خوێندبووەوە.

- دڵم نایە پارەکە وردکەمەوە. لەوانەیە کە گوندەکەی کاکت لێی دەژیت لێرەوە دووربێت و پێویستمان بە کالیسکە یان سورتمەیەک هەبێت. ئەگەر وانەکەین دەبی ڕێگەکە پیادە ببڕین.

- نا بابە لییەکیش خەرج مەکە. من پیراشکیم پێ خۆش نییە.

دوای سێ- چوار ئێستگە کە لە پلویشت تێپەڕین، لە سەکۆی ئێستگەیەکی بچووک لە شەمەنەفەر دابەزین. لەم ئێستگە سەر دانەپۆشراوەی دۆڵی «پیراهوفا»، بای زستانی تیژتر و بەگەڕتر بوو،

- داریا هەوا ساردە خۆ سەرمات نییە؟

- نا بابە.

- پاڵتۆکەی ئامۆزات گەرمە؟

- بەڵێ بابە.

- لەلای بەرەوەی ئێستگە، کۆنە گالیسکەیەک لە دوو ئەسپێکی پیر و کەترەک خسترابوو، چاوەڕێی کرێیان دەکرد، پیرەمێردێکی خرپنەی قوندیلەش لە تەنیشتی وەستابوو، لە سەرمان هەر دەستی لێک دەماڵین.

- کاکە، دەتوانی بمانگەیەنیتە «مورو»؟

- ئەدی بۆچی لێرە وەستاوم.

- کرێی دەکاتە چەند؟

- یەک لی.

هەردووکمان لەناو کالیسکە شڕەکە و لە تەنیشت کالیسکەچی دانیشتین. ڕێگەمان بەبیابانێکی بەفر داگرتوودا دەڕۆیشت. بەفر بەرەو توانەوە بوو. ئەسپەکان بەزەحمەت قاچیان هەڵدێنا.

- لە «مورو» دەچنە کن کێ؟

باوکم گوپەکانی خۆی فوودان و گوتی:

– دەچینە لای ماڵی کوڕم باوکە گئورگە.

– کەشیش کوڕی تۆیە؟

– ئەدی.

هەستم کرد باوکم لە خۆشحاڵییان لە پێستی خۆیدا ناگونجێت. کابرا سەیرێکی سەر و پۆتەڵاک و جلوبەرگمانی کرد و سەری خۆی راوەشاند:

– دوور نییە.

– تۆ بەماڵی کەشیش گئورگە دەزانی؟

– پەحای، من خۆم خەڵکی «موروم». ماڵی کەشیش کۆڵانەیەک لە ماڵی ئێمە ئەولاترە. کوڕەکەت هەواڵێکی خۆشی بۆتان هەیە...

نە ئێمە لێمان پرسی و نە ئەویش سووربوو لەسەر ئەوەی پێمان بڵێ چ هەواڵێکی خۆش لە ماڵی برام چاوەڕێمان دەکات.

لای نیوەڕۆ گەیشتینە جێ. گوندەکە کەوتبووە ناو دەشتێکی هەموار، راست وەک گوندەکانی لای خۆمان. هەمان کۆڵانی خوار و خێچ و پیس، هەمان قادرمەی رزیو و شکاو هەڵپەسێردراوی هەمان خانووی زنجی و چواردەور بەدرەختی ئاقاقیانی بەرز، دروست وەک هەموو گوندێکی ناو دەشت.

لە دوورەوە چەند دووکەڵ لە خوارەوەی دۆڵێکی پڕ هەوراز و نشێودا دەبینرا.

– داریا، لە هۆ وێندەر ئەو دەکەلانە دەبینی. بەوانە نەوت لە قووڵایی زەوی دەردەکێشن.

سەرم سوڕما کاتێک بینیم خەڵکی ئەم ناوچە بەنەوتە هێندە هەژار و

نەدارن. لە شێوەی خانوو سەر و سیمایی ئەو چەند کەسەی لە قەراغ جادەکە وەستابوون، هەژاری دەدیترا. قسەی پیرەمێردەکە سەر سوڕمانی منی براند:

– ئەگەر لێرە ماوەیەک لە کن کەشیشی ئێمە بمێننەوە، لەوانەیە لە زۆر شتان سەرتان سوڕمێنێ. گەیشتین. ئەمە ماڵی باوکە گئورکەیە.

گالیسکە لە بەردەرگە وەستا. بەناو دەرگە بوو، دەرگەیەکی لێک هەڵوەشاوەی چەپ و چوێڕ لەسەر گازی پشت کرابووەوە. لەوسەری حەوشەکە خانوویەک دیاربوو کە هەیوانێکی درێژی بە تەنەکەی ژەنگاوی بەچوار ئەستوندەی دارەوە لێک پێچرابوو، دوو پەنجەرەش بەلای دەرگەی خانووەکە هەبوون، حەوش چۆڵ بوو. لە گالیسکە دابەزین باوکم باخەڵەکانی خۆی بەدوای یەک لییەکەدا دەگەڕا:

– فەرموو ئەمەش یەک لی مەمنوونتم.

کابرا سکەکەی وەرگرت و لە چاوانی نێزیک خستەوە تەماشای کرد. ژێر و رووی کرد و لە پڕێکا راچەنی:

– هۆی کاکە، راوەستە. تۆ سکەیەکی بولگاریت داومێ.

– چی؟ بولگاری؟

– ها خۆت سەیری بکە. ئەوە پارەی خۆمان نییە، لەم ناوە کەس لێم وەرناگرێت.

– چۆن، پارەی خۆمان نییە؟

– نا بولگارییە. فەرموو سەیری شایەکەی بکە. لووتی درێژە. شای خۆمان لووتی کورتترە. ریشیشی هەیە، ئەم لووت زلە شای بولگارییەکانە. راستە ئەمەش وەک شایەکەی خۆمان ئەڵمانییە، بەڵام شای ئێمە نییە... پارەی ئەم لووت زلە کەس لێرە وەری ناگرێت. پارەی بولگاری بە چ کەڵکی من دێت؟

ها؟ ئەوەی ئەم سکەیەی داویتێ جوان خەنەی لە سەرت ناوە. هانێ بیگرە. با بۆ خۆت بێ یەکێکی ترم بدەرێ.

– راوەستە هەر ئێستا.

باوکم برۆی تێک نان. بۆ من و بۆ باوکیشم ناخۆش بوو دوای ئەم هەموو ساڵە برامان نەدیوە، بێینە دیدەنی و ئێستا تۆزی ڕێگەمان نەنیشتووەتەوە داوای لێ بکەین: بابم یەک لیمان بدێ تا بیدەینە کرێی ئەو گالیسکەی ئێمەی لە ئێستگەوە هێناوەتە ئێرە. ئەویش بەو هۆیەی دار و نەدارمان تاکە سکەیەکە هیچ کەس وەری ناگرێت.

پیرەمێرد لەزینی گالیسکەکەی هاتە خوار، دیار بوو ئەو باش دەیزانی وەزعەکە چۆنە. پارچە پەڕۆیەکی دەرهێنا و کەوتە رنەک کردنی ئەسپە پیرەکانی، کە هەڵمیان لێ هەڵدەستا. چووینە ژوورێ، دەرگە خۆی کرابووەوە، لە هەیوانەکەدا ژنێک لەسەر سێ پایەک دانیشتبوو لە تەشتێکدا خەریکی جل شۆرین بوو.

– ئێرە ماڵی کەشیش گئورکەیە؟

ژنەکە بێ ئەوەی سەری هەڵێنێ، بەڕوویەکی ترشەوە وەڵامی دایەوە:

– ئێرەیە.

– خۆی لە ماڵە؟

– نا، لە ماڵ نییە بۆ پاک شۆرین (غسل تعمید) چووەتە کڵێسا.

– ژنەکەی خۆ لەماڵە.

– لە ماڵە، بۆ چیتە؟

ژنی تاین رازی نەبوو بەلاچاوێکیش تەماشامان بکات. دەنگی سارد و بەڕق بوو. سەرەنجام باوکم تەقییەوە:

– تەماشای کە... باوکە گێورکە، کوڕی منە...

تازە ئەو کات ژنی تاین بەنیوە نیگایەک سەرفەرازی کردین:

– ئاوها.

– ئەدی. باوکە گێورکە کوڕی منە.

– باشە... بۆ من بەری دەستی خۆم بۆن کردبوو؟

ژنەکە دووبارە داهاتەوە سەر تەشتەکە و بەڕوو ترشییەکی زیاترەوە کەوتەوە هەڵگلۆفینی پەڕۆکان و بە سابوونێکی سەوز دەیشوشتن.

– چییە هاتووی ملی ببڕیتەوە؟

– هاتووم بیبینم.

– باشە، بڕۆ ژوور بۆ لای خێزانەکەی...

دەرگەمان کردەوە و چووینە ژووری، ژنێکی پرچ درێژی گەنمڕەنگی دەموچاو سپی وەک کاغەز، لەسەر تەختێکی ئاسن درێژ بووبوو.

پەتۆیەکیان لەسەر تەختەکە راخستبوو، مەلۆتکەیەک لە تەنیشت ژنەکە نووستبوو. لە کونجەکەی تری ژووردا منداڵێکی گەورەتر لەناو تەشتێکدا خەوتبوو.

– ڕۆژباش ماریوئارا.

– ڕۆژباش.

باوکم کڵاوەکەی داگرتبوو قەراغەکانی لە دەستدا دەگوشی. دەتگوت نەیدەزانی چۆن قسەکانی دەست پێ بکات.

– ئێمە هاتووینە دیدەنی گێورکە. هاتووین تۆش ببینین.

ئەوکات ژنەکە تەماشای سیمای باوکمی کرد:

- تۆ باوکی مێردەکەمی؟

- بەڵێ.

- ئەوەش دارییایە، وە نییە؟

منیش بەخۆشحاڵییەوە و لەوەی خێزانی جوانی براکەم لەم دنیا دڕندەیەدا ئاگای لە منە، وەڵامم دایەوە:

- بەڵێ.

- فەرموون دانیشن. لە هەر شوێنەی دەتانەوێ فەرموون دانیشن. ئێستاش گئورکە دێتەوە. لەوسەری ئاوایی دەڵێن منداڵێک لە دایک بووە و لەم شەویش زیاتر ناژیت. مامانەکەی هات گئورکەی بردە کڵێسا تاکو منداڵەکە پاک بشوات.

- وەک بڵێی دووبارە منداڵت بووە؟

پار نامەیەک لە کاکمەوە هاتبوو تیای نووسیبوو منداڵێکیان بووە.

- بەڵێ پێرێ کچێکم بوو.

ئێمە بەدوای جێگەیەک بۆ دانیشتن دەگەڕاین، براژنیشم خۆی کۆکردەوە و لاقی هەڵکێشانەوە و جێی دانیشتنی ئێمەی لەسەر لێوی تەختەکە کردەوە. من دانیشتم بەڵام باوکم هەر بەپێوە وەستابوو.

- پاڵتۆکانتان دەربێنن.

من پاڵتۆکەی خۆم دەرهێنا، فەرەجییەکم لە ژێرەوەی لە بە رکردبوو سەر شانەکانی دڕابوون. باوکم پەستەکە درێژەکەی دەرنەهێنا. تەنیا کراسێکی لەبن لە بەر کردبوو.

کەفی ژوورەکەیان خۆڵ بوو. سۆبەیەکیان تیا هەڵکردبوو. شیشەی پەنجەرەکان هەڵمیان گرتبوو، دەرەوە نەدەبینرا. شڵپە شڵپی ئاو و بۆڵە

بۆڵی ژنە پشت چەماوەکە لە هەیوان دەهات- وەک بڵێی جنێوی دەدا، لەوانەشە من وای تێگەیشتبم. هەندێ جار ژنان وەک ورچ بەبێ هیچ بەڵگەیەک دەبۆڵێنن.

- چەند ڕۆژە دایکم هاتووەتە ئێرە یارمەتیم بدات و بن باڵم بگرێت. بەخێوکردنی دوو منداڵ دوای منداڵبوون کارێکی سەختە. تا چەند ڕۆژ پێش ئێستا کچێک کاری بۆ دەکردین ئەویش باوک و دایکی هاتنە دوای بردیانە ماڵی ئاغایەکی دەوڵەمەند لە پلویشت ئێستاش تا منداڵەکەم بەسەرخۆی دەکەوێت سێ- چوار هەفتە ئیجازەم وەرگرتووە.

چاوە خەندەدارەکانی لەناو چەهرە جوانەکەیدا وەک پرشنگی سپی مانگ دەدرەوشانەوە. بەم تەمەنە کەمەی دوو منداڵی بووە، هەر لە ئێستاوە لە سەر و گوێی زیادن.

گوێم لە خشپەی پێی یەکێک بوو لە بەردەرگە قوڕی پێڵاوەکانی پاک دەکردەوە. پێش ئەوەی بێتە ژوور، دەمزانی کاکمە. دواجار کە دیتم، تەمەنی بیست ساڵ و زۆریش قۆز بوو، لەو کاتەوە تا ئێستا ماوەیەکی زۆرە بەڵام دیمەنیم هەر لە بەرچاو ماوە. هەر کە هاتە ژوورەوە غاری دا و لە باوەشی گرتین و ماچی کردین. باڵابەرز بوو. ڕەدایەکی درێژی چنراوی لە بەردابوو، لە ریشە درێژەکەی ئەم پیاوە جحێڵەدا چەند تاڵە موویەکی سپی دیاربوون. ڕەنگی چەهرەی داپەڕیبوو. کڵاوەکەی سەری داگرت، دیتم سەریشی رووەو سپی بوونە، لەوەوە گومانم لا نەما کە کاکم لەم ئیشەی نەک هەر سامانێکی بۆ وەسەریەک نەندراوە بگرە بەزەحمەت دەتوانێ لە ڕۆژێ بۆ ڕۆژێ بژیت. هەڵبەت گومانم لەوەشدا هەبوو.

- گئورکە دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم...

باوکم بانگی کردە دەرەوە. ئینجا کاکم هاتەوە ژوورێ و لە سەرخۆ شتێکی بەگوێی ژنەکەیدا چرپاند. هەر کە وەڵامی ژنەکەی بیست، سەری ڕاوەشاند و

چووە دەرەوە بەکابرای گالیسکەچی کە هەر لە بەردەرگە بوو گوت:

– سبەینێ بۆ کرێیەکەت وەرەوە، دەتدەمێ.

– کەرە مـەمرە بەهـارە... بابم لە کوێی دێنێ؟ تۆ خۆت نـانی وشکت نیـیە بیخۆیت.

کابرای گالیسکەچی بەتوورەیی قسـەی دەکرد. قسەکانیم گوێ لێ بوو دڵم گیرا...

بە دامـاوی، دوو ڕۆژ میـوانی کـاکم بووین، هـەر کـە کـاکم بـابمی دەبردە بارەگەی ناحیە تاکو بە خەڵکی بناسێنێ، یان بەدوای کارێکی تردا دەچوون خەسووەکەی بەبێ ڕووگرتنەوە لێک لێک دەیبۆڵاند:

– باوکی هاتووە و بـووەتە سـەربـاری، هاتووە ملـی ببـڕێتـەوە. پارەی لێ دەوێت.

– بەسیەتی دایە، زمانت ڕاگرە.

– ماریوئارا چۆن دەتوانم قسـە نەکەم؟ هاتووە پارە بەرێ. لە جێی ئەوەی بۆی بێنێ، هاتووە سواڵی لێ بکات. دێهاتی هەموویان هەروان.

– توخوا دایە بەسیەتی. بێدەنگ بە! ناڵێی ئەم کوڕە گوێی لێ دەبێ.

– بۆیە دەڵێم تا گوێی لێ بێت. هەر بۆیە وا دەڵێم... تێ دەگەی یان نا؟

– گوێم لێیە پووڕێ گیان. تێدەگەم. خۆ لۆکەم لە گوێیان ناخنیوە.

– جگە لەوەی کراسێکت نییە لەبەری بکەیت، هاتوویت بوویتە سـەرباری براشت، کە ئاهی نییە- بێ ئەدەبیشی.

– خـاتر جـەمبـە ئـامۆژن، بۆی دەگێڕمـەوە، قسـەکانتی هـەموو پێ دەڵێم. بەڵێ بۆی دەگێڕمەوە، پێوەشی زیاد دەکەم و بۆی دەگێڕمەوە.

– داریا؟!

– کاتێک گازم لێ دەگرێ...

– نەبوونی کوشتوویەتی. لە وەتای باوکم مردووە، پێنج منداڵی قوتابی بەسەردا بەجێ ماون.

کەشیش «رادو» کە ئەم دواییە مردووە و براژنم هێندە باسی دەکرد، لە چوارچێوەیەکی داردا لە تەنیشت وێنەی «دایکی پیرۆز» زەردەخەنە بەلێو بەدیواردا هەڵواسراوە: ریشی سوور بوو، وەنییە؟

– ریشی سوور بوو ئەگەر ریشی سوور نەبایە مێردم پێ نەدەکرد. من عاشقی ریشی بووبووم. واباش بوو مێرد بەکەشیش «ئەیلیە»ی خەڵکی «ئورلاتی» بکەم، چونکە ئەو ئێستاش هەر ماوە و نەمردووە و ریشە رەشەکەی شانە دەکا وەک مێردە بەختەوەرەکەی من هیچ پەلە لە مردن ناکا.

– دایە!

– چییە؟ مەگەر درۆ دەکەم؟ مەگەر کەشیش «ئەیلیە» ئێستاش هەر نەماوە؟ زیندوو نییە؟ ریشێکی رەشی نییە؟ هەیەتی، ئەدی دەڵێی چی؟

لە قاقای پێکەنینم دا. پیرەژنیش خەندەیەکی هاتێ. بەو هەموو زمان درێژییەی، پێم وانەبوو ژنێکی خراپ بێت. دوای مردنی مێردەکەی، هەژاری و نەداری زۆری فشاری بۆ هێناوە. دەبوو پێنج– شەش منداڵ بەخێو بکات و بیان نێرێتە قوتابخانە. ئەمە لە خۆیدا بۆ ژنان کارێکی قورسە.

کاکم لەلای باوکم دەردی دڵی دەکرد:

– بابە ژیان بەزەحمەتە. هەر چۆنی لێی ورد دەبییەوە هەر سەختە. ئاخر چۆن بە چل لی دەکرێ مانگێک بەرێتە سەر؟ مانگی چل لی. هەر ئەوەندەم دەدەنێ ژنیشم چل لی وەردەگرێت. منداڵیش هێشتا یەکێک تەواو نەبووە سەروکەللەی یەکێکی تر پەیدا بووە. دەبێ یارمەتی خەسووشم بدەم، خەڵکی

فەقیریش لە گوندی زۆرن. زۆر جاران هەر لەم پارە نەمر نەژینە دەدەمە ئەم و ئەویش، خەڵک دەزانن مووچەیەکی بەردەوامت هەیە و جلوبەرگیشت پاکوخاوێنن، ژنەکەش هەر جلوبەرگی نوێ دەپۆشێت. جا بۆیە وا دەزانن دەوڵەمەندی. خۆ لە راستیدا من لەم خەڵکە پارەم زیاترە دەبینی ژنێک یان پیاوێک لەسەر رێگەت قیت دەبیتەوە و دەڵێ: «باوکە بەقەرز (١٠) لیم بدەرێ». هەتبێ یان نەتبێ دەبێ بۆی پەیدابکەی و بیدەیتێ، یەکێکی تر دێ و دەڵێ: «باوکە هێلـەگە ئاردێکمان بەقەرز بدەنێ» هەتبێ یان نەتبێ دەبێ بیدەیتێ. باوەڕیشت پێ ناکەن کە نیتە. ئا بەم چەشنە دەبێ چەپ و راست بەم خەڵکە ببەخشیت. بەدەستێک وەردەگری دەبی بەدوو دەست بیدەیتەوە.

– ئەم خەڵکە بۆ ناچن لەو دەکەلە نەوتییانە ئیش بکەن؟ خۆ نێزیکە.

– هەندێک دەچن و کاریش دەکەن.

– چاکە ئەدی پارەیان نادەنێ.

– پارەی چی؟ پارە دەرژێتە باخەڵی ئاغاکان. هەندێک جاران هەند دەهری دەبم خەریکە نەفرین لەو رۆژە بکەم کە بۆ یەکەم جار چوومە دەرس خوێندن، لەوانەیە ئەگەر خوێندەوار نەبام، بەختەوەرتر بام...

لەسەر سفرەی کاکم چەندین کەس دادەنیشن و دەخۆن. نان خواردنیش حیساب و کتابی خۆی هەیە. ئێمە بەشەرمەوە دەست بۆ سەر سفرە دەبەین. دەڵێی گۆشتی لەشی ئەو دەخۆین.

– بابە، وەختیەتی بەڕێکەوین.

– بە چی داریا؟ بەبێ بلیت ناکرێ سواری شەمەنەفەر بین...

کاکم پاش ماوەیەک سەگ بەحەساری- دیارنەبوو لای کێ- سەرەنجام پارەی شەمەنەفەری ئێمەی پەیدا کرد و بەهەمان گالیسکەی هاتبووین، گەڕاینەوە ئێستگەی شەمەنەفەر. ماڵئاواییمان کرد، دیار نەبوو پاش چەند

ساڵی تر دووباره یەکتر دەبینینەوە.

گەیشتینە «ئێستگەی سەرووی» بوخاریست. تا شەمەنەفەری دوایی دەکەوتە ڕێ، زیاتر لە سەعاتێکمان مابوو.

– هۆی داریا، وەرە بچین شارت نیشان بدەم.

لە ئێستگە هاتینە دەر و دووسەد– سێسەد مەترێک لە شەقامی «گریفیستی» پیاسەمان کرد، هەوا تەمومژاوی و زەوی پڕ لە قوڕ و چڵپاو بوو. خەڵک لە شەقامەکانیدا بەخێرا دەهاتن و دەچوون. هەرچەند هێشتا نیوەڕۆ نەبووبوو، بەڵام لە چەند مەیخانەیەکی تەنگ و باریک کە پەنجەرەکانیان هەڵم دای گرتبوون، گرم و هۆڕی هەڵپەڕین بەرز بووەوە.

– لێرە خەڵک وەخت و ناوەخت لە جەژنەواردان.

– ئەوانە سەرخۆشن، تەماشایان مەکە داریا. لەوانەیە هەندێکیان لە ئێمەش چارەڕەشتر بن.

تاقمێک ژن و پیاو و منداڵی پێخواس و رووت و قووت لە تەنیشت سۆبەیەکی بچووک و دووکەڵاوی خڕبووبوونەوە.

ژنێک خۆی لە جلە شڕاندا پێچابووەوە و لێک لێک چەقەنەی لێ دەدا و بە هەموو قووەتی خۆی بانگی دەکرد:

– بەڕوو، بەڕووی برژاو. بەڕوو.

کەس هیچی لێ نەدەکڕی.

– داریا زووبە با بگەڕێینەوە ئێستگە. لەوانەیە شەمەنەفەر بەڕێ بکەوێ و بەجێمان بێڵێ...

گەڕاینەوە ئێستگە.

***

ئەمە هەموو هزر و بیرەوەرییەکانی منە لە یەکەمین دیداری بزبزۆکانەم بۆ ناو شاری بوخاریست. بەڵام بوخاریست هەر ئەوەندە نەبوو.

لە زەینی مندا ئەم شارە- کە حەودالّی ناسینی بووم- شارێکی سەرسوڕهێن و ئەفسانەیی پڕ لە راز بوو.

سبەینێ هاوکات لەگەڵ گڕگرتنی خۆری هاوین، منیش پێ دەنێمە ناو شار. هەر لە ئێستاوە بانگێک لە گوێمدا دەنگ دەداتەوە و بۆ لای خۆی هانم دەدا و رام دەکێشێت:

– وەرە داریا، وەرە و تەماشای ئەم قەڵا رازاوەیە بکە...

لە نێزیکەوەش خشپەی پێی دەورییەکانی سوپای ئەڵمانیم گوێ لێیە.

***